شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر
ژمارەی تەلەفۆن: ۲۲۳۲۰۲۱
سندووقی پۆستە ژمارە: ۱

د. موكەڕەم تاڵەبانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری

ناوی کتێب: شێخ ڕەزای تاڵەبانی "ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری"
کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: د. موکەڕەم تاڵەبانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: ئەمیر داوود- دلاوەر صادق ئەمین- ڕەهیڵ ڕەشید
هەڵەگری: ئەحمەد تاقانە - شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٠٤)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ



وێنەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
د. موکەڕەم تاڵەبانی کێشاویەتی

شیعری کوردی

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە، بێ موبالەغە، حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عاریەت کورتە زینهار
ئالۆودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ

شێخ ڕەزا

پێشەکی

لە ساڵی ١٩٤٦، بۆ یەکەم جار، لە یانەی مەئمووران لە کەرکووک، ئێوارەیەک لەگەڵ نووسەر و ئەدیبی کوردی ناسراو شێخ محەمەدی خاڵ یەکمان گرت. لە کاتی گفتوگۆدا باسی شێخ ڕەزا کرا. شێخ محەمەد پێی وتم؛ ئەرکی کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا دەکەوێتە ئەستووی تۆ. من ئەمەم لەخۆمدا ڕانەدەبینی، چونکە وام دەزانی ئەوەی ڕێگای خەباتی سیاسی بگرێت، نابێت خۆی بە ئەدەب و شیعرەوە خەریک بکات. هەروا، ئەو شیعرە هەڵماڵراوەکانی شێخ ڕەزا کە بەسەر زوبانی خەلقەوە بوون، لەگەڵ بیروباوەڕی مندا نەدەگونجان و سیاسی دەبێت وەک وشکە سۆفی بێت و سیاسی بۆ سیاسەت و ئەدیب بۆ ئەدەب بێت و یەگرتنی سیاسەت و ئەدەب وەکوو دوو کاڵەک بەدەستێک هەڵگرتن وایە، لەبەرئەوە گفتی ئەوەم نەدایێ کە ئەو ئەرکە بخەمە ئەستووم و کەوتە ئەستووی ئەو.

شێخ محەمەد قۆڵی پیاوانەی لێ هەڵماڵی و لەو بابەتە تەقەلایەکی زۆری دا بەڵام مەرگ ماوەی ئەوەی نەدا ئەو هەموو گەنجینەیەی شێخ ڕەزا لە دەستی فەوتان ڕزگار بکات و بیخاتە بەردەستی ڕۆشنبیرانی کورد و لە پاش کۆچی دوایی ئەو، کەس ئەو ئاڵایەی هەڵنەگرد و ئەو ئەرکەی نەخستە ئەستووی خۆی و منیش ئەوەی بە بیرما نەهاتبێ ئەوە بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەک دوو ساڵ لەدوا ساڵانی ژیانم تەرخان بکەم بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا.

ساڵی ١٩٩٢ شیعرێکی شێخ ڕەزام دەخوێندەوە کە گلەیی لە شێخ غەفووری مامی دەکات و دەڵێت:

چورسا لەبەرم جوببە و فیسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام و نە جوببەی لەبەرم کرد

ویستم وێنەیەکی شێخ ڕەزا بە فێس و جوببەوە دروست بکەم و گەلێک پێوە خەریک بووم. من شێخ ڕەزام نەبینیوە، بەڵام ڕابیعە خانمی کچی و شێخ عەبدوڵڵای کوڕی و هەندێک لە کوڕ و کچەزاکانیم دیبوو. لە خەیاڵ و لەسەر شێوەی ئەواندا ئەو وێنەیەم دروست کرد، بەڵام لە پاشا بیرم کردەوە کە کەس شێخ ڕەزای بە فێسەوە نەبینیوە و بە دەسکارییەک، فێسەکەیم بە مێزەر داپۆشی، کە بەرگی ئاسایی شێخ ڕەزا بوو.

لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕەنگیندا ئەو وێنەیە و هەندێ لە شیعرە سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکانی شێخ ڕەزام بڵاوکردەوە. ئەو داوایەی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵم بیر کەوتەوە. بەیارمەتیی برایان و مامۆستایانی بەڕێز لە دیوانە چاپ کراوەکانی شێخ ڕەزا و لە کتێبە دەسنووسەکانی هەوادارانی شێخ لەوانە، کتێبە دەسنووسەکەی بەهائەددین ئەفەندیی کەرکووک و شێخی ئالوسی کە لە مۆزەخانەی بەغدادایە و لە دەسنووسەکانی شێخانی بیارە، بەهۆی مامۆستا جەمیلی ڕۆژبەیانی و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییەوە گەلێک شیعری نایابی شێخ ڕەزا دۆزرایەوە. هەر کە زانرا من خەریکی کۆکردنەوەی ئەو شیعرانەم لە هەموو لایەکەوە برایانی بەڕێز یارمەتیان دام و گەلێک شتی نایابیان بۆ ناردم و لەم کتێبە تۆمار کران.

لە ڕاستیدا، ئەم بەرهەمە کە دەیخەمە بەردەستی خوێندەواران، تەنها بەرهەمی من نییە، بەڵکو بەرهەمی دەسەوایەکە هەموو ئەو بەڕێزانە مافی ئەوەیان هەیە بڵێن بەرهەمی هەمووانە. قەد لە منەتی مامۆستا جەمیلی ڕۆژبەیانی دەرناچم کە لەمن پتر تەقەلای دۆزینەوەی شیعرە ون بووەکانی شێخ ڕەزا دەدا و سەراتاپا بە نووسینەکانمدا دەهاتەوە و هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردمەوە. کاک محەمەدی مەلا عەبدولکەریم وەرگێڕانی شیعرە فارسییەکانی بە کوردی خستە ئەستووی خۆی و زۆری پێوە ماندوو بوو و جێی سوپاسمانە. لەوانەی یارمەتییان دام، مامە شێخ عارف شێخ فاتحی تاڵەبانی، کە ئینسکلوپیدیای ڕووداوەکانی شاری کەرکووک و بە تایبەتی گەڕەکی بەرتەکییە و زۆربەی ئەو ڕووداوانەی بۆ ڕوون کردمەوە، سوپاسی بێ پایانم بۆ هەمووان.

ئەوەی شێخ محەمەدی خاڵ دەستی پێ کردبوو لە وزەی مندا نەبوو. بەڵام وەکو دەڵێن "هەرکەسە ڕۆڵەی زەمانەی خۆیەتی" لەبەر ئەوەی زۆر پێویست بوو ئەوە بزانرێت کە شێخ ڕەزا ئەو شیعرانەی بۆ چ وتووە و لە چ کاتێکدا وتوویەتی ئێمە ئەم ئەرکەمان خستە ئەستووی خۆمان و ئەم کارەش کارێکی ئاسان نەبوو بەڵام وەکو دەڵێن: بە مەنزڵ گەیشتن لە یەکەم هەنگاوەوە دەس پێ ئەکات.

شێخ ڕەزا بە چوار زوبان شیعری وتووە، زۆربەیان بە کوردی و فارسی و تورکییە. خوێندەوارانی ئێستا زوبانی کوردی و عەرەبی دەزانن و شارەزایییەکی ئەوتۆیان لە زوبانی فارسی و تورکیدا نییە، شیعرە نایابەکانی شێخ ڕەزایش زۆربەیان بەم دوو زوبانەن، ئەمە دەبووە هۆی بێبەش بوونیان لەو شیعرە نایابانە. بە وەرگێڕانی شیعر لە زوبانێکەوە بۆ زوبانێک، ئەو ڕەونەقەی کە شاعیر پێی داوە نامێنێت. بەڵام بلیمەتیی شێخ ڕەزا تەنها

له هۆنینەوەی ئەو لەفزە مرواریییانەدا نەبوو، شێخ ڕەزا پیاوێکی بیرکراوە و لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە شارەزا و ڕەخنەی لە هەموو کەموکورتیی ئەو بارودۆخە دەگرت، لەبەرئەوە ، هەر هیچ نەبێت، دەبوایێ ئەو بیروباوەڕانەی بخرێنە بەرچاوی ڕۆشنبیرانی کورد کە بزانن شێخ ڕەزا بە بێ ترس و پەروا چ جۆرە رەخنەی لە کەموکورتی و چەوت و چێڵیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرتووە. لەبەرئەوە ئێمە؛ نە ڕێگای دابەش کردنی شیعرەکانی بە پێی زوبان کە کرابووە سێ دیوان بە سێ زوبان لە بەرگێکدا و نەیش شیعرەکانی بە پێی قافیە و پیتی ئەبجەدیمان نەگرت، بەڵکو بە جۆرێکی تر کە بۆ خوێندەواران، دۆزینەوەی شیعرەکانی، ئاسانتر بێت وا ڕێک خران. بۆ نموونە: ئەو شیعرانەی کە لەگەڵ میرانی بەبە و یان میرانی جاف یان ئەمین فەیزی، بە هەر زوبانێک بووبێت لە یەک خانەدا تۆمارکران.

شێخ ڕەزا زۆربەی ژیانی لە کەرکووک و بەغدا بردەسەر، لە هاتوچۆی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، ئەستەمولدا پێوەندیی لەگەڵ گەلێک لە پیاوانی سیاسی و ئەدیبی کورد و تورک و عەرەب پەیدا کردبوو، لەو سەردەمەدا کوردستان لە نێوان دوو دەوڵەت، ئێران و عوسمانلی دابەش کرابوو. خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد لە هاتوچۆی سەرانسەری کوردستان سنووری سیاسییان بۆ نەبوو، و بە ناچاری پێوەندییان لەگەڵ هەردوو حکومەتدا پەیدا دەکرد، لەبەرئەوە ، وەکو شێخ ڕەزا ساڵانی ژیانی بەسەر ئەو وولاتانەدا دابەش کردبوو، ئێمەیش، بەپێی ئەوە، دیوانەکەمان، وەکو ژیانی، بەسەر ئەو شار و ولاتانە دابەش کرد. بۆ ئەوەی لەسەر هەمان زنجیرەی مێژووییدا بڕۆین، وەکو دەرئەکەوێت، لە یەکەم پلەی ژیانی لە کەرکووک بوو و لەو کاتەدا کاتی عەشیرەت ئارایی بوو، بەڵام کە هاتە بەغدا لێرەدا پێوەندی لەگەڵ گەلێک لە بنەماڵە ناسراوەکان و ڕۆشنبیران و کاربەدەستانی حکومەت پەیدا کرد و وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەبدا دەدرەوشایەوە. سەرەڕای ئەمانەیش، شێخ ڕەزا دەربایەک نەبوو مەلەوانیی تێدا نەکات و بەرهەمی هونەری ئەوەندە زۆر و ئەوەندە لقوپۆی هەبوو، لەو خانانەدا جێیان نەدەبووەوە، بە ناچاری، بەپێی مەوزووعی شیعرەکان، وەکو مەدح، هەجو و ستایش و گاڵتە و گەپ... هتد، بەش بەش کرانەوە بۆ ئەوەی، بەپێی فەهرەست، بە ئاسانی بدۆزرێنەوە.

شێخ ڕەزا لە بنەماڵەیەکی کوردە و بنەماڵەی تاڵەبانی دەگەڕێتەوە سەر ئێڵی زەنگنەی کورد. هەر لە سەردەمی مەلا مەحموودی زەنگنەوە، دێی (ڕەمەزان مامکە) بەجێ دێڵێت

و بۆ ئیرشادی ئایینی لەسەر ڕێبازی قادری دێتە ناوچەی سووورداش و لە پاشان بنەماڵەی لە دێی (تاڵەبان) و لەوێشەوە دێنە شاری کەرکووک. لەو بنەماڵەدا هەر تەنها شێخ ڕەزا شاعیر نەبووە، بەڵکو چەند شاعیرێکی ناسراویان تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی و شێخ قادری برای کە نازناوی (فائز)ە و شێخ محەمەدی کوڕی کە نازناوی (خالصی)یە، بە زوبانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی شیعری نایابیان هەیە.

شێخ ڕەزا؛ نەک تەنها شیعرە فارسی و تورکییەکانی پێویستی بە شەرح کردن و لێکۆڵینەوە هەن، بەڵکو شیعرە کوردییەکانیشی ئەوەندە قووڵ و پڕ مانان پێویستییان بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆرە، ئەوەیش ئەرکی نووسەر و ئەدیبەکانی کوردە.

شێخ ڕەزا بە شاعیرێکی هەجوکەر ناسراوە. لە شیعرەکانیدا ناوی گەلێک لە ئێلان و پیاوە ناسراوەکان هاتووە. گەلێکیان هەجوێکی توند و تیژ کراون. هەندێ لەوانە شاعیر بوون و توانیویانە بەرەنگاری شێخ ڕەزا بێن و ئەوانیش هەجوی ئەویان کردووە، بە پێی دەسکەوتنمان لەگەڵ هەجوەکانی شێخ ڕەزا هەجوەکانی ئەوانیشمان بڵاوکردەوە. لەمە و پێشیش، ئەو بەڕێزانەی کە بەر پەلاری شێخ ڕەزا کەوتوون، نەخۆیان و نەیش کەسوکاریان دڵگیر نەبوون و هەر لە سووچی هونەرییەوە تەماشای ئەو شیعرانەیان کردووە. دڵنیام بە دەرچوونی ئەم کتێبەیش دڵگیر نەبن و پێشەکیش داوای لێبوردنیان لێ دەکەم. هەر بۆ ئەم مەبەستەیش گەلێک ڕاستیمان لە بابەت ئەو بەڕێزانە بڵاوکردووەتەوە. بۆ نموونە؛ لەگەڵ هەجوەکەی (کاکەیی)دا، بە پێی زانینمان ڕاستیی بیروباوەڕ و ڕێبازی ئایینی و کۆمەڵایەتیی کاکەیی کە بەشێکی لە ڕێبازی تایەفەی (ئەهلی حەق) بڵاوکردەوە تاک و بزانرێت ئەو هەموو باڵۆرەیەی کە شێخ ڕەزا بۆیانی ڕێک خستووە، تەنها بە هۆی دووبەرەکیی نێوان عەشیرەتی تاڵەبانی و عەشیرەتی کاکەیی بووە و هیچی تر. ئەگەر ئەو بەڕێزانەی کە شێخ ڕەزا هەجوکردوون تەماشای ئەو هەجوانەی کە بۆ شێخ غەفووری مامی و شێخ عەلیی کاکی و شێخ محەمەد عەلیی برازای کردووە، هیچ دڵگیر نابن. لەناوی ئەوانەی کە بەتوندی هەجو کراون دوو باپیری خۆمی تێدان؛ شێخ محەمەد عەلی باپیرم لە بابەوە و مەلا مارفی مەلا عەبدوڵڵای خدری زەنگنەی باپیرم لە دایکەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو تەقەلا و یارمەتیی مامۆستا و برایانی بەڕێز بۆ ئەوەی ئەو کتێبە کەموکورتیی لەوانی پێشوو کەمتر بێت، هیچ گومانی تێدا نییە کە هێشتا کەموکورتی

زۆره و نەک تەنهــا داوای لێ بوردن، بەڵكو تكا لە خـوێندەوارانی بەڕێز و بە تایبــەتی نووسەر و ئەدیبان ئەكەم هەڵەكانمان بۆ ڕاست بكەنەوە بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک لە عومر ما و توانیمان دووبارە كتێبەكە چاپ بكەینەوە، ڕاستی بكەینەوە.

ئیتر ڕێزی بێ پایانم بۆ ئەو هەموو بەڕێزانەی كە لەم كتێبەدا ناویان بەچاكە و بە خەراپە هاتووە و داوای لێبوردنیان لێ ئەكەم.

د. موكەڕەم تاڵەبانی
بەغدا ١٩٩٨

شیخ ڕەزا کێیە؟

بنەماڵەی تاڵەبانی:

بنەماڵەی تاڵەبانی خۆیان بە تیرەیەکی ئێلی زەنگنەی کورد دەزانن، هەر چەندە مێژوناسی کوردی بە ناووبانگ مەحەمەد ئەمین زەکی بنچینەیان دەباتەوە سەر دانیشتووانی هەرێمی سووڕداش، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری سولەیمانی، وا دیارە ئەم باوەڕەی لەوەوە هاتبێ کە مەلا مەحموودی باپیرە گەورەی تاڵەبانییەکان یەکێک بووە لە پێشەواکانی ڕێبازی قادری لە ناوچەی سووڕداش و ئەم بەهرەیەی لەسەر دەستی شێخ ئەحمەدی لاهووری دا کە بە یەکێک لە نەوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناسراوە، وەرگرتووە و زۆربەی ژیانی خواپەرستی لەو ناوچەیەدا ڕابواردووە.

مەلا مەحموود بە "زەنگنە" ناسراوە. هەندێک هەن دەڵێن؛ ئەم ناوبانگەی لەوەوە وەرگرتووە کە زۆربەی ژیانی مەلایەتی لە ژێر سێبەری میر سمایلی زەنگەنەدا ڕابواردووە، وەکو شێخ ئەحمەدی کوڕی ناووبانگی "تاڵەبان"ی لە دێی تاڵەبانەوە وەرگرتووە. بەڵام تاڵەبانییەکان بنچینەی ڕەسەنی خۆیان دەبەنەوە سەر یوسف ئاغای کوڕی ڕۆستەم ئاغای زەنگنە و مەلا مەحموود ناوبانگی مەلایی بەسەر ئاغاییدا زاڵ بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا ناوی عەشیرەتەکەی ون نەکردووە.

یوسف ئاغا یەکێک بووە لە پیاوە دەمڕاستەکانی دەوری میر سمایلی زەنگنە. هەر چەندە هەندێک دەڵێن یوسف ئاغا زاوای میر سمایل بووە، باوەڕێکی تریش هەیە کە مەلا مەحموود زاوای میر سمایل بووبێت. لەو سەردەمەدا زۆر کەم کچیان بە بێگانە دەدا. لەو کاتەدا، میر سمایل پەنجەی لەگەڵ میرانی (بەبە) لێ دەدا، ڕێی تێ ناچێت کچی خۆی بداتە پیاوێکی بێگانەی ئێل. لە لایەکی تریشەوە باسێکی وا هەیە کە میر سمایل کچەکەی شێت بووە، لەو سەردەمەدا، بە پێی بڕوای خەلق، شێتی تەنها لەلایەن شێخانی خوا پەرستەوە تیمار دەکرا و میر سمایل ئەو گفتەی داوەتە مەلا مەحمود، ئەگەر کچەکەی چاک بکاتەوە، لێی مارە بکات. ئەمەش زۆر ڕێی تێ ناچێت. چونکە میرێکی بەدەستەڵاتی وا، دەیتوانی بەبێ ئەم گفتەیش ڕوو لە مەلا مەحموود بنێت و ئەمیش پەڵپی وای لێ نەگرێت. ئەوەی زانراوە مەلا مەحمود لە ساڵی ١١٣٠ کۆچی لە ناوچەی زەنگنە هاتووەتە دونیاوە زۆربەی تەمەنی لە و ناوچەیەدا، لە دێی "ڕەمەزان مامکە" کە بە "تەکیە"یش ناو دەبرێت، بردووەتە سەر و هەر لەوێوە هاتوچۆی ناوچەی سووڕداش و شاری

کەرکووکی کردووە.

میرنشینی میر سمایلی زەنگەنە، دەکەوتە پایینی ڕۆژئاوای چیای قەرەداغ و تا سنووری "داویەی کوردوستان" و دەگەیشتە "ئاوەسپی" و لە باشووریشەوە تا نزیکی شاری کفری، دەستەڵاتی بەسەر ئەو هەرێمەدا گرتبوو و ببووە کۆسپێک لەبەردەم میرنشینی "بەبە"دا چونکە، لەو هەرێمە هەردەیەدا ملی نە بە میرانی بەبە و نە بە دەوڵەتی عوسمانی نە دەدا. لەپاش مردنی میر سمایل بە هانی دەوڵەتی عوسمانلی، میرانی بەبە هێرشیان بردە سەر ئەم میرنشینە و خانەدانی میر سمایلیان سەرنگوم کرد و وڵاتی زەنگنەشیان خستە سەر میرنشینی خۆیان. مەلا مەحموود لەکاتی مردنیدا، داوا دەکات تەرمەکەی لە گۆڕستانی کەرکووک بنێژن و شێخ ئەحمەدی کوڕی دێی ڕەمەزان مامکە بەجێ دێڵێت و دێتە دێی "تاڵەبان"ی نزیکی گۆڕستانی باوکی و لەپاش ماوەیەک بناغەی تەکیەی تاڵەبانی کە لە جێگای ژێر زەوییەکەی تەکیەدا بوو، دادەمەزرێنێت و لەسەر ڕێبازی قادری دەس بە ئیرشاد دەکات. دێی تاڵەبان تاکو ئێستایش بەدەستی شێخانی تاڵەبانی و بەتایبەتی بەرەی شێخ ڕەزاوەیە و هەر لە شێخ ئەحمەدەوە، ئەم بنەماڵە ناوبانگی تاڵەبانییان وەرگرتووە و بەوە ناسراون.

وا دیارە دێی (تاڵەبان) ئەم ناوەی لە دوو وشەوە وەرگرتووە "تاڵە" کە لە درەختی "تاڵک"ەوە کە ئەم ناوچەیەی داپۆشیوە و "بان" کە دێیەکە لەسەر پێلێکی بانە بەرز دروست کراوە و بووەتە "تاڵە-بان" کە لە کوردەواریدا زۆر ناوی وا هەن.

شێخ ئەحمەدی تاڵەبان (١١٩٤ - ١٢٥٧ھ) یانزە کوڕ و چوار کچی هەبووە. هەموو فامیلیای تاڵەبانی لە نەوەی ئەمانەن. ئەم کوڕانە: شێخ عەبدولڕەحمان شێخ عەبدولکەریم، شێخ عەبدولفەتاح، شێخ محێدین، شێخ مەحەمەد ساڵح، شێخ عارف، شێخ عەزیز، شێخ حوسێن، شێخ عەبدولقادر و یانزەمینیان بە منداڵی مردووە، ئەمانە، جگە لە شێخ عەبدولقادر، هەموویان لە گۆڕستانی تەکیەی تاڵەبانی نێژراون و زیارەتگاهی دەروێشانن. شێخ عەبدولقادر؛ هەر بە هەرزەکاری بەرەو باشوور سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ناوچەی ئەلئەنبار (الانبار) دەگیرسێتەوە و بە ناوی فامیلیای (ئەسەد بەگ) بنەماڵەیەکی داناوە، ئێستایش خۆیان بە بنەماڵەی شێخ عەبدولقادری تاڵەبانی دەزانن.

لە پاش کۆچی دوایی شێخ ئەحمەد، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕە گەورەی، لە جێگای

باوکی بووەتە پۆست نشینی ڕێبازی تاڵەبانیی قادری لە کەرکووک. شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی (١٢١٢-١٢٧٥ھ) پیاوێکی خواپەرست و سۆفی ڕەوشت و دانایەکی ئایینی ئیسلام بوو. لە دەوری هەرزەکاریدا، لەسەر فەرمانی باوکی لەلای مەلا داناکانی کوردوستان خوێندوویەتی، لەپاشان لەلای دانای ناسراوی کورد مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی کۆتایی پێ هێناوە.

ڕۆژێکیان شێخ مارفی کۆسە دێتە لای شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی. شێخ مارف کوڕی نەبوو. دەپرسێت، "شێخ ئەحمەد چەند کوڕت هەیە؟" لەوەڵامدا: "قوربان یانزە"، "یا شێخ زەکاتیان دەکەوێتە سەر". "قوربان عەبدولرەحمانی لێ دەرچێت هەموو لە خزمتتان". "ناوەڵڵاە من عەبدولڕەحمانم دەوێت... هەموو بەهرەی خۆمی دەدەمێ و بە شێخی بۆتی دەنێرمەوە". لەسەر ئەم گفتوگۆیە شێخ عەبدولرەحمان بە کوڕی مەعنەوی خۆی داناوە و بەهاوشانی لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخ بەهرەی شێخێتی لە شێخ مارفی کۆسە وەردەگرێت و هەر لە ژیانی خۆیدا نیوەی سامانی خۆی دەبەخشێتە شێخ عەبدولڕەحمان و بەو سامانە دووبارە لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچیدا تەکیەی تاڵەبانی دروست دەکاتەوە.

شێخ عەبدولڕەحمان چوار کوڕی هەبووە؛ شێخ عەلی و شێخ قادر و شێخ ڕەزا و شێخ عەبدولواحید. شێخ عەبدولڕەحمان شاعیرێکی بەرز، بە زوبانی تورکی و فارسی لە مەیدانی عەشقی خوا پەرستیدا شیعرێکی زۆری هەیە.

بە تورکی لەسەر ڕێبازی قادری دەڵێت:

شاه اقلیم ولایتدر گروه قادری
راه عشقده زولکرامتدر گروه قادری
جمله ارباب طریقت بلبل شوریدەدر
آنلره باغ مضافتدر گروه قادری

واتا:

شای ئیقلیمی وەلییەتە دەستەی ڕێبازی قادری
لەڕێی عەشقدا خاوەن کەراماتە دەستەی قادری
سەر لەبەری خاوەن ڕێبازی دەروێشی بولبلی هەرا هەڵگیرسێنەرن
باخی مێواندارییی ئەوانە دەستەی قادری.

مێژووناسی کورد ئەمین زەکی بەگ لەسەر شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی دەڵێت: چەند

کتێبێکی هەیە، ئەمانەی لەچاپ دراون: (دیوانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی) و (شەرحی مثنوی مەولانا جەلالەدین رومی) و (بهجة الاسرار) بە تورکییە و گەلێک لە شیعرەکانی (فضولی بیاتی بغدادی)ش پێنج خشتە کردووە.

لە غەزەلێکی فارسیدا دەڵێت:

ای کـه در هر ذرهء تابان بـود سـیـمـای تو
در دل هـر قطـرهء پـنهـان بـود دریای تـو
لمعــهء از برق حــسنت بر رخ لیلی نیـافت
برق بر مجنون زد و مجنون شد از سودای تو

واتا:

ئەی کەسێ کە سیمای تۆ لەهەر تۆزقاڵێکدا تیشک ئەداتەوە و
لەنا و دڵی هەر دڵۆپێکدا دەریای تۆ شارراوەتەوە
تیشکێکی لە تیشکی جوانیی تۆ بەڕووی لەیلاوە نەدی
تیشکی دا لە مەجنوون و لە عەشقی تۆدا شێت بوو

لەدەمەتەقێیەکدا لە نێوان عەقل و عەشقدا لە شیعرێکی فارسیدا دەڵێت:

عقل میگوید بەمن همە مم کە ترک یارکن
عشق میگوید کە هی هی ترک این گفتار کن
عقل میگوید برو باسجده و سجاده باش
عشق میگوید برو تسبیحرا زنار کن
عقل میگوید بپوش آخر لباس عاقلان
عشق میگوید کە ترک جبە و دستار کن
من نمیدانم کدام این نکتەرا باور کنم
ای خدایا بر دلم تو کشف این اسرارکن

واتا:

ئەقل هەرجار پێم دەڵێ دەست لەیار هەڵگرە
عەشقیش دەڵێ: هەی هەی؟ واز لەم قسەیە بێنە
ئەقڵ ئەڵێ: بڕۆ لەگەڵ بەرماڵ و سوجدە بردن بە

عەشقیش ئەڵێ برۆ تەسبیحت بکەرە زوننارى گاوران
ئەقل ئەڵێت: کورە بەرگی ئاقلان لەبەرکە
عەشقیش ئەڵێ: واز لە جوببە و مێزەر بێنە
من نازانم باوەڕ بە کام لەم قسانە بکەم
خوایە! ڕازی ئەم نهێنییانە تووبۆ دڵم دەرخە.

لە پێنج خشتەی غەزەلێکی مەغربیدا دەڵێت:

زشــور بادهء عــشــقت چنان ســرمــست و حــیــرانم
شــعــوری نیــست تا دانم کـه کــافــر یا مــسـلمــانم
ولی از جلوهء حـــسـن تو جـــانا این قـــدر دانم
"گـه، از روی تو مـجـمـوعم گـه، از زلفت پریشــانم
وزیـن در ظـلـمت کـــــــفــــــــرم وزان در نـور ایمـانم

واتا:

لە شۆری بادەی عەشقدا وا سەرمەست و حەیرانم
هەستێک نییە تا بزانم کافرم یان موسوڵمانم
لەجیلوەی جوانیی تۆدا، ئەی گیانە ئەوەندە ئەزانم
کە ڕووی تۆ دەبینم خۆم کۆدەکەمەوە و دێمەوە سەرخۆ
کە زولفت دەبینم وەکوو ئەو پەرێشان و پرشوبڵاو ئەبم

لەپێنج خشتەیەکی تورکیدا، شێخ ئەم پرسیارانە دەکات:

عــجــبــا دهره صــالان شــور قــیــامت بومــیــدر؟
عــالمه شــعله ویرن عــارض و قــامت بومــیــدر؟
مـــست ایدوب جـاذب ارباب کــرامت بومــیــدر؟
عـجـبــا گــوکلمی صــیــد ایلین آفت بومــیــدر؟
بنی مـــجــروح و پریشـــان ایدن آفت بومـــیــدر؟

واتا:

ئایا ئەوەی هەرای قیامەتی خستووەتە دونیاوە ئەمەیە؟
ئەو بەدەن و قامەتەی کە بڵێسەی داوەتە کەون ئەمەیە؟
ئەوەی خاوەن کەراماتی مەست و ڕاکێشاوە ئەمەیە؟

ئایا ئەو پەتایەی کە دڵمی خستووەتە داوەوە ئەمەیە؟
ئەو پەتایەی منی بریندار و پەرێشان کردووە ئەمەیە؟

لەبابەت تەصەووف و خواپەرستییەوە لەم شیعرە تورکییەدا دەڵێت:

ظن ایدر جاهل اولانلر بزلری دیوانەیز
بز جمالی یاری گورمش بر طاقم مستانەیز
اهل ظاهرلر نەبیلسون اهل باطن حالنی
عشق میداننده جان ویرمش عجب مردانەیز

***

طالب اسرار حقز کیمسە بیلمز بز نەیز
شوق محیرندە بوبومش لانظیر در دا نەیز
بزلری طعن ایتمە ای واعظ بو قیل و قال ایلە
فهم قیل احوالمز ظن ایتمە بز افسانەیز

واتا:

ئەو کەسانەی نەزانن وا دەزانن ئێمە دێوانەین
ئێمە جوانیی یارمان دیتووە دەستەیێ مەستانەین
ئاشکەرازان چۆن بزانێت حالی نهێنیزان چییە
لە مەیدانی عەشقدا گیانیان داوە چۆن مەردانەین
داواکەری نهێنیی خوداین کەس نازانێت ئێمە چین
لە حەیرانی شەوقیدا گەورە بوو دانە دوڕێکی بێ هاوتاین
تیرمان تێ مەگرە ئەی واعیز بەم قیل و قالەوە
لە حاڵمان بگە وا مەزانە ئەفسانەین.

لەم بنەماڵەدا، شێخ قادری کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانیش (١٢٥٠-١٣١٥)ی کۆچی شاعیرێکی بەرز و لە زوبانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا شارەزا بووە و پیاوێکی دیندار و قانیع، لە شیعرێکی تورکیدا هەستی خۆی دەردەخات و دەڵێت:

نەکسب مال ایچون سعی و نە جاهە رغبتم واردر
قناعت چوق یشاسون، سایەسندن راحتم واردر

یوق ایسه گنج و مالم، حکمران ملک عرفانم
سواد اعظم فقرایله گنج وحدتم واردر
شکسته کاسه‌می خوان شهه ویرمم که کاسمده
طعام أمن و آسایش گبی بر نعمتم واردر

واتا:

نە بۆ کۆکردنی سامان عەودالم و نە بۆ جاە ئارەزووم هەیە
هەر بژی قەناعەت لە سایەیدا حەسانەوەم هەیە
هەر چەنێک گەنجینە و سامانم نییە، حوکمڕانی مۆڵکی خواناسیم
لەگەڵ جەماوەری هەژاراندا گەنجینەی یەکێتیم هەیە
کەیلە شکاوەکەم بە خوانی شا نادەم کە لە کاسەمدا
نیعمەتی خۆراکی وەکو ئاسوودەیی و ئاسایشم هەیە.

شێخ ڕەزا سێ کوڕ و سێ کچی هەبوو. کوڕەکانی: مەحەمەد و مەحەمەدئەمین و عەبدوللا و کچەکانیشی ڕاضیە و مەرضیە و ڕابیعە. شێخ مەحەمەد لە دەوری داگیردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، دەکرێتە قائمقامی قەزای رانیە و لەپاشا قائمقامی کفری. مەحەمەدئەمین بە هەرزەکاری مرد و شێخ عەبدوللا، لەپاش کۆچی باوکی، شێخ عەلیی مامی کچی خۆی دەداتێ و دەیکاتە متەوەللی تەکیەی تاڵەبانی لە بەغدا. ڕاضیە؛ خێزانی شێخ حەبیبی شێخ عەلی تاڵەبانی بوو، مەرضیە خێزانی شێخ غالیبی شێخ حەمیدی تاڵەبانی و رابیعەیش خێزانی شاعیری تورکی ناسراو محەمەد راسیخ کوڕی قادر ئەفەندیی کوڕی ئەحمەد ئەفەندیی یالاو بوو.

شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ڕەزا، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و شاعیر بوو. کە قائمقامی رانیە دەبێت، شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان فەرمان دەدا و سوپا دەنێرێت رانیە داگیر دەکەن و ماڵی شێخ محەمەد تالان دەکەن. شێخ محەمەد لەگلەییدا ئەم شیعرە ئەنێرێت بۆ شێخ مەحمود.

لەپاش داوێن و دەست ماچ کردن و عەرضی دوعا خوانی
وەڕین دەست پێ دەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی
دەڵێ بۆچی منت دەرکرد؟ ئەگەر پاست نەکەم بەخوا
هەموو چەڵتووکەکەت دەخوا بەرازی قوطبی ڕەببانی

یەکـــانە و پەڵخ و مـــالوسی قـــەوی قـــوڵیـــان گـــەلێ زۆرە
بەری ملیـــان لەکـــوێ دەگـــرێ پشـــیلەی کـــانی ئاسکانی؟
لە ڕۆژی وا پیـــــاوێ چاترە بۆتۆ لە پێنج صــــەد کـــــەس
هەزاری لیـــــــــرەیێ ناکـــــــا دە پارە و پـوول و تـارانی
هەمـــوویان دوژمنن، نەک دۆسـتی تۆن ئەو گـیـــپـە خـۆرانە
کـــە ئیــمــڕۆ تۆ وەلی نیـعــمــەت و ئاغـــای هەمـــوویانی
هەمـــوو شـــێـــر و پڵنگن وەقـــتی نان خـــواردن لە ئەترافت
ســـمـــێڵ بابڕو کـــفن دڕ کـــەللە خــڕ، پەرچەم مـــەریوانی
دوعـــات با بۆ بکەن ئەمما بە تەدبیـــریان نەکـــەی زینهـــار
مـەلا و دەرویش و صـۆفی و شـێـخەکـانی لوقـمە باطمـانی
ئەمانە گشت قسەن، با بێمە سەر مەطڵەب وەکو عـورفی
لەســـەر ئەم مـــەطلەعـــە لادەم بچم بۆ مـــەطلەعی ثانی
لەپاش تاڵان و عــــــەزل و لانەوازی و خـــــانە وێرانی
حـەواڵەی خـۆت دەکـەم قـوربان، چلۆن بێم بۆ سـولەیمانی؟!

لێرەدا دێتە سەر مەطلەعی فارسی و دەڵێت:

الا ای خـــســـتـــەیی پیکان مـــژ گـــانت دل اخـــوان
الا ای گـــســـتـــەیی همـــراز دوریت پیـــر کنعـــانی
توبا یاران همـــان کـــردی کـــە باید کـــرد بادشـــمن
توبا دشـــمن چونان کـــردی کـــە اورا رنجـــە نتـــوانی
بهـــر ســـوە بود دلخـــواهی توراچشـــمش برون کـــردی
زهر کـــو دشـــــمنی یابی ورا بر چشم بنشـــــانی
اگـــر بر جـــســـتـــوجـــوی تست اینهـــا وای بر دلهـــا
وگـــــربی آرەزوی تست این نبـــــود حکمـــــرانی

دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کوردی و دەڵێت:

لەبەر چاوت وەکـــو یەک وایە بێ فـــەرقن لە خـــزمـــەتتـــا

شـەهێن و حـاجی لەقلەق، شێـر و ڕێوی، مـورشـیـد و جـانی
لە کـوێت دۆزینەوە ئەم کـوێر و قـۆڕانەی لە خـوا یاخی؟*
چلۆنت کـەوتە خـاطر مـشکە کـوێر و ورچی کـوێسـتـانی؟
کـەر و گـا خـەرجی بار و جـووتە، هێـسـتـر مـاڵی کـاروانە
ئەمـانە نابنە کـوێخـا و ڕەئیس و مـیـری دیوانی
بەیار کـێـلان و گـای لەڕ، پیـر و کچ خـواستن، ژن و تەدبیـر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسقان، بۆق و سەردار، جرج و ناوکانی
عەبا و کەر، فێس و ڕێوی، ورچ و شەپقە، مێزەر و مەیموون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم، قەحپە و وەفا، ناموس و سۆزانی؟

***

لـەڕێ دووبـارە لادەم بـا بـچـم بـۆ مـەطـلـەعـی ثـالـث
بڵـێم هەی پاسـەوانی مـیللەت و ڕێگەی مـوسـڵـمـانی
وجـوودت فـەخـرە بۆ من، چونکە لای من فـەخـری کـوردانی
نەوەی کـاک ئەحـمـەدی، نوطفـەی حوسـێنی، شـێـری یەزدانی
جـەنابی تۆ لەحەق من، زۆر لە خـۆم مـوشـفـیـقـتـری ئەمما
لە بەخـتـی نەحـسـی من فکرت خـراپە، زۆر بەنسـیـانی
هەتیـو چیت وت؟ زوبانت وەرگـەڕێ خـەڵطێکی گـەورەت کـرد
لەلای خـۆت شـاعـیـری هێـشـتـا قـسـەی پیـاوانە نازانی؟
فەلەک مل شۆڕ ئەکا ئەمڕۆ لەبەر پێی ئەسپی شێخ مەحموود
مـەلەک مـەجبـوور ئەکـا ئەمـڕۆ ئیطاعـەی ئەمـر و فـەرمـانی
خـراپەی چاکـەیە، زامی شـیـفـایە، حـیـددەتی حـیلمـە
جنێـوی فـەخـرە، تالآنی عـەطایە، عـەفـوە عـینوانی
کـەرەم کـار و وەفـادار و وەلی خـولق و عـەلی کـردار

* کوێر؛ مەبەستی لە بابەکر ئاغای پشدەرە کە چاوێکی کوێر بووە و (قۆڕ)یش مەبەستی هەباس ئاغای پشدەرە کە قۆڕ بووە.

طەبیــعــەت چاک و طینەت پاک و دڵ بێ باک و نوورانی
ئەگــەر چی مــوفلیــست کــردم لەناو خــەلقــا حــەیات بردم
خـــوا تۆ خـــۆش بکا، با مـــاڵ و رووحم بێ بە قـــوربانی
ئەمــەنده باری طەعنەی کـەوت بەملدا (خـالیـصی) ئەمـرۆ
دەهات بۆ خـزمـەتت قـوربان، فـەقـەط زامـداره سـەرشـانی

***

زنجیرەی بنەماڵەی تاڵەبانی لە هەڵبەستێکی شێخ ڕەزادا:

شێخ ڕەزا، لە شیعرێکی کوردیدا باسی زنجیرەی باوباپیری خۆی دەکات و دەڵێت:

خوداوەند حەز بکا وەقتێ بەندەیەکی خۆی بکا خـۆشنوود
لەڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی قاصیدی مەقصوود
لە هیندوستـانەوە شـەش مـانگە ڕێ تا خـاکی کـوردوستـان
خوا شێخ ئەحـمـەدی هیندی ڕەوان کـرد بۆ مـەلا مـەحـموود
مـەلا مـەحـموودی زەنگنە یەعنی قـوطبی دائیـرەی ئیـرشـاد
لە دەوری مـەرقـەدی هەر دەنگی یاهو دێت و یا مـەعـبـود
لە پاش ئەو ئەرشدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت
بە عــەینی وەک ســولەیمان جێ نشــینی حــەزرەتی داوود
بەڵـێ بابی وەها ئەلبـــەت دەبێ فـــرزەندی وا بێـنێ
ئیـلاهی صـەد هەزار ڕەحـمـەت لە قـەبری والیـد و مـولود
بە ڕەحـمـەت چوون ئـەوان بابێـینە سـەر باسی ئەوڕەحـمـان
فیـدات بم ئەی نەتیجەی دوودەمانی ئەحـمـەد و مەحـموود
نەتیـجەم مـەقـصـەده تالی و مـوقـەددەم شـەرتی تەحصـیله
ئەوانەی بۆیە ئیــجـاد کـرد خـودا تا ئەم ببێ مــەوجــوود
ئەمیستـاش (شێخ عەلی) نەجلی کەبیری صاحیب ئیرشاد
ئەمـیش وەک بـاوک و باپیـری لەزومـرەی ئەولیـا مـەعـدوود
(ڕەزا)یش لەو نەسلەیە ببەخشە یارەب چونکە قەد نابێ

گــوڵـی بێ خــار و بەحــری بێ بوخـــار و ئاگــری بێ دوود

شێخ ڕەزا لە شیـعـرێکی فـارسیـدا کـە باسی شێخ عـەبدولڕەحـمـانی باوکی دەکـات، بنچینەی تاڵەبانی دەباتە سەر تیرەی کاکەسووری (گولی)، ئەو تیرەیەی کە خۆیان بە ساداتی بەرزنجە دەزانن، بەڵام بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەکی نییە.

بۆ ئەمە دەڵێت:

مــشـــهـــور جـــهـــان بغـــوث ثانی عـــبـــدالرحـــمن طالبـــانی
مـحـمـودش جد و احـمـدش باب، هرسی ولیند قطب اقطاب
مـحـمـود مریدی پیـری لاهور هەرچەند به زنگنه است مـشـهـور
در اصل ونسب (گلی) است ســووی از گلبن باغ کـاکـه سـوری

واتا:

عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، بەناوبانگ بە غەوسی دووەم
مەحموود باپیری و ئەحمەد باوکیەتی
هەرسێ وەلی و قوتبی ئەقتابن
مەحموود مریدی پیری لاهور، هەر چەند بە زەنگنە بەناوبانگە
لەبن و بنچینەدا (گولی) و (سووری)یە، لە چەپکە گوڵی تاخی (کاکە سووری)یە.

دەڵێن، دەروێشـان لە شێخ عـەلی داوا دەکـەن کـە بە قـووڵی لە بنچـینەی شـێـخـانی تاڵەبانی بکۆڵێتەوە بەڵکو دەچنە سەر نەوەی ئیمام حوسێن.

دەڵێت: لەبەرچی؟ ئەگـــەر بۆ ئەم دونیـــا بێت، لە ســـایەی خـــوداوە لە دونیـــا لە هیچمان کەم نییە و ئەگەریش بۆ ئەو دونیا بێت، ئەوە لە زانینی خودادایە.

کەواتا: شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانە کە کوڕی مەلا مەحموودی زەنگنەیە.

***

شێوەی ژیانی شێخ ڕەزا

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک

لە پێش دروست کردنی تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوک؛ لەسەر داوای خۆی، تەرمەکەی مەلا مەحموودی زەنگنە، کە باپیرە گەورەی شێخانی تاڵەبانییە، لەجێگای مەرقەدی

ئێستای به خاک سپێرراوه. شێخ ئەحمەدی کوڕی، بۆ نوێژ کردن، ژوورێک و هەیوانێک دروست دەکات. ئەم تەکیەی ئێستای کەرکووک، لەپاش کۆچی شێخ ئەحمەدی تاڵەبان، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی کە بووە بە پۆست نشین لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچیدا دروستی کردووه. ئەوەی شایانی سەرنجە، بۆ گەیاندنی ئاو بۆ تەکیە، بەهێزی بازووی دەروێشان، یەکێک لە زنجیرەکانی چیای زاگرۆس، بە نووکە قولنگ شەق دەکەن و لە ڕووباری (خاسە)وە ئاو دەگەیێننە حەوشی تەکیە.

یەکێک لە شاعیران، مێژووی دروست کردنی تەکیەی لەم شیعرە فارسییەدا داناوە و دەڵێت:

تعالی الله چه مسجد قصر گلزار جنان است این
سروشانرا مطاف کعبهء کروبیان است این
جناب مرشد کل، قطب دوران کرده است انشا
مفیض خلق عالم مرجع اهل جهانست این
کمال آینش ز آن رخصت گرفت گفت تاریخش
مصلی معبد قطب و مطاف قدسیانست این (١٢٦٠)

ساڵی ١٢٨٥ دووبارە دەستێکی تریشیان بە تەکیەدا هێناوەتەوە. ئەم تەعمیرە لە سەردەمی شێخ عەلیی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان دەبێت کە شێخ ڕەزا بە شیعرێکی تورکی دەڵێت:

خیالی ترک ایدوب آلکدم بو تأریخی حقیقتدن
بهشته سلسبیله کوثره طوبایه بنزرسک

واتا: وازم لە خەیاڵ هێنا و ئەم تاریخەم لە ڕاستی وەرگرت
(لە بەهشت، سلسبیل، کەوثەر وطوبا دەکەویت)

بەپێی ئەمە دەکاتە ١٢٨٥هـ

یارمەتیی دەروێشان و دانیشتوانی شاری کەرکووک؛ ئەم ئەرکە قورسەی بۆ شێخ عەبدولڕەحمان ئاسان کردووه و شێخ خۆی لەم بابەتەوە لە شیعرێکی فارسیدا دەڵێت:

گەر بیایی بە تەماشاگە ویرانهء ما
بینی از نیست معمرّ شده کاشانهء ما

همــه عـــالم کلمـــات انده بور مــعنیء هو

درس این است درین مکتب شــاهانهء مـــا

واتا:

ئەگەر بێی بۆ تەماشای ویرانەمان

دەبینی لە نەبوون ئاوەدان کراوە کاشانەمان

هەموو دونیا وشەی ئەوەیە کە مانای ناوی خودایە

ئەو دەرسەیە لە قوتابخانەی شاهانەمان

***

ژیانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٢٥٣ی کۆچیدا لە دێی (قرخ)ی نزیکی شارۆچکەی چەمچەماڵ هاتووەتە دونیاوە. باوکی شێخ عەبدولڕەحمان و دایکی صافیە خاتوونە. لە سەرەتاوە خوێندنی لە لای شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی و لەپاشان لەلای مەلا محەمەدی بلاغ و مەلای دانا حاجی مەلا سەعید زانیاری نەحو و صەرف و مەنطیق و بەدیع و بەیان و فیقهی خوێندووە. لەپاشان بۆ تەواو کردنی ئەم زانیارییانە، دەچێتە شاری کۆیە و لە خزمەتی مەلای دانا مەلا ئەسعەدی جەلیزادە پایان بە خوێندن دێنێت.

شێخ ڕەزا جگە لە زمانی کوردی، شارەزاییەکی زۆری لە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبیدا پەیدا کردووە بەم چوار زمانە شیعری زۆر نایابی وتووە. مامۆستای بەڕێز مەحموود شوکری ئالوسی ئەڵێت: "شیعرەکانی شێخ ڕەزا زۆربەیان بە زوبانی غیر عەرەبیی، هەندێکی بە تورکی و هەندێکی بە فارسی و بە کوردین. ئەو بە گوێرەی ڕەواجی ئەو زوبانەی لەو شارەدا شیعر دەڵێت. شیعرە عەبییەکانیشی بێ گەردن و هیچ لەنگ نین، بەڵکو بە هەموو ئەو زوبانانە شاعیرە. ئەمە خاوەنی ئەدەب و فەصاحەت و بەیان دەیسەلمێنن." (کتێبە دەسنووسەکەی ئالووسی... کتێبخانەی مۆزەی بەغدا).

شێخ عەبدولڕەحمان هەر لەسەرەتاوە؛ شێخ عەلیی کوڕی بە بیر و زانستی ڕێبازی ئیسلامی و خواپەرستی، بۆ پۆست نشینی داهاتووی تەکیەی تاڵەبانی پەروەردە ئەکات، شێخ ڕەزایش، لەکاتی ژیانی باوکیدا؛ ئەوەندە بە تەنگی مایەی گوزەرانەوە نەبووە و بەو گوزەرانە دەروێشانەی کە باوکی بۆی ئامادە ئەکرد قاییل و مل کەچ بوو. بەڵام هەر لە ماوەی ژیانی باوکیدا. دەیویست لەو سنوورە تەسکەی ژیانی تەکیە و دەروێشی بێتە دەر

و بچێتە جیهانێکی فراوانترەوە. هەر وا، یەکەم چوونی بۆ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، ئەستەموڵ. لە زەمانی شێخ عەبدولڕەحمانی باوکیدا بوو و لە گەڕانەوەیدا خەبەری مردنی دەزانێت. ئەوەی جێی سەرنجە، بەرهەمەکانی ئەم سەردەمەی شێخ ڕەزا، زۆربەی لەچوارچێوەی، بیری خواپەرستی و دەروێشیدا بوو. چونکە بارودۆخی ئەو سەردەمەی تەکیە و دەستەڵاتی شێخێکی خواپەرستی وەکو باوکی ڕێگای ئەو جۆرە وشانەی نە ئەدا کە لە پاش مردنی باوکی بەسەر زمانیدا دەهات. وەکو زانراوە، سەرەتای هونەری شیعری شێخ ڕەزا، بە زمانی فارسی لەسەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە.

لە پاش کۆچی دوایی باوکی، شێخ عەلیی برا گەورەی بووەتە پۆست نشینی تەکیە و لەبەر ئەوەی مەلایەکی دانا و شێخێکی خواپەرست بووە بە ڕاستی ئەو جێگایەی پڕکردووەتەوە و تەکیە؛ نەک تەنها کۆڕی دەروێشان، بەڵک و زیارەتگای مەلا و داناکانیش بوو.

ئیتر ئەو نازەی کە شێخ ڕەزا بەسەر باوکیدا دەیکرد نامێنێت و شێوەی ژیانیش دەگۆڕێت و شێخ ڕەزایش خۆی لە چەمەری دەرویشی ڕزگار دەکات و دەکەوێتە ناو گێژەنکەی ژیانێکی فراوانترەوە. هەرچەنێک شێخ عەلی لە شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی دەسڕۆیشتووتر بوو و ئازووقەی ماڵ و خەرجیی براکانی لە مل گرتووە، بەڵام ئەمە تەنها ژیانێکی دەروێشانە مسۆگەر دەکات و هیچی تر. ئەمەیش لەگەڵ دەروێش ڕەوشتێکی وەکو شێخ قادری برای پێی قایل بێت، هەموو داواکانی شێخ ڕەزای بۆ جێبەجێ ناکرێت و شێخ ڕەزایش نەدەگەڕایەوە دۆخی دەروێشیی جاران، لە شێخ عەلی دەتۆرێت و دەچێتە لای شێخ غەفووری مامی لە کۆیی، بۆ ئەوەی هەندێ پارەی لێ وەرگرێت و بچێتە ئەستەموڵ.

شێخ غەفوور نایەوێت ڕەزای برازای لە وڵاتێکی غەریبی وەکو ئەستەموڵ سەرگەردان بێت و گفتی دەداتێ کە کچی خۆی لێ مارە بکات و لە تەکیەی کۆیی جێگایەکی ڕێزداری بداتێ. بەڵام شێخ ڕەزا نەیدەویست دووبارە بگەڕێتەوە ژیانی تەکیە و دەروێشی، لەمامی دەکەوێتە گلەیی و لە پاشان هێرش بردنە سەری و کە باسی ئەو ڕووداوە ئەکات ئەڵێت:

ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد
مانەندی عەقارب لە ئەقارب حەزەرم کرد

گـەردوون سـینگی گـردم و هێنامـیـە کـۆێی
مـیـوانی لەکن مـامـە غـەفـووری لەجـەرم کـرد
خـواسـتم کـە بڕۆم بۆ سـەفـەری ڕۆم بە سـیـاحـەت
نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد
دانیـشێ، نەچێ، من کـچی خـۆم مـارە دەکـەم لێی
ئەو طالبی دونیـایە ئەوا مـوعـتـەبەرم کـرد

ئەم ژیانەیشی بەدڵ نابێت و سەفەری ئەستەمۆڵیشی سەر ناگرێت، لەوە پەشیمان ئەبێتەوە کە لەگەڵ شێخ عەلیی کاکی تێکی داوە و ئەڵێت:

صەد دەفعە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یارەب کـە لەگـەڵ شـێخ عـەلی بۆچی شـەڕم کـرد
هەر دەچمـەوە لای گـەرچی بلێ هاتەوە دیسـان
ئەو خـۆێڕی بێکارە کـە مـن لێـرە دەرم کـرد

بەڵام واز لە سەفەری ئەستەمۆڵ نایێنێت، چونکە لەکاتی ژیانی باوکیدا سەفەرێکی ئەوێی کردبوو و لە گەڕانەوەدا خەبەری مردنی باوکی بیست. دووبارە بەهەر جۆرێک بێت دەڕواتەوە ئەستەمۆڵ. لەوێ لەگەڵ گەلێک لە ئەدیب و ڕۆشنبیران و پیاوە سیاسییەکانی کورد و تورک ناسیاوی پەیدا ئەکات و لە کاروباری سیاسیی دونیا و دەوڵەتی عوسمانی شارەزا دەبێت، وەکو لەم شیعرە فارسییە باسی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپا دەکات:

بە بزم عـشق مگرجـز حـدیث مـهـروو فـا
مـرا بکار نیـاید قـران (ناپلیـون)
مرا از ان چە کە فیروز گشت (بسمارک)
مرا ازان چە کە پامال گشت (ماکماهون)

واتا:
لە بەزمی دڵداریدا لە ڕاز و نیازی (میهر و وەفا) بەولاوە هیچ بەدەردی من نایەت
قڕانی (ناپیلۆن) هیچ بە کەڵکی من نایەت
من لەوەم چی کە (بسمارک) سەرکەوت؛

من لەوەم چی کە (ماکماهۆن) لە ژێر پێدا سوایەوە؟!.

لە ئەستەموڵ، میللەت لە سوڵتان عەبدولحەمید کەوتبووە تەقەوە و داوای مافی دیموکراسی و دانانی یاسای بنەڕەتی (قانونی أساسی) دەکرد. شێخ ڕەزایش لە دژی سوڵتان لایەنگیری میللەتی دەکرد، بەڵام لە ئیتحادییەکانیش بەداخ بوو. بە سوڵتان دەڵێت:

دوشمنه قارشی کدی، میللەته قارشی اصلان

لعنة الله علی حـــضــــرة هذا السلطان

واتا:

بەرامبەر دوژمن پشیلە و بەرامبەر میللەت شێرە

لەعنەتی خودا لە حەزرەتی ئەم سوڵتانە بێت

لەپاش ئەوەی سوڵتان بە ناچاری مل کەچ دەبێت و قانوونی ئەساسی دادەنێت، خەلقی وا دەزانن تەنها ئەم یاسایە چارەسەری هەموو گیروگرفتی وولات دەکات. بەڵام ئەم هەلە (ئیتحادی)یەکان دەیقۆزنەوە و لە ڕەگەز پەرستیدا لە جاران خراپتر دەبێت و ئەوان وڵات دەبەنە ڕێوە. شێخ ڕەزا نارەزایی دەردەبڕێت و دەڵێت:

ملکک اصلاحنه بر میـتی ایتمش مامور

آفـــرین قـــوهء ادراکنه باب عــــالی

واتا:

بۆ چارەسەرکردنی وڵات مردوویەکی کردووەتە مەئموور

ئافەرین بۆ هێزی هەستت ئەی (بابی عالی)

لەپاش دانانی یاسای بنەڕەتی (قانون أساسی) بارودۆخی وڵات خرابتر بوو ئیتحادییەکان ئەو هەلەیان بۆ خۆیان قۆزتەوە و ژیانی میللەتانی تر خرابتر بوو. شێخ ڕەزا دەڵێت:

بیـچـاره عـدالت کـه ییـقـمـشـدی بناسی

بردن ایچنه سیـچـدی بو قـانون أسـاسی

واتا: بێچارە عەدالەت کە بناغەی ڕووخابوو

بەجارێک ئەم قانوون ئەساسییە گووی تێ کرد

ژیانی کۆمەڵایەتیی تەکیە و گەڕەکی بەرتەکیە؛ پەروەردەیەکی تایبەتی شێخ ڕەزای کردبوو. لە سەرووی تەکیەوە، لە دیواخانی شێخ عەلیی کاکی، مەلا و داناکانی کوردستان و پیاوە ناسراوەکانی ئایینی کۆڕیان دەبەست و باسی زانستی ئیسلامی دەکرا و لەلایەکی تریشەوە کۆڕی دەروێشان دەبەسترا و لەسەر دەنگی تەپڵ و دەف گۆرانیی خواپەرستی و خۆشەویستیی پیرانی تەریقەت دەوترا. لە سووچێکی تریشەوە شێخ قادری برای، لەبەر دەست کورتی خۆی خزانبووە ژوورێکی تاریکەوە، بەڵام بە و بیرە ڕۆشنەی هەموو تاریکیی ژیانی داماڵی بوو و تەنها گلەیی حاڵی خۆی و سکاڵای دڵی لەگەڵ خوایدا بەنهێنی دەکرد کە لە شیعرێکی تورکیدا دەڵێت:

بنای عیشمی قهریله ویران ایلین معمار
أمیدم وار کە دستی لطفیله معمور ایدر برگون

واتا: ئەو وەستایەی کە لەکاتی تووڕەییدا خانەی ژیانمی وێران کردووە
هیوادارم کە ڕۆژێک بە دەستی بەخشندەی ئاوەدانی بکاتەوە

شێخ قادر، عیزەتی نەفسی زۆر گەورە بوو، هەرچەنێک شێخ عەلی دریغیی هیچی لێ نەدەکرد، بەڵام لە ژیانی دەروێشی بەولاوە چی دەکات، شێخ قادر بەوەش شوکرانەی خوای دەکرد.

نەکسب مال ایچون سعی و نە جاهە رغبتم واردر
قناعت چوق یشاسون سایەسندە ڕاحەتم واردر

واتا:
نە بۆ سامان کۆکردنەوە تێدەکۆشم و نە بۆ جاە مەیلم هەیە
هەر بژێ قەناعەت لە سایەیدا ئاسوودەییم هەیە.

شێخ ڕەزا وەکوو شێخ قادر نەبوو. بەشداری لە سامانی برا و مامەکانی بە مافێکی ڕەوای خۆی و کەم و کورتی لە چاوی ئەوانی دەزانی وەکوو دەڵێت:

بێگانە هەموو صاحبی جاە و جەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن

شێخ عەلی دێی "قرخ" و "تاڵەبان" کە لە شێخ عەبدولرەحمانی باوکیانەوە بۆیان مابووەوە، بۆ شێخ ڕەزای تەرخان کردبوو. هەر لە پایزیشەوە هەموو ئازووقەی وشکەی

زستانی بۆ برا و برازاکانی دەنارد و نان و چێشتی ئێوارانیان لە مەنجەڵی خۆیەوە بۆیان دەچوو. بەڵام ژیان بریتی نەبوو لەمە و شێخ ڕەزایش بەمە قایل نەدەبوو و شێوەی ژیانیش لە چوارچێوەی قەناعەتی دەروێشی چووبووە دەرێ.

دیواخانی شێخ ڕەزا بریتی بوو لەژوور و هەیوانێک لە نزیکی دووەم دەرگای تەکیە کە دەینواڕییە ماڵی خۆی لە گەڕەکی بەرتەکیە. هەموو دیوارەکانی بە نووکە قەڵەم بە شیعری شێخ ڕەش کرا بوو، یا شێخ خۆی و یا کەسانیتر، بۆ ئەوەی لە بیریان نەچێت، لێرەدا تۆماریان دەکرد. بەڵام بەداخەوە، نە شێخ ڕەزا خۆی و نەیش کەسیتر بیری لەوە نەئەکردەوە ئەو شیعرانە کۆکاتەوە و تۆماری بکات و زۆری فەوتا، شێخ ڕەزا دەیوت: "دیوانی من لە سینەی صەدان کەسدا تۆمار کراوە" بەڵام ئەو صەدانە زۆربەیان لەژێر خاکدان.

گەلێک لە پیاوانی هاودەمی، لە گەڕەکی بەرتەکیە و ناوشار لەم دیوەخانەدا لە شێخ ڕەزا گرد دەبوونەوە و زۆربەی کاتیان بە شەڕە شیعر و نوکتەبازی ڕادەبوارد.

دانیشتوانی گەڕەکی بەرتەکیە، لەڕەسەندا هەموو کوردن، بەڵام هەر یەکە لە هەرێمێکی کوردستانەوە هاتوون. وەکو : قالە تەنیایی، ئەمین سووورداشی ئەمینە ڕووتی زەنگنە، محەمەد ئەفەندی خەلیفە، سلێمان چاووش، سالەی چەرمەڕەق، ئەحمەد مەلا ژن، تۆفیقی بیلال، سەید ئەمین هەپلوس، سەعە بەشیر، سەعەی حەمە وڕێز، فەقێی ئەولا چاووش، حەمەی وەستا فەتاح، بلە منگن، ئەحەی سۆفی عەزەم دەم بۆر، وەستا عەبدوڵڵای کەوش دوور، خەلیفە ئەحمەد... هتد.

ئەم هەمە چیزەیە، وەکو یەک فامیلیا و یەک ئێڵ لە دەوری شێخانی تاڵەبانی کۆبووبوونەوە و ژیانیان دەبردە سەر.

کوڕەکانی شێخ عەلی، هەریەکە لە حەوشی تەکیە دیواخانێکی تایبەتی بۆ خۆی دانابوو. شێخ محەمەد عەلی؛ میوانداری عەشایر و نان و خوانی لە مل گرتبوو، خەلقێکی زۆری لێ کۆدەبووەوە و ئێوارانیش، بۆ ئەوەی لاوانی بەرتەکیە لەناو شاردا تووشی گێچەڵ و فێری ڕەوشتی خراپ نەبن، شەوان بەیاری (سینی و زەرف) و گاڵتە و گەپ ڕایاندەبوارد و لەبەر ئەوەی شێخ ڕەزایان لەو گاڵتە و گەپە بەشدار نەدەکرد ڕقی هەڵدەسا و هەجوی دەکردن.

شێخ موحەمەد ڕەئووفیش دەستەیەکی لاوی ئازا و چاپووکی لەخۆ کۆکردبوو دەستەڵاتی بەسەر شاردا کێشابوو.

دەڵێن؛ لەسەردەمی عوسمانی، شێخ ڕەئووف دەیەویست ببێتە سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک، بەڵام موتەسەریفی تورک عەونوڵلا (عون الله) دەیەوێت تورکمانێکی هاو زمانی خۆی بکات و لە ئەنجامی تەقەلای ئەودا تورکمانەکە دەکرێتە سەرەک شارەوانی. شێخ ڕەئووف ئەمەی پێ ناخۆش دەبێت و چوار لاوی چەکدار لەگەڵ خۆی دەبات و سەرەک شارەوانی دەردەکات و خۆی لەجێی دادەنیشێت. کابرا دەچێتە لای موتەسەریف و بۆی دەگێڕێتەوە. ئەویش سەرۆک ژاندارم لەگەڵ خۆی دەبات، تەماشا ئەکا شێخ ڕەئووف لە جێگای سەرۆک دانیشتووە. هەر لەدەرگاوە بە تورکی دەپرسێت: "شێخ موحەمەد ڕەئووف کێ تووی کردە سەرەک شارەوانی؟". شێخ ڕەئووف دەست بۆ دەمانچەکەی پشتی دەبات و دەڵێت: "پاشام ئەمە منی کردە سەرەک شارەوانی"... "پەکی... پەکی..." دەڵێت و دەگەڕێتەوە سەرای حکومەت و بروسکەیەک دەنێرێت بۆ والیی مووصل داوا دەکات شێخ ڕەئووف بکرێتە سەرۆک شارەوانی و دەڵێت: "ئێمە یەکێکمان پێویستە ئەو حکومەت بپارێزێت نەک حکومەت ئەو بپارێزێت. شێخ ڕەئووف دەکرێتە سەرەک شارەوانیی کەرکووک و لە پاش ئەویش شێخ حەبیبی برای و لەپاش شێخ حەبیبیش شێخ فاضلی ئامۆزای سەرەک شارەوانی کەرکووکیان کردووە.

ژیانی بەرتەکیەیش برێتی بوو لە چەند مانگێکی کار و کەسابەت، ئەوەی لە کاتی مەڕ برینەوەدا "کارگەیی" دەکرد و هەندێکیشیان ساڵی چەند کاروانێکی تووتنی قاچاغیان دەهێنا بۆ جگەرەفرۆشەکانی ناوشار و هەندێکیش لەبازاڕی کۆنە فرۆشان «قاریلر بازاری = بازاڕی پتوپیرێژن» دوکانی کۆنە فرۆشییان هەبوو، بەمانە ئازووقەی زستانیان ئامادە دەکرد و ئیتر بە درێژیی ساڵ کارێکی وایان نەبوو، لەم دیوەخانانە ڕایاندەبوارد.

شێخ ڕەزا دەوری هەرزەکاری لەنێوان ئەم جۆرە ژیانە کۆمەڵایەتییەدا ڕابوارد. لە لایەکەوە زیکر و خواپەرستیی دەروێشان و لەلایەکی تریشەوە کۆڕی مەلا و ڕۆشنبیران و پیاو ماقووڵانی شار و سەرۆک ئێلان و هەروا مەجلیسی گاڵتە و گەپ، ئیتر زیرەک ئەوەیە ئەم هەموو دژایەتییە و بیری چەشن چەشنانە بقۆزێتەوە، تەنها بلیمەتیی شێخ ڕەزا ئەم هەموو بیروڕایانەی هەڵقۆزتبوو و بووبووە ئەنسکلۆپیدیای بیروڕای تەصووف و دەروێشیی خواپەرستی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و شیعر و گاڵتە و گەپ، لەم لاوە؛ لە سنە و سابلاغ و کرمانشاوە و لەولاوە تاکو ئەستەموڵ و لە باشووریشەوە تاکو بەغدا، زیرەکی و بلیمەتی، وەکو "هۆشووچن" گوڵ گوڵ دەیچنییەوە و "سوواڵە"یەکی هەمە ڕەنگی لێ دەهۆنییەوە. هەموو کەسێک ئەم ژیانەی دەدیت، بەڵام وەکوو کوردەواری دەڵێت: "هەموو

چەکمە زەردێک هەمزە ئاغا نییە".

شێخ عەبدولڕەحمان، هەر لەسەرەتای پۆست نشنییەوە، براکانی بۆ ڕێگا پێشاندان بە ڕێبازی تاڵەبانیی قادری، بە هەرێمەکانی کوردستاندا بڵاوکردبووەوە. شێخ غەفوور بۆ کۆیێ و شێخ عەزیز بۆ ناوچەی (گل) و شێخ موحەمەد صالح و شێخ عەبدولکەریم بۆ بادەوا و ساڵەیی و شێخ موحەمەد عارف بۆ ناوچەی سیروان و شێخ موحیەددین بۆ سەرتاب و جاحیلر... هتد. ئەمانە تاڵەبانیان لە فامیلیایەکی بچووکی ئایین پەرستەوە کردە ئێلێکی گەورەی دەستەڵاتدار. ئەم ئێلە کەوتە شەر و شۆڕ و پەلاماردانی ئێلانی تری و هەرێمێکی زۆریان داگیرکرد. شێخ ڕەزایش دەبوایێ، بە هەق و ناهەق پارێزگاری لە ئێلیی خۆی و دژی ئێلانی تری بوەستێت و ژیان و گوزەرانیشی کەوتبووە سەر ئەوە. وەکوو دەڵێت:

جائیزەم مەطلووبە ئەم مەدحەم بە خۆڕای نییە
هورمانیش بێ (ڕەزام) گەر هیچ نەنێرن یاسەتتار

ئیتر نە شێخ عەلیی کاکی بەم هەموو دانایی و دڵ گەورەیی و نەیش خزمانی و دۆستانی و هەتا سوڵتانی عوسمانی، سوڵتانێکی بەزەبر و زۆری وەکو عەبدولحەمیدیش لە زمانی ڕزگار نەدەبوون کە بە سوڵتان دەڵێت:

کاشی یک روزم بما بین همایون رەدهند
تا (حمید خان) را بگویم: ای (حمیر المؤمنین)
بعثت تو برخلاف بعثت پیغمبر است
(انت ما ارسلت الا زحمة للعالمین)

واتا:

خۆزگە تاقە ڕۆژێکم ڕێ دەدەن بە مابین هەمایونی
تا بە حەمید خان بڵێم ئەی گوێ درێژی موسڵمانان
ناردنی تۆ بە پێچەوانەی ناردنی پێغەمبەرە
تو بۆ ئازاری خەلق نەبێ بۆ هیچی تر نەنێرراوی

چونکە سوڵتان خۆی بە "امیر المؤمنین" ناو دەبرد و وای جاڕ دابوو کە خەلافەتی ئیسلامی بۆ ئەو ماوەتەوە و لە جێی پێغەمبەر دانیشتووە.

لەم هەجوەی سوڵتان شێخ ڕەزا ڕادەکێشرێت بۆ بەرپرسیاری و لە گەڕانەوەیدا پرسیاری

ئەنجامی لێ دەکەن. دەڵێت "لەت"ێکیان پێوە نام، "ڕەزا" بووم، بووم بە ڕەزالەت".

لەم سەفەرانەی ئەستەموڵ و بەغدا، شێخ ڕەزا پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلێک لە ئەدیب و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد و تورک و عەرەب پەیدا ئەکات، لەوانە شاعیری تورکی بەناوبانگ نامیق کەمال. کە دەچێتە لای نایناسێت و بە فیزێکەوە دەست درێژ دەکات و دەڵێت: "بن کەمالم = من کەمالم" شێخ ڕەزایش: "بندە فحولی اهلی کەمالم". نامیق کەمال دەیناسێت و گورج" شێخ ڕەزا سکز... بیورکز... بیورکز" پێش وازیی لێ دەکات. ژیانی شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەشدا چاکترین و فراوانترین بەرهەمی ئەدەبی هەبوو، وەکو گەردەلوولی گەرمیان تووشی هەرچی دەبوو لەگەڵ خۆیدا دەیپێچایەوە. لەلایەکەوە

من سنیم نامم ڕەزا - کلب امام مرتضی
درویش عبدالقادرم - راهم بە مولا میرود

واتا:

من سونیم ناوم ڕەزایە- سەگی ئیمامی مورتەزام
دەروێشی عەبدولقادرم- ڕێگام بەرەو خوا ئەچێ

لەلایەکی تریبیەوە:

نەقیبک نقبنە گیرمش هەزران کیر افغانی
گوتی وارسە دیانسون نسل پاک غوث گیلانی

واتا:

هەزاران کێری ئەفغانی چووەتە کونی نەقیبەوە
گەر قنگی هەیە بەربگرێت نەوەی پاکی غەوثی (غەوسی) گەیلانی

و لەگەڵ ئەو هەموو پێوەندییەی کە فامیلیای تاڵەبانی لەگەڵ فامیلیای کاک ئەحمەدی شێخدا هەیبوو شێخ ڕەزا بە هەموو ڕێزێکەوە:

مەربووطە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە صەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

کەچی لەپاش کوشتنی صەمەدی تاڵەبانی و لە تۆڵەیدا کوشتنی شێخ حوسێنی قەرەچێوار و لەشکر ئارایی بەرزنجە و تاڵەبانی، شێخ ڕەزا لەسەرچۆک بۆیان دەچێتە سەنگەرەوە و هەجوی وایان دەکات کە موو لەجێی سەوز نەبێت.

وە نەبێ هونەری شێخ ڕەزا تەنها لە مەدح و هەجودا بێت، لە سیاسەتی ولاتدا شارەزا و لایەنگیری میران و میرنشینانی کوردوستان و نەقدی ڕژێمی سەڵتەنەتی عوسمانی و هێرش بردنە سەر حکومەت و دەیدیت زۆر هەبوون لە سایەی سوڵتانەوە سامان و جاهیان پەیدا دەکرد، بەلام زۆربەیان کەللە بۆشن، دەیوت:

عـــالمه عـــام اولدیغندن التـــفـــات پادشـــاه

خـــر دەخی بر آد قـــزاندی ســـایەء شـــاهانەدن

واتا:

لەبەر ئەوەی ئیلتیفاتی پادشاه هەموو سووچێکی گرتووەتەوە، کەریش، لە سایەی شاهانەیەوە ناوێکی دەسکەوتووە.

ئەوەی جێی سەرنجە، شێخ ڕەزا لە هەجودا، خوو و ڕەوشتێک نانێتە یەکێکەوە کە ئەوەی تێدا بێت. بە پیاوی ناپەسەند نالێت ناپەسند، ئەگەر وابێت سەرنجی خەلقی ڕاناکێشێت و هەجوکراوەکەیش پێی تووڕە نابێت.

ڕۆژێک شێخ عەلیی کاکی لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت: "ڕەزا، ئەمە چییە کەس ما هەجوی نەکەیت و لێمانی نەتۆرێنی؟" دەڵێت: "بەڵێ... ئەوانەی هەجو هەڵناگرن، خوا و پێغەمبەر و ئیمامی عەلی و شێخی گەیلانی، هەجوی ئەمانەم نەکردووە". لەبەرئەوە دڵنیام ئەو ئێل و کەسە بەڕێزانەی کە ناویان بەخراپە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا دێت، هیچ دڵگیر نابن و تەنها لە سووچی هونەرمەندییەوە تەماشای شێخ دەکەن. خوالێخۆش بوو فەتاح ئاغای کاکەیی زۆر جار کۆی لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا کە بەسەر ئێلی کاکەییدا هەڵیداوە دەگرد و قاقا پێدەکەنی. هیچ گومانی نییە، نەوەی ئەو کەسانەی کە شێخ ڕەزا هەجویانی کردووە، لەپێش ئەوانیتر دیوانەکەی دەقۆزنەوە.

***

پلەی سێیەمی ژیانی ئەدەبی شێخ ڕەزا لە بەغدا بوو. شێخ عەلی بەهەموو توانایەکەوە تەقەلای ئەوەی دەدا دڵی خەلق ڕاکێشێتە لای خۆی، کەچی شێخ ڕەزا بەو هەجوانە خەلقی دەتۆران. ڕۆژێک حاجی عەلی قەردار دێتە لای شێخ عەلی و دەڵێت: "من پیاوێکی حاجی و دیندار و مەخلیصی تەکیەی تاڵەبانیم، کەچی شێخ ڕەزا لە شیعرێکدا منی هانیوەتە ڕیزی میناس گاوور، ئەمە چۆن خوا قەبووڵ ئەکا!" شێخ عەلی زۆری پێ ناخۆش دەبێت و دەنێرێتە دووی شێخ ڕەزا و هەر لە دەرگاکەوە: "ڕەزا... ئێمە تەقەلا ئەدەین دڵی

دوو مسولْمان راکیشین کەچی تۆ بەدوو قسەی هیچوپووچ لیمانی دەتۆرینیت... چۆن مسولْمانیکی حاجیی وەکو حاجی عەلی دەبەیتە ریزی میناس گاوور؟" شیخ رەزا دەلیت: "نازانم من لەدەس کێ سەری خۆم هەلْگرم... بەیانی زوو میناسیش دەرگای لیم گرتووە و دەلیت؛ من هەرچەنیک گاورم بەلاّم پیاویکی بە وجدانم، خوا چۆن هەلْئەگریت من دەبەیتە ریزی حاجی عەلی".

ئیتر شیخ عەلی بیری لەوە دەکردەوە کە شیخ رەزا لەم گیژەنگەیە دەربینیت و بیگەرینیتەوە سەر دۆخی دەوری دەرویشیی شیخ عەبدولرەحمانی باوکیان، لەبەرئەوە تەکیەی تالْەبانیی بەغدای پێ سپارد و کردییە شیخی ئەوێ و لە سالْی (١٣١٨هـ) وەکو "طبیب رغماً عنه" هاتە بەغدا و لە تەکیەی تالْەبانی لە گەرەکی مەیدان جیْنشین بوو.

لە بەغدا ئاشنایی لەگەلْ گەلیک لە پیاوە ناسراوەکان و ئەدیب و شاعیری کورد و عەرەب پەیدا کرد. لەوانە حەمدی بەگی بابان و سەلیم بەگی بابان و مفتی زەهاوی و شاعیری ناسرا و جەمیل صدقی زەهاوی و سەید مەحموودی گەیلانی و ئیبراهیم پاچەچی و عیسا ئەفندی جەمیل زادە... هتد.

دەگیرنەوە، شیخ رەزا رۆژیک لە بەغدا لەگەلْ سەید مەحمودی نەقیبی گەیلانی یاریی شەطرەنج دەکەن. بە دەستیکی شەطرەنج و بەو دەستیشیەوە تەسبیح، ویرد و دۆعا دەخوینیت. لەناکاو هاوار دەکات و دەلیت: "قتلتە ورب الکعبە" سەید مەحموود وا دەزانیت شای شەطرەنجی کوشت و دەلیت: "وین... وین قتلتە؟".. دەلیت: "ئەمە نا.. مفتی زهاوی" و هەجوەکەی مفتیی بۆ دەلیت و بە عەرەبی تیی دەگەیینیت. سەید مەحمود دەلیت: ئەمە چۆن بلیمەتیکە، بەدەستیک شەطرەنج و بەدەستیک تەسبیح، بەلیو وورد و دۆعا و بە بیر شیعر ریک دەخات!!

پیویستە ئەوەیش بلیین شیخ رەزا، لە حەقیقەتدا ئەو شیخ رەزایە نییە کە لە شیعرەکاندا خۆی بە گەلیک رەوشتی ناپەسەند ئیتتهمام دەکات کە بە تەواوەتی لەو رەوشتانەوە دوور بوو، بۆ نموونە، لە دەوری عوسمانیدا کە دەولْەت سەری بۆ گەلیک لە داواکانی دەولْەتە ئیستیعمارییەکانی ئەوروپا شۆر کردبوو، هەتا بیگانە بەپیی یاسای عوسمانی تاوانبار نەدەکرا، بەلْکو بە پیی یاسایەک کە "قانونی اغیار"یان پێ دەووت، شیخ رەزا دەیەویت گالْتە بەو یاسایە بکات. لە ستایشی ئەحمەد پاشای باباندا، توهمەتی کورە بولغارەکە بۆ خۆی دروست دەکات و داوای پارە لە ئەحمەد پاشا دەکات کە

بەپێی (قانونی اغیار) پارەی کوڕە بولغارەکە بدات. هیچ گومانی نییە ئەمە بێ ئەسڵ و فەسڵە. ئەیەوێت بڵێت کوڕێکی بولغاری حیزیش بەپێی یاسایەکی تایبەتی مافی هەیە. وەکو «الشعراء یقولون مالایفعلون».

گەلێک لە شاعیرانی کوردستان دانیان بە وەستایی شێخ ڕەزا لە مەیدانی شیعری غەزەلدا ناوە، یەکێک لەوانە مەلا محەمەد کەریمی قازیی سەقزییە (١٨٤٨-١٩١٠) لە دایک بووەن، کە نازناوی "کەوثەر"ە. ئەمەیش دەقی نامەکەیە کە لە مامۆستای کورد لە فارسییەوە کراوەتە کوردی:

"بۆ خزمەتی جەنابی زمانپاراوترینی شاعیران شێخ ڕەزا بە سەرگەردی وجوودی بەختەوەرت بم.

دوای پێشکەش کردنی ئارەزوومەندیی بێ بڕانەوە، لە بیری درەوشاوەی ئێوەی پایەبەرزدا ئاشکرابێ و نادیار نەمێنێتەوە. لە و ڕۆژەوە ئەم کەمینەیە توانای ئەوەی بووە مرواریی شایستەی شیعرەکانت و وتەی تەڕ و تازەی گەوهەری بیری دەست بۆ نەبراوی ئێوەی بەڕێز (خواتەمەنتان درێژ بکات)، لە صەدەف دەرهێنێن و لە گوێکەی دڵدا بیکاتە گوارە و لەلاپەڕەی دڵەی خەمیندا بینە مایەی سەردانەواندن و بەخشین و لەکۆشکی باخی بیری کەم و کورتیا بینە حوور و غیلمانی بەهشت و خزمەتگوزارانی سەردارانی تاجدار سەرومری ساڵ و مانگ و سەعات و ڕۆژ و شەو، ئارەزووی ئەم چاوە فرمێسکاوییە، دیتنی ڕوخساری ئەو زاتە داوێن پاکەیە دڵخوازی ئەم ستەمدیدەیەی ڕۆژگار، بۆ هەمیشە خوێندنەوەی شیعری ئەو پیرۆزو تازەیە، کە بە زمان و گیان و، دیار و نادیار، لە پێشگای یەزدانی پەروەردگار، لە سینەی پڕ بڵێسەدا مایەی هێور بوونی کڵپەی ئاگری دووری و هاوڕاز و هاو خەمینە.

بەڵێ لەم ماوەیەدا ئەوەی توانای لە ئەستۆگرتنی باسی ژانی دووری و باری ئاوات و تاسەی ئەم کەمینەیەی لەباردا بوو، لە پاڵەوانی دەوران برای میهرەبان مەلا عەبدوللا زیاتر بە چاک نەزانرا، بۆیە هەلی لەدەست نەدا و بەناردنی ئەم کورتە ئاواتنامەیە، کەوتە پەلە و بە کلیلی دەروازەی خستنەڕووی سکالا و پوختەی ئەوڕازەوە، قفڵی سنووقی ئاواتی مێژینەی خۆی کردەوە و بۆی سێ غەزەلی لە پالاوتەی بیری خۆی داڕشت و چنی.

سازم مگر سیاهی چشمان خود مداد
تا در لباس نامه ببینم جمال دوست

واتا:

مەگەر ڕەشێنەی چاوی خۆم بکەم بە مەرەکەب

تا جوانیی دۆست لە بەرگی نامەدا ببینم

هەرچەندە پێشکەشکردنی ئەم غەزەلانە و ناردنی ئەم دیاریانە بۆ مەڵبەند و هەرێمگەلی دەوڵەتی عوسمانی وەک ناردنی وردە (زیر)ە و (شال)ە بۆ (کرمانی)یان وەک لافی خەتخۆشییە لای هونەرمەندی (ئەسفەهانی)، بەتایبەتیش بۆ وڵاتی کەرکوک و کە بەبوونی تەشریفی موبارەکی ئێوە (خوا دەوامی گەورەییتان بدات)، وەک زێڕی قاڵبی کە میعیاری بێبەرەوە، کە شایستەی بەکار هێنانی نەبێ، بەڵام ڕەنگە لە کاتی ناوبردنی ئەم کەمینەیەدا بێتە مایەی یادگار و لەکاتی خوێندنەوەشدا ببێتە مایەی یادکردنەوە بە گوێرەی ئایەتی «لایکلف الله نفسا الا وسعها» بۆیە ناردمە خزمەتتان، چونکە وەکو وتوویانە:

طاعت ار هیچ نباشد گنهی باید کرد

در دل دوست بهر حیله رهی باید کرد

واتا:

ئەگەر هیچ تاعەتێکی خوات نەبێ، ئەبێ گوناهێ بکەی

چونکە مرۆ ئەبێ هەر چۆن بووە ڕێیەک بکاتەوە بۆ ناو دڵی دۆست

منیش بە ناردنی ئەم شیعرە ناڕێکانە، ڕێگەی دۆستایەتیم لە دڵی ئێوەدا کردووەتەوە، جەنابیشتان بەو پەڕی سۆز و ویژدانی خواپێداویی خۆتانەوە، لە کاڵ و کرچیی بەیتەکان و کەم و کووڕیی پایەکانی چاوپۆشی و پەسەندی چەشی گەوهەرباری بفەرموون، داخواز و تکاکاریشم چەند لاپەڕەیەک لە مرواریی شیعری خۆتان کە لە بەردەستدان و ئامادەن، لەهەر بابەتێک بن، چ لە بابەت ستایشی خوا و چ پیاهەڵدان و چ قەسیدە و چ لاقرتیو و توانج و داشۆرین و داواکاریان ئێجگار زۆرە، بە تایبەتی لای ئەم کەمینەیە وەک گۆگردی سوور وایە. بەناوی دیاری و خەڵاتەوە کە لای چا و و دڵڕووناکان دیارییەکی بێهاوتایە و لەگەڵ وەڵامنامەکەدا، بە مەلا عەبدوللادا بۆمی ڕەوانە بفەرموون، تا بۆ بڵاوکردنەوەی و برەوپێدانیان کەسانێکی زۆر لە وێژەی ئێوەی بەڕێز و دەست ڕەنگینتان ئاگادار بکەمەوە چونکە خۆت واتەنی «حەیفە بڕزێ تیغی مجەوهەر لە غیلافا».

لە کۆتاییدا خوا تەمەنتان درێژ بکات و هەمیشەش چاوەڕوانی مژدەی سەلامەتی و

فەرمانتانم.

بدون سابقه ابلاغ گفته اند خطا است
ولی بسوی هنرمند و اهل فضل روا است
سوال کردم ازین نکته از وزیر خود
جواب داد که اری جناب شێخ رضا است

واتا:

وتوویانە ڕاگەیاندن بێ ئەوەی پێشینەیێ لە نێوانا هەبێ، هەڵەیە
بەڵام لای مرۆی هونەرمەند و خاوەن فەزڵ ڕەوایە
لەم بارەوە لە ڕاوێژ پێ کراوی خۆمم پرسی
وەڵامی دایەوە، وتی: بەڵێ جەنابی شێخ ڕەزایە
(یا: بەڵێ، جەنابی شێخ ڕازییە)

ئێمە ئەو غەزەلانەی مەلا محەمەدی کریمی قازی کە لە بنەماڵەی شێخ الاسلامی سەقزە دەسمان نەکەوتووە بەڵام بەپێی ئەوەی ئەم کاغەزەی سەرەوەی ناردووە بۆ کەرکووک، دەبێت لەپێش چوونی شێخ ڕەزا بۆ پێشەوایی تەکیەی تاڵەبانی لەبەغدا کە لە ساڵی ١٣١٨ کۆچیدا بووە، بوو بێت. مەلا محەمەد زۆر بەترس و لەرزەوە شیعرەکانی پێشکەشی شێخ ڕەزا دەکات، ڕەنگیشە ئەو شیعرەی شێخ ڕەزای دیبێت کە بۆ عەبدوڵلا پاشای ڕەواندزی ناردبوو دەڵێت:

شاعیری گنده طبع همچو جعل
شعر او چون شعور او مختل

واتا:

شاعیرێکی تەبیعەت وەک قالۆنچە بۆگەن
ئەبێ شیعریشی، وەک هەست و شوعووری، شێواو بێ

***

شێخ ڕەزا و شاری کەرکووک

شێخ ڕەزا ڕۆڵەی شاری کەرکووکە، ژیانی منداڵی و هەرزەکاری لە کەرکووک ڕابواردووە و هەر لە کەرکووکیش بەهرەی هونەرمەندی وەرگرتووە. کەرکووک گۆڕستانی

باوباپیـریەتی، خـۆی و خـێـزانی زۆربەی تەمـەنیـان لە کـەرکـوک بـووە و جـوانتـرین و فـراوانتـرین بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لێـرە هەڵقـوڵاوە و لە ژێر چاوەدێریی باوکـێکی خواپەرست و زانا و شاعیر پەروەردە بووە و ژیانێکی دەروێشانەی ئاسوودەی ڕابواردووە. بەڵام ئەو بەهرە هونەرمەندییەی ئەوەندە ناگەهان بوو لە سنووری شاری کـەرکوک جێی نەدەبـووەوە و لەگـەڵ ژیانی دەروێشـانەی تەکـیـەدا نەدەگـونجـا ، دەیەویست، نەک تـەنهـا گەشتی وڵاتی عوسمانی و ئێران، بەڵکو بە جیهاندا بگەڕێت و جاڕی هونەرمەندیی خۆی پێدا بڵا و بکاتەوە.

بـیـــــــــــرون دلـده بـولـمـادم آثـار کـنـز راز
جـاک درونه عطف عنان ایتـمک ایسـتـرم

واتا:

لەدەرەوەی دڵدا نەمدیت ئاساری گەنجینەی ڕاز
دەمەوێت سەرپێچی لە بەستنی ڕووحی دەروون بکەم

بەڵام لە پاش کـۆچی دوایی باوکی، نە ئەم بەو ژیانەی دەروێشـانەیە ڕازی بـوو و نەیش مام و برا وەکوو باوکی نازیان دەکێشا ، تووشی گیروگرفتی ژیان بوو و دڵی لە کەرکووک و خـزمـانی خۆی ڕەنجـاوە و چەند جارێک بە تۆراوی کەرکـوکی بەجێ هێشـتـووە، بەڵام چۆلەکـەی دڵـی هەر بۆ کـەرکـووک باڵـەفـڕی کـردووە و بە پەشـیـمـانی گـەڕاوەتەوە شـارە دڵگیرەکەی خۆی.

بۆ موجتەهیدان گەرچی جەوازی نییە تەقلید
من موجتەهیدم، هاتم و تەقلیدی کەرم کرد

بەڵام چۆن بچێـتەوە کەرکوک، خۆی بە بەش خوراو ئەزنێت و خزمانی لەگەڵیدا باش نین.

بەم حـاڵە ئەگـەر دەفـعـەیێ تر بچـمـەوە کـەرکـووک
مـــەعلومـــە بە مـــەردی نەرواوە لەســـەرم تـووک
بۆچ بچـمـەوە کـەرکـوکی قـورمـســاغ کە لەگـەڵ من
ئەهلی هەمـوو نـاسـازە وەکـوو ئـاوی حـەمـامـووک

گلەیی لە کـەرکـووک ناکـات، دڵی هەر بۆ کـەرکـووک لێ دەدات، بەڵکو لە کـەسوکـاری

خۆی کە نەیانتوانیوە دڵی بێننەجێ، لەبەرئەوە غەریبی و ستەم ئەچێشێت و سەر بۆ خزمانی دانانوێنێت:

پێم خۆشە، لەبەر جەوری برا و لۆمەیی ئەقوام
صەد جار لەغەریبی بکەوم موفلیس و مەهتووک
ڕۆژێ بە مورادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جگە گەهـ بووک*
شەش مانگە زیاتر کە لەپاش مەرگی بدەرم من
مەغدوورم و مەظلووم و جەفا دیدەو و مەهتوک

* جگ و بووک دوو باری نیشتنەوەی "قاپ"ە کە یاریی پێ دەکەن.

لەشیعرەکەی کە تەمێی شێخ عەلی کاکیی دەکات، ئەوی کردووە بەهۆی بەجێ‌هێشتنی کەرکووک، چونکە لەکەرکووکدا هیچ سامانێکی وای نەبووە.

بێگانە هەموو صاحبی جاهـ و جەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕوتن

لەکەرکووکدا تەنها خانوویەکی بچووکی هەیە و تێدا ناحەسێتەوە:

حوجرەیێکم هەیە بە قەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم بە شەو ئەتەپێ
....
سەر و ڕیشم لە تۆز و قسڵ و گەچا
وەک پەڵاسێکە پڕ لە ڕشک و سپێ

لەهەموو ئەمانەدا شێخ عەلیی کاکی تاوانبار دەکات و پەلاری بۆ ئەو دەوەشێنێت

شێخ عەلی خۆ تو منت ئاوارە کرد و دەربەدرە
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارەکرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

حەمەی وەستا فەتاح وەکیل خەرج و جێ باوەڕی شێخ عەلی بوو.

هەر چەنێک خۆشترین ڕۆژانی ژیانی لەبەر تەکیە بوو، بەڵام کە لە تەکیە تۆرا ڕقی لە هەموو شتێک بووەتەوە و بەرتەکیەیشی لەبەر چاو کەوتووە:

حەرام زادە و دایکی خۆ گێ لەبەرتەکیە زورە
خلە و بلە و فشەگالتە و عەزە دەمبۆرە

هەروا جنێو بە هەموو کەرکووکیان دەدات:

مەکەن باوەڕ بە قەولی داکی خۆگێکانی کەرکووکی
ئەگەر خەلطێ بکەن وابزانە گا قۆڕانی و کەر کۆکی

دیسانەوە دەڵێت:

کەبابی گۆشتی بزن، فاکهەی بەری خڕنووک
لەمن بپرسە صەفای شارە حیزەکەی کەرکووک

شێخ ڕەزا لە کەرکوک سامانێکی وای نەبوو کە برا و خزم لێی زەوت بکەن، ئەوەی لە شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی مابووەوە دوو دێی "قرخ" و "تاڵەبان" بوون کە بۆ ئەو دانرابوون. شێخ عەلی لەپاش باوکی، بەدەستەڵاتی خۆی هەندێ دێی دەسکەوت کرد بوو، وەکو : قەرە حەسەن لەیلان و یەحیاوا و زەوی و زاری پشت تەکیە. شێخ ڕەزا دەیویست ئەمەش لەگەڵیدا بەش بکرێت. لە تەخمیسی غەزەلێکی "حافظ"دا ئەم گلەیی دەکات و خزمانی تاوانبار دەکات و دەڵێت:

تعدایی کە با من اقرابا کرد
ندیدم شمر با آل عبا کرد
مگر از حال من رمزی ادا کرد
(سحر بلبل حکایت با صبا کرد
کە عشق روی گل با ماچها کرد)
ز عقرب طینتان عم و خالم
پریشان روزگار و خستە حالم
مهیا از پی تاراج مالم

(مـن از بـیـگـانـگـان هـرگـــــــــز نـنـالـم
کــــه بـا مـن هـرچـه کــــرد آن اشنـا کــــرد)
پـراز زاغ و زغـن صــــحن گـلـســـــتـــــان
ز شــــادی کـــبک قـــاها قـــاه خندان
هـزارانـرا هـزاران داغ حــــــــرفــــــان
(بهــــر ســـو بلبـل مــــسکین در افـــغـــان
تـنعم درمـــیـــان باد صـــبـــا کـــرد)
(رضـــا) را نفـــرت است از خـــرقـــه پوشـــان
ز عـــشق و شــــورمـــاچون دف خـــروشـــان
مـن و مـن بـعــــــد بـزم بـاده نـوشـــــان
(بشــــارت بـر بـکوی مـی فــــروشـــــان
کــــه (حــــافظ) تـوبه از زهـدو ریـا کـــرد)
واتا:
ئەو تەعدایەی کە خزم لە منی کرد، شمر بە ئالی عەلی نەکردووە،
تەنها توانی ئەوە هەیە نیشانەیەکی حالّی من
بە دەست دەستدرێژیی خزمانەوە باس بکرێ،
سبەینان بلبل ڕازی خۆی بۆ شنەبای بەیانی گێڕایەوە،
وتی عەشقی ڕووی گوڵ مەگەر هەر خوا بزانێ چیی بە ئێمە کرد.
لە دووپشک ڕەوشتەکانی مام و خاڵم
ڕۆژگارم پەرێشان و حاڵم خەستەیە
ئامادەی بە تاراج بردنی ماڵم
من هەرگیز لە دەست بێگانەکان نانالێم
چونکە هەرچی لە من کرا ئاشنا کردی
حەوشی ناوباخ پڕە لە قەلەڕەش و قەلەبازەکە و
کەو لە خۆشیدا قاقا پێئەکەنێ
بەڵام بولبولان هەزار داخی
بێ بەشییان پێوەیە
ئەڵێ: لەم ناوەندەدا ئەوی

کەیفی کرد بای صەبای بەیانیان بوو
(ڕەزا) بێزارە لەوانەی خەرقە لەبەر ئەکەن
ئێمە بە هۆی عەشق و سۆزی عەشقەوە وەک دەف هاتووینە جۆش
من ئیتر لەمەولا هەر لەگەڵ بەزمی بادەنۆشان ئەبم
مژدە بەر بۆ گەڕەکی مەی فرۆشان
کەوا (حافز) تۆبەی لە ڕیا کردن و خۆ بە درۆ بە خواناس دانە قەڵەم، کردووە

لەگەڵ ئەم هەموو هێرشەی بەسەر کەرکووکدا، شێخ ڕەزا پارێزگاری لە خەلقی کەرکووک دەکات و دەڵێت:

گرچە جمعیت کرکووک کم از بغداد است
قابلیت نە بتعداد بە استعداد است

واتا:
هەرچەند ژمارەی دانیشتووانی کەرکووک لە هی بەغدا کەمترە،
توان بە ژمارە نییە، بە لێهاتن و ئامادەییە.

ئەم پارێزگارییەی لە کەرکووک، لە بەغدا دەیکات پێ دەڵێن کەرکووکی لە بەغدا کەمن و دەستەڵاتێکی وایان نییە، لە وەڵامدا:

هەرچەنێک کەرکووکی لەغدادا کەمن
توانا بە ژمارە نییە بە بەهرە و زیرەکییە

***

ماڵی شێخ ڕەزا لە گەڕەکی بەرتەکیە

ماڵی شێخ ڕەزا، دەکەوێتە بەرامبەری دەرگای دووەمی تەکیە (بەرەو ڕۆژئاوا) بریتییە لە دەرگایەکی گەورە کە بە پێی نەقشەی ئەو سەردەمە لەهەردوو لاوە دوو سەکۆی لێیە (سەلاملغ). کە دەچێتە ژوورەوە، ژوورێکی بچووک بۆ قاپییەوان و بەدەستە ڕاستدا ژوور و هەیوانێک دەنواڕێتە سەر حەوشێکی گەورە کە مەلا ئەوڕەحمان و خێزانی تێدا دەژیان. لەم حەوشەدا دوو حەوشی تری جیا دەبێتەوە، یەکەمیان ماڵی شێخ واحیدی برای شێخ ڕەزایە و دووەمیان ماڵی شێخ ڕەزایە.
ماڵی شێخ ڕەزا بریتییە لە حەوشێکی گەورە و دۆر و خەزنە و دوو ژوور و هەیوانێک.

دۆرو خەزنە جێگای ژیانی خێزان بوو و ئەو دوو ژوورو هەیوانەیش بۆ میوانی تایبەتی. چونکە میوانانی تری لە تەکیە دەبوون. پەنجەرەکانی ژوورەکان دەنوارێتە (باغی فەرهاد) و گەڕەکی سەی سەروەرو قەڵای کەرکووک. ئەم خانووە تاک و ئێستا ماوە.

شێخ ڕەزا ژوورەکەی خۆی کردووەتە هۆی هەجوی وەستای دروست کردنی کە دەڵێت:

حــــوجـــرەییێکم هەیە بەقـــەدەر لەپێ
ڕۆژ عـــیـــلاجی ئەکـــەم بەشـــەو ئەتەپێ
مـــەنفـــەز و درز و ئاو دزی هەرچەند
دەیـگـرم، دەیـکـوتم بـە دەست و بـە پـێ
شـەو کـە دێم، دەم دەکـاتەوە وەکـو هار
وا ئەزانم صـــەگـــە و بەمن ئەحـــەپێ
ســـەر و ڕیشم لەتۆز و قـــسڵ و گـــەچا
وەک پەلاســـێکە پڕ لە ڕشک و ســـپێ
خـــەمی شـــاگـــردەکـــان زیاتر ئەخـــۆم
گـەورە هەر چاکـە ئاخ لەدس دەس و پێ
ژنی وەســـتـــاکـــە بۆچ نەگـــێم تـوخـــوا
ســاق و سـمت لووسی، کـوز پڕی دەرپێ

***

شێخ ڕەزا و شێخ عەلی

شێخ عەلی تاڵەبانی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانە و برا گەورەی شێخ ڕەزایە. لەپاش کۆچی دوایی باوکی، بووە پۆست نشینی تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک و شێخی ڕێبازی قادری. لە دەوری فەقێییدا، بۆ مەبەستی خوێندن، گەلێ شارانی کوردستان گەڕاوە و لەلای داناکانی کوردی ئەو سەردەمە زانستی ڕێبازی ئایینی ئیسلامی خوێندوە.

شێخ عەلی پیاوێکی لەسەرخۆ و زوبان خۆش و بێ فیز و هەمو و قورئانی پیرۆزی بەلێکدانەوە (تەفسیر) لەبەر بووە. لەزانستی پزیشکی و ناسینی گیا و درەختی دار و

دەرمانیش شارەزا بوو و کتێبێکی دەسنووسی لەسەر ئەمە داناوە.

شـێخ ڕەزا، لەژێر سـایەی باوکیـدا ژیانێکی دەروێشـانە ژیاوە. بەڵام لەپاش کـۆچی باوکی، هەر چەنێک شێخ عەلی بۆ گوزەرانی شێخ ڕەزا و فامیلیای دریغی لێ نەکردووە و دەیویست شێخ ڕەزایش، لەسەر پیشەی باوباپیری ڕێگای ئایینپەرستی بگرێت، بەڵام شێوەی ژیان گۆڕابوو بلیمەتیی شێخ ڕەزا لە مەیدانی شیعر و ئەدەب پاڵی پێوە دەنا کە لەچوارچێوەی تەکیە و دەروێشی دەرچێت و بچێتە مەیدانێکی فراوانتر و لەناو کۆمەڵاندا جێگایەکی ڕەوای خۆی وەرگرێت. کەچی شێخ عەلی ئەم جۆرە ژیانەی بۆ مسۆگەر نەدەکرا و لە شێخ عەلی دەتۆرێ دەچێتە کۆیێ لای شێخ غەفووری مامی، بەڵام شێخ غەفووریش دەیویست ژیانێکی ئاسوودەی بۆ ڕێکخات لایەنگیری ئەوە نەبوو بچێتە شاران. کەچی شێخ ڕەزا دەڵێت:

پێم خـۆشـە لەبەر جـەوری برا و لۆمـەیی ئەقـوام
صـەد جار لە غـەریبی بکەوم مـوفلیس و مـەفلوک
شـەش مـانگە زیاتر کـە لەپاش مـەرگی پدەر من
مـەغـدوورم و مەظلووم و جەفـا دیدە و ومـەهتـووک
....
بەم حـاڵە ئەگـەر دەفعـەیێ تر بچـمـەوە کـەرکـووک
مـەعلوومـە بە مـەردی نەڕواوە لەسـەرم تووک

نایەوێت نە برا بچووکیی شێخ عەلی بکێشێت و نەیش ژیانی دەروێشانەی تەکیە. دەیەوێت لەمە سەرفراز بێت و بچێتە دونیایەکی فراوانتر و دەڵێت:

مـن خـواجـەئی ئەحـرارم و ئامـێـزشی دونیـا
هێـشـتـا کـە نەمـیکردووەتە بەندەیی مـەملووک

بەڵام وەکـوو دەڵێن؛ "بەرد لەجـێی خـۆی سـەنگینە" و دووبارە ئارەزووی ئەو ژیانەی بەرتەکیە ئەکاتەوە و لەوە پەشیمان دەبێتەوە کە لەگەڵ شێخ عەلی کاکیی بەشەڕ هاتووە.

صـەد دەفـعـە وتم وەخـتێ کـە دیم نەخـوەتی قـەلبی
یاڕەب کـە لەگـەڵ شـێخ عـەلی بۆچی شـەڕم کـرد؟

شێخ ڕەزا خۆی لە دژایەتییەکی نەفسی دەبینێت. لەلایەکەوە شێخ عەلی لە جێگای شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی دانیشتووە و ئەو جێگایەی پڕ کردووەتەوە، بەڵام بەم چی! ئەم ژیانێکی تری دەوێت. لەلایەکەوە دەڵێت:

ئەمێستایش (شێخ عەلی)ی نەجلی کە پیری صاحب ئیرشادە
ئەمیش وەک باوک و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود

هەروەها نەصیحەتی دەکات کە لە ڕێگای باوکی لانەدات:

شێخ عەلی ئەطواری باوکت تێک مەدە
(قل هو الرحمان آمنا بە)

کەچی لەو کاتەی کە شێخ عەلی لە حەج دێتەوە و هەموو جەماوەری شاری کەرکووک پێشوازیی لێ دەکەن، دەڵێت:

چەند هەتیو خۆی تاسولووس دا چوون بە پیری شێخەوە
کاشکی مووێ بوومایێ من بە کێری شێخەوە

کەچی لەلایەکی تریشەوە دەڵێت:

ایها الناس بشارت کە ولی من آید
آشنای ازلی شێخ عەلی من آید

واتا:

خەلقینە مژدە بێ وەلی دێت
شێخ عەلی ئاشنای ئەزەلی دێت

شێخ عەلی بۆ خزم و بێگانە پیاوێکی کیسەکراو بوو، بەڵام شێخ ڕەزا دەیەوێت هەر بۆ برا بێت.

بێگانە هەموو صاحبی جاە و جەبەڕووتن
بێچارە برای (شێخ عەلی) موفلیس و ڕووتن
ئەی شێخ عەلی چاکە و ثووقت بە برا بێ
باوەڕ مەکە بەم خەلقە کە وەک تولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە بەگوش بوون

تەحــقــیــقی بزانە بەخــودا جــوملە عــەدووتن
ڕەحــمــیــان نیــیــە دەربارەیی تو خــزم و ئەقــاریب
مــوشــفــیــقــتــرە بێگانە لەمــانە کــە عــەمــووتن
نـادان و قـــورمـــســـــاغ و نەزانـن کـــە ئەمـــانە
گـــاهێ لەســـەمـــا ، گـــاە لە ســـەیری مـــەلەکـــووتن
ئەم تەکـیــە نوشـینانە، چە دەروێش و چ صـــووفی
هەرچەندە بە دڵ مــوشــتــەغــیلی ذیکر و قــونووتن
وەک حاجییێ مابەینی (صەفا)و(مروە) بە تەعجیل
بۆ لوقــمــە ئەمــانیش بە مــەثەل یوونس و حــووتن

ئیمجا دێتەوە سەرخۆی و دەڵێت:

جــومــعــانە بڕاوە، بەخــودا مــوفلیــســە (لامع)
نەپوولی حـــــەمـــــامی هەیە نەپارەیی تووتن

لەلایەکـەوە شـێخ عـەلیی کـاکی دەباتە ڕیزی ئەولیـا و ئاشنای خـودا، لە لاییێکەوە کە دەڵێتیش.

لازمــە بۆ شــێخ ســبــەینان گــورگــە خــەو
تا بڵــێن شــێخ عــابدە و نانوێ بە شــەو

لالوتیی شێخ عەلی لەگەڵ شێخ ڕەزادا، زۆربەی لەبەر دڵ شکاندنی دۆست و ناسیاوی بوو. بۆ نموونە، لە بنەماڵە ناسراوەکانی کەرکووک کە دۆستێکی زۆر نزیکی شێخ عەلی بوون، بنەماڵەی (خادم السجادە) و مەلا مارفی مەلا عەبدوللای خدری و حاجی عەلی قەردار... هتد. شێخ عەلی دەیویست شێخ ڕەزا واز لە و وتە ناشرینانە بێنێت و ڕێگای با و باپیری بگرێت. بەڵام هونەری شێخ ڕەزا لەوەدا بوو و شیعرەکانی بەسەر زمانی خەلقەوە بوو. هەر لەبەرئەوە ، شێخ عەلی شێخ ڕەزای کردە نوێنەری خۆی و پێشەوایی تەکیەی تاڵەبانیی بەغدای پێ سپارد.

لە شیعرێکی تریدا کە بە شێخ عەلی کاکیی دەڵێت، جنێوێکیش دەداتە حەمەی وەستا فەتاح.

(شـێخ عـەلی) خـۆ تۆ منت ئاوارە کـرد و دەربەدەر
چاکـە هەجـوێکت بکـەم ئەمما مـوفـیـدو مـوختـەسـەر
بۆ حەمـەی وەسـتا فـەتاح ئێـمـەت هەمـوو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەسـتا فـەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

لە شـیـعـرێکی تریشدا کـە باسی ئەو ئازووقـەیە ئەکـات کـە شێخ عـەلی وەری ئەگرێت ئەڵێت:

ئەم دەغـڵـە کـە تەسلیـمی دەکـا شـێخ بە هەجـیـجی
نوقــصــانی ئەکــات هەر لـە تەغــارێ دە کـەویـجی
ئەصـل و نەسـەبت دۆمـە لە من بـووی بە هەجـیــجی
بێ مــروەت و ئینصــاف و حــەرامــزادە و بیــجی

***

شێخ ڕەزا و شێخ مەحەمەد عەلیی برازای

شـێخ مـەحـەمـەد عـەلی، کـە بە "کـەڕە" ناسـراوە، کـوڕی گـەورەی شـێخ عـەلی شـێخ عـەبدولڕەحمانە. لەپاش کۆچی دوایی باوکی، هەرچەنێک ئەو پۆست نشینی تەکیە بوو، بەڵام لەبەر گـوێ گـرانی و زوبان لەنگی ئەم کـارەی پێ نەدەکـرا و هەر لە هەرزەکـارییـەوە ئەمەی سپاردە شێخ جەمیلی کوڕی گەورەی.

شـێخ مـەحـەمـەد عـەلی پیـاوێکی ئازا و دەس کـراوە و مـێـوان گـوزاربوو. لەو کـاتەدا مێوانخانە (ئوتێل) نەبوو. زۆربەی پیاوە ناسراوەکان یان لە تەکیـەی تاڵـەبانی و یان لە خانەقای سەید ئەحمەد میوان دەبوون و هەمیشە سوفرە و خوانی شێخ بۆ میوان ئامادە بوو. دایکی شێخ مەحەمەد عەلی؛ زوبەیدە خانمی کچی برایم پاشای باجەڵانە.

شـێخ ڕەزا، وەکـو ، تارادەییێک، شـەرمی لە شـێخ عـەلیی کـاکی دەکـرد، سـووی لەم نەدەبووەوە، لەبەرئەوە ناکۆکییان لەنێواندا هەبوو و لە شیعرێکدا دەڵێت:

سـا بێ زگی خـۆت هەڵـمـەدڕە و مـەمـرە لە داغـا
ئەم قـەومـە هەمـوو مـردن و تو مـای لە وەجـاغـا
لـەولاوە پـەلـێـکت لـە زەهـاو پـەل دەوەشـــــێـنـی

لەم لاوە ڕەگــــێکت لە کنی ســـــاوجـــە بولاغـــا

مەبەستی لەمە، شێخ مەحەمەد عەلی دوو ژنی هەبوو، یەکێکیان زێبا خانمی کچی عەلی بەگی برایم پاشای زەهاو و ئەویتریان فاطمە خانمی شێخ قەسیمی نەهریی سابلاغە.

شێخ مەحەمەد عەلی بەسوار چاکی و نیشان شکێنی ناوی دەرهێنابوو. شێخ ڕەزا لەم شیعرەی خوارەوە باسی دەست و تفەنگی دەکات و دەڵێت:

گـەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیـمی تفـەنگبـازیی ئەکـرد
ڕۆســـتـەم ئاســا چووە پارێز لە یەکی تیـــتلە بیـــجــاع
هەر کــــــە ئەنگـاوتی، وتم؛ دەک دەس و بـازووت نەڕزێ
هەر کـەسێ پێت نەڵێ ڕۆســتـەم تەرەسـە و قــوڕڕومـســاغ

شەوانی زستان پیاوانی بەرتەکیە لەدیوەخانی شێخ مەحەمەد عەلی کۆدەبوونەوە، بە نوکتەبازیی (خلەکەزی) و یاریی (سینی و زەرف) شەویان دەبردە سەر. شێخ مەحەمەد عەلی بۆ ئەوە کۆیانی دەکردەوە نەچنە ناوشار و تووشی گێچەڵ بن. شێخ ڕەزایش تاسوقی لەو کۆبوونەوەیە دەکرد، بەڵام دانوولەی لەگەڵ شێخی برازایدا نەدەکوڵا و گوێیان لێ کەڕ دەکرد. شەوێک دەیەوێت بچێتە دیواخانی برازای، بەڵام دەرگای لێ ناکەنەوە.

ڕووم کـــــردە بەزمی خـــــاسی بـرازا ئەزیزەکــــەم
ئەم شـەو، بەصـەد تـەوازوع و ئیـخـلاص و سـەرکزی
ڕووانیم لە درزی قــاپیـــیــەوە خــۆی و تابیـــعــان
دانیــــشـــتـــوون دوور ڕیزە لە دەوری خلەی کــەزی
دەتووت تەمێ کرابوو بە مەخـصـووصی قاپییـەوان
خـۆی کـرد بە نێـرە تورک وتی "کـیم یلیـر سـزی؟"
پێم وت منم کـــەســەکـەم مــامـــە شــێخ ڕەزام
«تانمزمیـسن، خومـەییس ئەفـەندی، مـەگـەر بزی؟»
ئەم ســـەددی بابە بۆ منە ئیـــزهاری کــــە تا بڕۆم
یان مـەرحـەمـەت کـە حیـزە لەسـەرمـا گـونم تەزی
ئەمـــجــــا بەکـــوردی هاتە تەکـــەللم وتی بەڵێ

ئەو شـێـخـە حـیلە باز و قـومـاربـاز و کـەر دزی
وەخـتێ کـە لەم مـوعـامـەلە زانیم غـەرەز چییـە
دەرحـــاڵ گـــەرامـــە پاشـــەوە ئەمما بەعـــاجـــزی

شێخ ڕەزا کە لە شێخ عەلی کاکی لالووت بوو؛ لەگەڵ شێخ مەحەمەد عەلیی برازای گۆم لە نێوانیاندا بوو. شێخ عەلی نازی برا بچووکەکانی دەکێشا بەڵام ئەم قسەی سووکی لە مامی قبووڵ نەدەکرد. شێخ ڕەزا ڕۆژێک بەم هەڵبەستەی خوارەوە هەجوی شێخ مەحەمەد عەلی دەکات:

نەت و دەرپیـــشی مـــریدان چو شکر شـــیـــرینی
بەخـــدا ای پســـر شـــیـخ تو هرجـــا شکری

واتا:

تۆ تەنها لەبەردەمی مریدەکاندا وەک شەکر شیرین نیت
بەخوا قەسەم ئەی کوڕی شێخ تۆ لە هەموو شوێنێکا شەکری یا تۆ هەر جاشە کەری!

شێخ مەحەمەد عـەلی دەیگرێت و قـۆڵی با دەدات و هەڕەشەی لێ دەکات، شێخ ڕەزا دەڵێت: توو بە پێچەوانە تێگەیشتوویت، من وتومە:

«تو هەرجا شەکریت، نەک هەر جاشەکەریت»

شێخ ڕەزا ناڕەزایی خۆی لێ دەربڕیوە و لەم هەڵبەستەی خوارەوە ئیتر پەردەی لە نێواندا هەڵگرتووە.

شـێخ کـە هام صـوحـبـەتی شـامـار و نەدیمی حـەمـە بێ
شـێخ کـە دۆسـتـی مـچـەڕێژاوی یـو ئەحـمـەد جـەمـە بێ
شـــێخ لەبەر جـــەلبی دڵی ئایشـــە کـــوڕانە، ژنەکـــەی
شـیـر بکێـشـێـت و لە ڕووی والیـدە دەسـتـە و قـەمـەبێ
شـــێخ کـــە قـــودســـیـــیـــەتی پیـــرانی تەریقـــەت لە کنی
هەمـوو ئەفسـانەو و ئەفسـوون، هەمـوو گاڵتـە و گـەمـە بێ
شـێخ کـە گـەووادێ وەکـو (خـادمی سـوجـجـادە) لەلای
سـەییـدی حـوڕ، لە سـولالەی عـەلیـو فـاطمـە بێ
شـێخ کـە قـەسـری حـەرەمی گـەییـە مـەقـامی ئەعـلا

سەر بڵند كات و بڵێ شێخ ئەمە، قەسری ئەمە بێ
شێخ ئەوا گوێ هونەری بردەوە كەشكەك صەڵەوات
شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە دەستی بەمە بێ

***

شێخ ڕەزا و حەمەی وەستا فەتاح

حەمەی وەستا فەتاح یەكێك بوو لە دانیشتوانی بەرتەكیەی كەركووك و وەكیلی خەرجی شێخ عەلی بوو. شێخ عەلی؛ جگە لە نان و شۆربای تەكیە، بۆ برا و خزمانی ئازووقە و موچەی ساڵانەیشی دەدانێ و ئێوارانیش لەمەنجەڵی ماڵی خۆیەوە خۆراكی شامی بۆ دەناردن. حەمەی وەستا فەتاح سەرپەرشتیی ئەمانەی دەكرد، لەبەر ئەوەی حەریص بوو لەسەر ماڵی تەكیە و شێخ عەلی، گوێ بەهەڕەشە و گورەشەی شێخانی نەدەدا و هەركەسە بەگوێرەی مووچەی خۆی، دابەشی دەكرد.

شێخ ڕەزا، هەر لە بناغەوە، بەم مووچەیەی كاكی قایل نەبوو و دەیویست بەزۆرە ملێ لەحەمەی وەستا فەتاح لەوە پتر بپچڕێنێت و ئەویش نەیدەدا. لەبەرئەوە شێخ ڕەزا لەسەر چۆك بۆی دانیشتبوو لە پاڵی ئەوە وە جارجار پەلاری لە شێخ عەلیی كاكیشی گردووە.

لە یەكێك لە هەجوەكانی حەمەی وەستا فەتاح دەڵێت:

هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گووزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە
بە تەحریكی تەڵێكی صەد هەزار نەفسی بە كوشتن دا
ڕەئیسی حیلەكاران، شای قومارباز انە ئەم ڕیشە
بەبای سەرسەرِ لە شوێن خۆی ناجمێ ڕیشی ئەمەند سەختە
بەبێ حیكمەت نییە گەر جار بەجار لەرزانە ئەم ڕیشە
بە زاهیر سافە وەك زیوی سپی، ئەمما لە باطیندا
ڕەش و پیس و مەلووەث، وەك بنی قازانە ئەم ڕیشە
بەمەكرێ ئەمڕەتێنێ حەز بكا هەرلێرە تا (موكری)
پەناهم دەی خودایا خاوەنی زۆرزانە ئەم ڕیشە

کە سەیرم کرد، دەزانم شێخ لەمن مەسرووورە یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح، بۆ حاڵی من میزانە ئەم ڕیشە
هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بەصەد باتمان خوری گەر دەس کەوێ هەرزانە ئەم ڕیشە

***

لە یاریی زەرفێندا

یاریی زەرفێن لە کوردستاندا باوبوو. ئەم یارییە بریتییە لە یانزە زەرفی لە تووج دروست کراو، لەسەر سینییەک ڕیز دەکرێت و لەژێر پەردەوە ئەنگوستیلەیەک لە یەکێکیدا دەشاررێتەوە. یاریکەران کە دەبنە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان دەیشارنەوە و ئەویتریان دەیدۆزنەوە. لە شارەکانی کوردستاندا، لە نێوان دوو گەڕەک، یان دوو شاردا لە شەوانی زستان و بەتایبەتی شەوانی مانگی ڕەمەزاندا دەکرا. گرەویش لەسەر سینییەکەی داتڵی یان پاقلاوە بوو. لەم یارییەدا، گەلێک زیرەکی و جارجاریش فێڵبازی دەکرا.

شێخ ڕەزا باسی فێڵبازیی ئەم یارییە ئەکات و ئەڵێت:

ئەی مەلا قەد تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزبی بەختی من یا مۆرکەت موی پێوە بوو
حاڵ لە سێ خاڵی نییە توخوا بە ڕاستی پێم بڵێ
موی سمێڵت یا بەرت یا کلکی یا بووی پێوە بوو
وا دەزانم مووی ڕزیوی پێستی دەبباغخانە بوو
چونکە ئاساری کەتیرە و جەوت و مازوی پێوە بوو
پەشمی پاشت بۆ مەزەندە چونکە وەختێ ڕۆژهەڵات
دیققەتم کرد دەوروپشتی زەرفەکان گوی پێوە بوو
مووی سەگی گەڕیش وەها نابێ، بەتەخمین صەد هەزار
ڕشک و ئەسپێ و کێچ و کەهلە، کرم و کەرنووی پێوەبوو
ئەلغەرەز دولبشکی ڕووحم چوو لە ترسان ئەو شەوە
هێندە دوپشک و هەزار پێ و مار و مێرووی پێوەبوو

قـاوەچی ڕووی سینییـەکـەی هەرچەند بەنینۆک هەڵکڕاند
قــەلعی ئاســاری نەکــرد هێــشــتــا بەشی تۆی پێــوەبوو
زۆر نەمــابوو بۆبی ســەرگــیین بمکوژێ، وای تێــدەگــەم
تووکی بن کلکی کــەر و بارگــیــری مــردووی پێــوە بوو
داوەکــەی مــوویینت و گــوویینت بە کــاری هیچ نەهات
گەرچی هەر لایێ دوو صەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو

***

لەگەڵ شێخ هۆمەر

شـێخ هۆمـەر لە کـاتی پێگەیشـتنی مێـوەهاتدا، بە قـەرتاڵە قـۆخ و ترێ و هەنجـیری بەدیاری دەهێنا بۆ شـێخ ڕەزا. بەڵام جـارێک دێت و قـۆخی پێ نیـیـە و شـێخ ڕەزا وا پێشوازیی لێ ئەکات.

هەر لەناکـا و زرمـەیەک هات کێی کوڕە (شـێخ هۆمـەرە)
شـێـخی چی مـردووت مـرێ بۆچی نەتگوت جـاشـەکـەرە
دەردی لوقـووی گـرت لەناکـاو شـێـخـە توهمـەت کـەرەکـە
ئەو قـیـافـەت حـیـزەکـەی هەیئـەت وەکـوو کـەمـتـارەکـە
قـۆخ وەهای لێ کـرد، لە جێی قـۆخ کـاشکی پۆخی دەخـوارد
شـێـخـەکـەی دەم چەوتەکـەی لچ گـێـڕەکـەی لێـو خـوارەکـە
کــوردە بێ نامــووســەکــەی گــۆرانە قــوڕمــســاغــەکــەی
حــیــزەکــەی بێ دینەکــەی کــەربابەکــەی بێــعــارەکــە

***

زۆرانبازیی شێخ ڕەزا و شێخ ستار

شێخ ڕەزا پیاوێکی بالا بەرزی چوارشانەی بەهێز بوو. لە مەیدانی گاڵتە و گەپدا، نەک تەنها هێزی زوبانی، جارجاریش هێزی بازووی بەکارهێناوە.

لەم گاڵتە و گەپەدا، شێخ ڕەزا و شێخ ستاری تاڵەبانی زۆران دەگرن و شێخ ڕەزا شێخ

ستار ئەبەزێنێ و دەیداتە زەوی. بەم شیعرە فارسییە، باسی ئەم زۆرانبازییە ئەکات:

ستار آنکه هست به نیر و تهمتنا
ایزد نیا فریده چون او اهریمنا
دوش از درم در آمد و فرمایدکای رضا
(انت الذی تصارعنی قلته انا)
خندید قاه قاه که روباه چون زند
باشیر پنجه تاتو زنی پنجه با منا؟
گفتم بجای خود بنشین اینقدر مناز
باکرهای ساعد و یا میل گردنا
هومان که پهلوان جهاد بود عاقبت
دیدی چەکونه اش بسر آورد بیژنا
گر تو بزور بازوی خود بیژن، من آن
غرنده اژدرم که ببلعید بهمنا
چون این سخن شنید بر آشفت از غضب
گردن فراخت زد باکمر عطف دامنا
دستی دراز کرد و گریبان من گرفت
تا افگند بخاک منی شیر او زنا
هرچند سعی کرد تنی من تکان نخورد
از جای خود تکان نخورد کوه آهنا
نیروی او چونیک بمن آشکار شد
جستم زجای و چون پسر کاوه قارنا
مانند پور زال گرفتم کمر کهش
بر بوده مش زخاک چو یک دانه ارزنا
اورا ز روی خشم جنان بر زمین ردم
کز مردنش هنوز دلم نیست ایمنا

آواز جـــرت و پرت درونـش بلـند شـــد
وز بارگـاه مـقـعـدش افـتـاه شـيـونا
آهی زدل کـشـيـد چو نادم بگاه مـرگ
گـفـتـا: (حـيـاته ذهب، مـوته دنا)
برقـوت و شـجـاعت (لامع) جنان بدل
اقـرارکـرد و گـفت: تو مـردی و من زنا

واتا:

ستار، ئەو کەسەی بەهێز تەهەمەتەنێکە
خوا ئەهریمەنێکی وەک ئەوی دروست نەکردووە
دوێنێ لەدەرگای ماڵەکەوە هاتە ژوورەوە و نەڕاندی؛ ڕەزایا
تۆی ئەوەی لەگەڵم بە زۆران دێی؟ وتم؛ منم
قاقا پێکەنی و وتی؛ ڕێوی چۆن پەنجە لە پەنجەی شێر ئەدا تا تۆ پەنجە لەپەنجەی من بدەی؟
وتم؛ لە شوێنی خۆت دانیشە، ئەوەندە مەنازە.
بەماسولکەکانی قۆڵ و میلی گەردنت
(هومان) کەپاڵەوانی جیهان بوو، سەرنجام
دیت (بیژەن) چی بەسەر هێنا؟
ئەگەر تۆ بە هێزی بازووی خۆت بیژەنی، منیش
ئەو ئەژدەرە بەنەڕەیەم کە بەهمە قووت دا.
کە ئەم قسەیەی بیست لە ڕقاندا تووڕە بوو
ملی هەڵبڕی چمکی داوێنەکەی کرد بە بەری پشتێنەکەیا
دەستێکی درێژ کرد و یەخەی گرتم،
تا منی شێر ڕمێن لە خاکدا بگەوزێنێ،
هەرچەندە هەوڵیدا، لاشەی من لەشوێنی خۆی نەبزووت،
کێوی ئاسن لە جێگای خۆیا ناجوولێ،
کە هێزی ئەم باش لەمن ئاشکرا بوو،
لەجێی خۆم هەڵسام وەک (قارنا)ی کوڕی کاوە،
وەک کوڕی زاڵ (ڕۆستەمی زاڵ) پشتێنەکەیم گرت،
وەک دەنکە گالێ لە عەرد هەڵم بڕی و فڕاندم،
وا بەرقەوە دام بە ڕووی زەویدا،

ئێستایش هێشتا دڵم ئەمین نییە لەوە کە نەمردبێ
ئاوازی جرتوفرتی دەروونی بەرز بووەوە،
لەبارەگای قنگیشیەوە هاواری شیوەن هەڵسا،
وەک مرۆی پەشیمانی سەرەمەرگ هەناسەیەکی هەڵکێشا،
وتی: ژینی بەسەرچوو، مەرگی نزیک بووەوە،
وا بەدڵ دانی بەهێز و قارەمانی (لامع) دانا،
وتی: تۆ پیاوی و من ئافرەتم.

***

لەسەر جوانیی کاکە جافی کوڕی کەریم ئاغا

هەرچییەک بێت مەبەستی، شێخ ڕەزا لەباسی جوانیی سوروشت و ئارەمیزاددا زۆر وەستایە. لێرەدا باسی شۆخ و شەنگیی ئەم لاوە دەکات:

شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمزە جافە
چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمانسزە، جافە
چاوی ڕەشی فەتتانی وەکو شەبئۆی عەییار
دین و دڵ و ئیمانی دزیوم دزە جافە
بورهانە لەسەر قودرەتی حەق ئایەتی حوسنی
بۆ دەعویایی ئیثپاتی خودا موعجیزە جافە
بۆ کەشمەکەش و عەربەدە مژگانی سیاهی
وەک لە شکری (تەیموور) و سوپای (جەنگز)ە جافە
تەنیا نە (ڕەزا) بۆی بووەتە بەندەیی فەرمان
فەرمانی لەسەر شاه و گەدا نافیذە جافە

کەچی لەگەڵ ئەم هەموو باسەی جوانیی، شێخ ڕەزا نایەوێت هاوڕێتیی بکات و دەڵێت:

بەجێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی
دەری کرد، ئافەرین، خدری گڵاوی

***

لەبەر دووریی قادری وەستا خدر

قادری وەستا خدر لەبنەڕەتدا خەلقی ناوچەی ئاکۆیان بوو و لەبەرتەکیە جێنشین بووبوو و زۆریش هاودەمی شێخ ڕەزا بوو. قادر، وەکو هەندێ لەبەرتەکیەیی، ساڵی چەند کاروانێکی تووتن هێنانی دەکرد و تووتنی "بێشەمە و شاور و شێتنە"ی دەهێنا و دەیفرۆشتە جگەرەفرۆشەکانی بازاڕی کەرکوک. کاروانی ئەو سەردەمە لەبەر ڕێ گرتنی هەمەوەند و لەترسی پۆلیسی ڕێژی، لەدزە ڕێگاکانەوە هاتوچۆیان دەکرد و زۆریان پێ دەچوو. شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی لە دووریی قادری وەستا خدری هاودەمی وتووە.

بۆ نەسووتێ جگەر و بۆچی نەبێ دڵ بە کەباب
بۆچی نەڕوا لەتەنم ڕووحی ڕەوان میثلی غوراب
بۆ لەسەر چاوەیی چاو هەڵ نەقوڵێ ڕەشحەیی خوێن
بۆچ لە فەووارەیی مژرگان نەچکێ قەطرەیی ئاب
بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حەلقەیی حەلقم بە سروود
بۆچ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بەسەراب
موونیسی ڕۆژ و شەوم، باعثی ئارامی دڵم
ڕۆیی بو من لە غەمی کەوتمە نی و بەحری عەذاب
بەوقووعی، سەفەری قادری ئوستاد خدر
خانەیی عەیشمی تاڵ کرد فەلەکی خانە خراب
چەنگ و نەی، لێ مەدە موطریب کە لەبەرفرقەتی ئەو
ڕەنەکی ڕوحە لە گوێم نەفخەیی ئاوازی ڕەباب
ساغیری مەی مەدە ساقی کە لەبەر دوریی ئەو
تاڵە وەک ژەهری هەلایل لەمەذاقم مەیی ناب
کاری کردن نەبو ئەم کارە کە گەردوونی دەنی
کردی، رووی ڕەش بێ وەکو بەختی من و پەڕی غوراب
ئەی (ڕەزا) ڕەنگە لەبەر فیرقەتی ئەوموونیسە تۆ
قەت نەبی خاڵی وەکو کورە لە سۆزی تەب و تاب

کەچی لە مەیدانی گاڵتەدا دەڵێت:

شـــــد عـــــدەد بـازی مـــــاسی دو
(قـــادری وەســـتـــا خلە) ڕیشت بەگـــو

***

نینۆکی شێخ ڕەزا و کلکی حەسەن ئاغای هەمزە ئاغا

شێخ ڕەزا و حەسەنی هەمزە ئاغا لەسەر مانای (شەم) دەبێتە مشتومڕیان شێخ ڕەزا دەڵێت نینۆکی شێرە و حەسەن ئاغا دەڵێت کلکی شێرە، لەسەر ئەمە گرە و ئەکەن و سەیری کتێب ئەکەن قسەی حەسەن ئاغا دەرئەچێت، شێخ ڕەزا گرەوەکە ئەدۆڕێنێت و لەم شیعرەدا وا باسی ئەکات.

(حەسـەنی هەمـزە) لەسـەر (شـەم) کـە چییـە تەفسـیری
دەست بە شـمـشـێـر لەگـەڵم صـاحـیـبی دەعـوا دەرچوو
مـن وتم نـاخـــوێنی شــێـــرە ئەو وتی کلکی شـــێـــرە
لەســـەر ئەم لەفـــزە بەشی شـــۆڕش و دەعـــوا دەرچوو
گـــرەوم کـــرد لەگـــەڵی و چووم و کـــتـــێـــبم هێنا
ناخـــوێنی من نەبوو کلکی حـــەســـەن ئاغـــا دەرچوو

***

شێخ ڕەزا لەیاریی شەترەنجدا

شێخ ڕەزا شارەزاییەکی زۆری لەیاریی شەترەنجدا هەبووە. وەکوو دەیگێڕنەوە جارێک لەگەڵ سەید مەحموودی نەقیب گەیلانی یاریی شەترەنج ئەکات و تەسبیحیشی بە دەستەو بەلێ و ویرد و دۆعا ئەخوێنێت. لەناکاو هاوار ئەکات: "قـتلتـە ورب الکعـبـە" سـید مـەحـموود وا ئەزانێت شای شەترەنجی کوشت، هەر ئەپرسێت: "وین... وین... قتلتە؟" ئەڵێت کوڕە ئەمە نا، شیعرێکی هەجوی موفتی زەهاویی بۆ دەخوێنێتەوە، سەید مەحموود ئەڵێت: ئەمە چ بەڵایەکە، بەچاو شەترەنج بازی ئەکات بەدەست تەسبیح و بەلێ و ویرد و دوعا و بەبیر شیعر ڕێک ئەخات.

لە شیعرێکی فارسیدا، لە یاریی شەترەنجدا، خۆی هەڵئەنێت و ئەڵێت:

پس از تشـــریفت ای مـــیـــر ســـخن سنج
مـــــفـــــتش بـامـن از نـوبـاخـت شـطـرنج
ز حـــــدت كف زنـان بـر تـخـت مـــــیـگـفت
مـگـر مـــــعـنـای شـطـرنج است صـــــدرنج
بـسـی دقت نمودی جـــــهـــــد فـــــرمـــــود
یـک از دنـبـــــــــال یـک بـردم از او پـنـــج
ســــــــه اول پـنـج آخـــــــر هشـت نـوبـت
بر و غـــــالـب شـــــدم چون مــــــار برگـنج
چـو من مـــردی بـا ســـتـــادی در این کـــار
بـنـاشـــــد در هـمـــــه اســـــلام و افـــــرنج
عـــــراق و پـارس و تبـــــریز و صـــــفـــــاهان
بـخـــــــــــارا و خـطـا و بـلـخ و بـاگـنـج
نبـــــاشـــــد چون (رضـــــا) شـطـرنج بـازی
نـــــه‌در تـــــرک و نـــــه در روم و نـــــه در زنج

واتا:

پاش تەشریف هێنانت ئەی میری قسە هەڵسەنگێن
موفەتیش، سەر لەنوێ شەترەنجی لێ دۆڕاندم
لە تووڕەییياندا دەستی ئەدا بە لەپی دەسیا و ئەیوت:
بۆچی واتای شەترەنج سەد ڕەنج و دەردە؟
زۆر ورد بوەوە و خۆی زۆر ماندوو کرد
یەک لە دوای یەک پێنج دەستم لێ بردەوە
لە سەرەتادا سێ دەست و لەدواییدا پێنج، هەشت جار
زاڵ بووم بەسەریا وەک مار بەسەر گەنجینەدا
مەردێکی وەک من وەستا و شارەزا لەم کارەدا
لە ناو تێکڕای موسوڵمان و فەرەنگیدا نییە
عێراق و فارس و تەبریز و ئەسفەهان
بوخارا و خەتا و بەڵخ و باگەنج

شەترەنج بازێکی وەک (ڕەزا) نییە
نە لەناو تورک و نە لە ڕۆم و نە لە زەنگییەکانا

لەسەر باسی شەترەنج کە لەگەڵ مستەفا بەگی باجەلاندا یاریی کردووە ئەڵێت:

لە بەگ وا بوو کە من ماتم کشی کرد
کە من هەستام ئەو داماو و فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گون بوو گەهێ کێر
حەقیقەت مستەفا بەگ گەردشی کرد
دەبوو باوکی سەگی ناو نایە ئەمما
بەگی ناو نا قورمساغ یا غنشی کرد

***

سوپاس بۆ عوسمان ئەفەندی - کاتبی تەحریراتی کەرکووک

عوسمان ئەفەندی کاتبی تەحریراتی کەرکووک هەندێک تووتنی شاوری بۆندار ئەنێرێت بۆ شێخ ڕەزا، شێخیش لەم شیعرە فارسییەدا سوپاسی ئەکات.

ای صورت بسان خلیفەء ثالث
وی نیکو سیرت و حمیدە صفات
نەچو من هست شاعری نەچو تو
کاتبی در فنون تحریرات
عنبرین ساختە دماغمرا
بتماکوی عنبرین نغحات
از کلویم بسینە هر نفس
چون فرومیرد مد حیات
وز درون جگر نبای ککو
چون همی برگشم مفرح ذات
دوستان زبانیم هستند
باد یکایک فدای عهد و وفات

این قـــــدر مـن دعــــــا ء مـــــیگـویم
کـــــه خــــلایق هـمــــه کـنند دعــــات

واتا:

ئەی ئەوە بەشێوە لە خەلیفەی سێیەم ئەچێ
ئەی ڕەوشت باش و سیفەت تاریف کراو
نە شاعیرێکی وەکو من هەیە و نە وەکو تو
نووسەرێک هەیە لە هونەری نووسیندا
دەماغی منت وەک عەنبەر بۆنخۆش کردووە
بە تووتنی عەنبەر بۆنت
هەر مژێکی کە بە قوڕگما ئەچێتە خوار
درێژە بەژیانم ئەدا
کە لە درونی جگەریشمەوە دێتەوە دەر
بۆ ناوی قامیشی گەرووم هەڵی ئەکێشم دڵم خۆش ئەکا
کەسانێک هەن بە زوبان دۆستمن
یەک بەیەک ببنە قوربانی عەهد و وەفات
هەر ئەوەندە من دۆعا ئەکەم
کە خەلائیقیش هەموو دۆعات بۆ بکەن

***

بەرخانەی شێخ ڕەزا

شێخانی تاڵەبانی؛ جگە لە کاری کشتوکاڵ، زۆربەیان مەڕداریشیان ئەکرد. لە بەهاردا، کە کاتی مەڕ زێیە، بەڕەشماڵەوە بۆ بەهارە هەوار دەچوونە دەشتی (حەویجە)، ئەم دەشتە جێی بەهارە هەواری ئێلانی تاڵەبانی و داودەو کاکەیی و سمایل عوزێری و کافرۆشی و ڕۆژبەیانی و جەباریی کورد بوو. لە پاڵی دۆستایەتیدا، لە سالآنی وشکە ساڵ، مەڕدارانی عەشیرەتی (آل عوبێد)ی عەرەبیش، لە (شوبێچە)ی لاپاڵی چیای حەمرینەوە دەهاتنە خوارێ و تێکەڵی عەشایەری کورد ئەبوون. لە پاشان، کابرایەکی ڕۆژبەیانی ئاغایەکی سماییل عوزێری ئەکوشێت، ئیتر ئێلانی سماییل عوزێری نایێن و ئێلانی تریشی کورد، هەندێکیان بەدائیمی هەندێ دێهاتیان لەو ناوچەیە ئاوەدان کردەوە و خەریکی کشتوکاڵ بوون. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨، حکومەتی عێراق، ئاوی لە ڕووباری زێی

بچووکەوە (الزاب الصغیر) هێنایە ئەم هەرێمە و عەشایری عەرەبی تێدا جێنشین کرد.

شێخانی تاڵەبانی؛ بۆ ئەوەی دەمی شێخ ڕەزا لەیەک بنێن، هەریەکە ساڵی بەرخێکیان بۆ دەنارد و ئەمە بووە باجی (بەرخانە)ی شێخ ڕەزا.

قەومەکان، بەو ذاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە
دێم بە گژیا ئەیدڕم گەر (في المثل) شێری نەڕە
با نە قەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخێ شەل و کاوڕێ لەڕ و بزنێ گەڕە

***

ماینەکەی کوێخا عەلی

کوێخا عەلی ماینێکی کوێتی دابووە شێخ ڕەزا. ئەوەی شتی بدابایەتە شێخ ڕەزا، بەقیمەت یان بەهیممەت، ئەبوایە «نەمر» بێت. هەر شتێکی لێ هات، ئیتر شێخ ڕەزا بەسەر و پۆتەڵاکیدا ئەچێت. ماینی کوێخا عەلی دەکەوێ بەلادا و شێخ ڕەزایش ئەمەی بۆ ئەڵێت:

کێ چوزانێ کووچەڵەی سمتی شکاوە یا ملی
وا لە حاڵی حەلوەلادا ماینەکەی (کوێخا عەلی)
چووم بزانم ماوە یا خ و مردووە، وەختێ کەدیم
شا دەماری سست، نا بزوێ ڕەگی قاچ و قولی
دام بەسەر خۆمدا گوتم: وا حسرەتا بۆ ماینە کوێت
دەک بە میراتم کەوێ دەسبەند و هەوسار و جلی
نابزوێ قاروورەی ئەگەر صد جار تەماشا کا حەکیم
دەردی نازانێ چییە تاکو نەکا بێنی سلی
گەر ئیمامی عەسکەری نوێژی لەسەر کا لایقە
چونکە موشتاقە، بە وەصلی ناڵەکانی چوار پەلی

کەسری ئەنفی دوژمنان و جەبری کەسری دۆستان
هەر بمێنێ چاکە بەخوا شێخ (ڕەزا) و کێری زلی

***

شێخ ڕەزا و شێخ صالحی مامی

شێخ صالح کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانە و مامی شێخ ڕەزایە. ئەم وەکو شێخ غەفووری مامی دەوڵەمەند نەبوو کە پێی بڵێت "دەوڵەتی شەددادی هەیە" ڕۆژێک دەچێتە ماڵیان. ئەویش هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت کە نان و کەرەی دەرخوارد بدات. شێخ ڕەزا وای باس دەکات:

گەرچی فەقیر و موفلیسە "شێخ مامە صالحم"
نەمدی کەسێ وەکو ئەو صاحێبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستایش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

شێخ ڕەزا دەزانێ مەبەستی لە «مەمنوونی ئەو کەرەم» چییە. فەرمون لە جێگایەکی تریدا چی پێ دەڵێت!

تو کە خۆت مەیلی جنێو بازی دەکەی "شێخ صالح"
بۆ دەکەی سەرزەنشی من کە "ڕەزا" هەجاوە
غایەتی بەندە، جنێوم بە دوو سێ کەس دابێ
تو هەتا ئێستە بە قوربان، بە هەزارت داوە!

***

جەنگی مەحموود بەگی شێروانە و جوکل

شەڕێک لە نێوانی مەحموود بەگی شێروانە و جوکل ڕوو دەدا. لایەنگیرانی مەحموود بەگ باسی ئازایی ئەم ئەکەن. شێخ ڕەزا؛ بە بەکارهێنانی وشەی «شێروانە» بەسێ چەشن، باسی ئەم شەڕە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

جەنگ گاهی جوکل و «مەحموود بەگ» ، شێروانە بوو
ئافەرین "مەحموود بەگ؛ لەم جەنگەدا شێر وانە بوو

وەقـتێ قـاصـیـد هات و لێم پرسی: چلۆن بوو ئەم شـەڕە
ورده ورده بۆی بەیان کـــردم، کـــەچی شـــێــــڕ وانه بـوو

***

ئەولادی ئەم عەصرە

ڕۆژێک شـێخ ڕەزا لە مـحـەمـەدی کـوڕی، کـە منداڵ بووە، تووڕە ئەبێت و ئەکـاتە گۆچانێکدا و ڕاوی ئەنێت. مـحەمەد خۆی دەخاتە پشتی "سەید ئەمینی حەپلوس" کە خەلقی گەڕەکی بەرتەکیە بوو. ئەویش لەتکادا:

«یا شێخ صەلەوات دە ئەولادتە» و بەردەمی ئەگرێتەوە. شێخ ڕەزایش یەکسەر:

تڕی ئـەولادی ئەم عـــــەصـــــرە بە کـــــێــــرم
کــە من مـــردم مـــەگـــەر گــوو بکەن بە خـێــرم
بەم جــووتە گــونەوە کــە دەڵێی عــەنتــەری نێــرم
خــۆت لادە نەوەک بتــخــەمــە بەر حـەملەیی کـێـرم

هەندێک دەڵێن؛ لەو کـاتەدا دوکـتـۆر حوسێن باباجـان لەوێ بووە و دووا بەیتـەکە ئەو وتوویەتی.

***

لەگەڵ عیزەتی تەل

عـیزەت مەئمووری تەل (برید و برق)ی سولەیمانی بووە. پیاوێکی زیرەک و نوکتەباز و خاوەنی قسەی نەستەق بوو. بێ گومان لەم نوکتەبازییەدا لەگەڵ شێخ ڕەزادا دەمە تەقێیان بووە. لەوانە شێخ ڕەزا ئەڵێت:

پیـر کـە کـۆکی و نەتڕی دووره لە مـردن هێـشـتـا
ورده ئاهەنگی دوای کـۆکـە نیـشــانەی ئەجـەلە
پیـــر کـــە کـــۆکی و تڕی، دەنگی وەکـــو بارەزەلە
شـاهیـدی مـوعـتــەبەرم عـیـزەتی مـأمـوری تەلە

هەروا لە شیعرێکی تورکیشدا پێی دەڵێت:

عـــــــــزت يـوزنـی تـيـغ زبـانمـلـه تـراش ايـت
آب دهـنـكـلـه دەهـنـی گـــــــــوتـنـی يـاش ايـت
آندن صـــوره يات خـرقـــەمی آلـتنده فـــراش ايت
پارەم واريســـه آل، يوقــســـه ســـويله بلاش ايت
گـوت سلمک ايچـون تاش آرامه خايەمی تاش ايت
اوردقـــچـــه ديان ديه أمـــان شـــيـــخم يواش ايت

واتا:

عیزەت بە تیغی زوبانم ڕووت تەراش کە
بە ئاوی دەمت کونی قنگت تەڕ کە
لەپاش ئەوە پاڵ کەوە خەرقەکەم لە ژێرت ڕاخە
پارەم هەبوو وەرگرە، یان بڵێ بەلاش بیکە
بۆ قنگ سڕین بۆ بەرد مەگەڕێ گونم بکەرە بەرد
تا دەتوانی خۆت بگرە مەڵێ ئەمان شێخم ئێواش کە

***

غەزەلی هەڵماڵراوی شێخ ڕەزا

چوومـه خـزمـەت یاری مـومـتـازم وتی لاچۆ دزی
پێم نیشان دا ئەسڵی مەقصەد نایە بەردەستم کوزی
چەند هاوارم لەکـێـرم کـرد؛ نەکـەی فـیلە نەکـەی
گوێی نەدامێ خۆی هەوادا کەوتە ناو قەعری کوزی

غەزەلێکی هەڵماڵراوی تری:

وتم: ئەی شـۆخی پەری چەهرە ئەمـەت پێـوە دەچێ؟
وتی: یاڕەب جـــەوابم نیـــیـــە خـــۆت ئەیزانی
وتم: هەر تێی ئەخــەم و لێی ئەبڕم هەرچی بڵــێی
وتی: هەر ئەزیەتی گـیـــانم مــەدە، خـۆت ئەیزانی

***

سوكە گاڵتەی شێخ ڕەزا

جاران فەقێ و سوختەکانی (حوجرە) شەویان بە شەرە شیعری ڕائەبوارد. یەکێک بەیتێکی شیعری شاعیرێکی دەوت و دوا پیتی چی بوایێ ئەویتر بەو بەیتەی کە بەو پیتە دەس لی پێ ئەکا. ئەوەی دەهێنایەوە. بێ گومان دیواخانی شێخ ڕەزا جێگای ئەم ڕابواردنە بووە. بەڵام شێخ ڕەزا هیچ کاتێک بۆ شیعر دانەماوە و گورج شیعرێکی بە یەکێک لەو دانیشتوانانە هەڵدەدا. زۆربەی تاکە شیعرەکانی لەم بابەتە بوون. فەرموون لەگەڵ هەندێکیان:

عومرم گەیی بە هەشتا، کێرم بەکارە هێشتا
تەصدیق ئەگەر نافەرمووی هەستم بەرم بەڕەشتا

دوا پیتی شیعرەکە (أ)ە دەبێت ئەویتر بە (أ) دەس پێ بکات:

ئەحمەق بووم نەمکرد هەتا ریشم نەبو گانێ بدەم
(مستەفا بەگ) چاکی کرد تا ڕیشی هات هەر گانی دا

مەبەستی لە مستەفا بەگی باجەلانە. ئەمیش بە (أ) دوایی هات.

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وا درێغ بۆ ئەسپە کوێت
سنگەکەی ماوە (کەریم خان) پێم بڵێ بیکوتمە کوێت!

***

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زوبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەر وەک ئاسمان و ڕێسمان

***

نان و دۆشاوی ئەمان دابوو بە یاپراغ و پلاو
بووی بە گەورەی ئەهلی (نۆدێ) کاکە لاو

کە حکومەت مەعاشی سەیدەکانی جەباریش دەبڕێت شێخ ڕەزا ئەڵێت:

وام ئەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن
داخی داخانم (جەباری) خۆ لە ئێوەیشیان بڕی
بۆم دەنێرێ نیسک و نۆک و سووتەنی و خاکە و خەلووز

لازمــه بۆ كــوڕی حــاجی هەر بخــوێنم (قل أعــوذ)
حــاتەمــیش، ڕاسـتت دەوێ، ناگـاتە حـاجی بۆ سەخـا
مــاهی ئەنوەر كـەی دەبێـتــە نەییــری عــالەم فــروز

لەسەر ئاو هەوای قەلادزە دەڵێت:

بەدە آب و هـەوای "قـــــەلـعـــــە دزە"
كـە سـەگــیــشی لە عــومــری خـۆی وەڕزە
مــلــی ئــەهــلــی لــەبــەر لــەڕی و چــرچــی
هەر وەكـــو كـــێـــری پشت لە كـــوزە

لەگاڵتەیەک لەگەڵ شێخ صالحی مامی دەڵێت:

تۆ كە خۆت مـەیلی جنێو بازی دەكەی «شـێخ صـالح»
بۆ دەكــەی ســەرزەنشی من كــە (ڕەزا) هەجــجــاوە
غـــایەتی بەندە، جنێـــوم بەدوو سێ كـــەسێ دابێ
تو هەتا ئیـــســـتـــا، بەقـــوربان، بە هەزارت داوە

لەگەڵ مەلایەكی كوێر:

نا بەكـــاری وەكـــو ئەم جـــووتە لەعـــینە لێـــرە
نەبو قـــەت ئەمـــە مـــوددەیێكی مـــەدید و دێرە
ئەو بە تر گـــوێز ئەشكێنێت و ئەمـــیش قنگ ئەدڕێ
هەردو عـــاصین لە خـــودا كـــێـــری من و ئەم كـــوێرە

***

هـەر كـــــــەسێ نـاوی مـــــــەلا ئـەزیـزە
دایم لەبن گـــونی هەر گـــیـــزە گـــیـــزە
بەخـــۆی گـــەواد و ژنەكـــەی حـــیـــزە
خـــواردنی گـــووە و شـــەربەتی مـــیـــزە

***

بەهوودی بەچەیێکم گـــرت و لیّم برد و تیــا خـــووســا
کە تیّم نا چاوی نـووسا بانگی کـرد: یا حـەزرەتی مـووسا

***

ئەم قـــــەحـــــپـــــە فـــــەلـەک لەداخی مـــــردم
مـــــوحـــــتـــــاجی ڕەشی ڕەشـــــیـــــدی کـــــردم

***

مـوددەتیّ نیّـر بازی یو ئیّـســتـاکـە مـەیلی میّ ئەکـەم
ئارەزووی گـــانی کـــچـــیّکی کـــوز پڕی دەرپیّ ئەکـــەم

***

مـــاری ڕەشـــە خنکاوە لە گـــیّـــژاوی خـــەلادا
کـیّــرمــە لە قنگی کـاکـە حـەمـەی حـاجی مـەلادا

***

ئاخ لەدەس شـــۆربای سلیّـــمـــان جـاوش و قـــاوەی خلە
ئەو دەڵـیّی ئاوی گــــــەڕاوە، ئەم دەڵـیّی نـەوتی گـلە

***

سلیّمان چاوش شۆربای تەکیەی ئەکرد و خلەیش قاوەچی بوو. شیّخ ڕەزا باسی نەوتی گل ئەکات کە لە زەمانی عوسمانی و حوکمی عیراق نەوتی دیّی (کۆرومۆر)ی ناوچەی (گل) شیّخ حەمـید و لەپاشان شیّخ تالیبی کوڕی لە حکومەت بە (التزام) دەیانگرت بەجۆریّکی بیدائی نەوتیّکی زەردیان لیّ دەردەکرد و لە دیّیەکانی کوردستاندا بۆ (چرا) بەکار دەهیّنرا.

هەتیـوی لووس و بیّ تووکم لەعـومـری خـۆم گـەلیّ گـاوە
لە سـەمـتی سـمـتی (حـمـادی)م نەبرد ئەم حەسرەتەم ماوە

***

هەتیـــوی خـــوبڕو و مـــەحـــبـــووبی ســـادە
کـــە دەســـتـت کـــەوت ســـواری بە و پـیـــادە

***

هەر لەدەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیزخان ئەکا

وردە ئاهەنگی دوایی پییر کە وەختێ گان ئەکا

دێی تاڵەبان لە هەرێمێکی دەیمەکاڵە بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەر بارانە. هەندێ جار وشکە ساڵ دەبێت ئاغا و جوتیار وەکو یەک بێ وڵەت و دەسکورت دەبن. جوتیاران لەسەر ئەم بەرز و نزمیی سروشت و کەم بارانییە ڕۆژنامەی خۆیان هەیە. دەڵێن: "ئیمڕۆ ئاغا و قەرەیە" گوایە لەپێش ئەمەدا کە وشکە ساڵە، جوتیار ئاغا بەجێ دێڵێت و بەشوێنی گوزەراندا دەڕوات. کە باران دەبارێت پەشیمان دەبێتەوە و لە دوورەوە دەردەکەوێت و دێتەوە.

میکائیل جوتیاری شێخ ڕەزا دەبێت. پەیمانی دەداتێت کە وەرزەکەی بەجێ نەیلێت بەڵام عەهد و پەیمان نایێنێتە جێ و دەکەوێتە بەر پەلاری شێخ ڕەزا:

جاشک ترێن میکائیل عەهدی بەسەر نەهێنا

عومری گەیشتە هەشتا وازی لە کەر نەهێنا

ئەمبازی بوو تڕاندی، ئێستا گوتی بەهارە

تا ڕیخی دەرنەهێنا تاریخی دەرنەهێنا

***

گویند اگر وطء کنی عرش بلرزد

عرشی کە بیک وطء بلرزد بچە ارزد

ماییم و یکی حجرەء بی باک نشستم

صد بچە بگاییم و یکی خشت نلرزد

واتا:

ئەڵێن ئەگەر هەتیوێ بگێی عەرش دێتە لەرزین

عەرشێ بەگانێ بلەرزێ چی دێنێ؟

ئێمەین و ژوورێکی کە بێ باک لێی دادەنیشم

صەد هەتیو ئەگێین و خشتێ نالەقێ.

بخرنر برسد شێخ (رضا) میکندش

هر کـــــرا یـافت بـزور و برضــــا مـــــیکـنـدش
گــر چه درجــوف جــرم دست دهد مــغــبــچــه ء
از خـــــدا شــــرم نـدارد بـخــــدا مـــــیکـنـدش

واتا:
شێخ ڕەزا نێرەکەری دەس کەوێ ئەیگێ
تووشی هەر کەسێ بێ، بەزۆر بێ یا بە ڕەزا، ئەیکا لێی
لە ناوەڕاستی حەرەمیشا هەتیوێکی لووسی دەسگیر ببێ
شەرمی لە خوا نییە، بە خوا قەسەم، ئەیکا لێی (یا: پێی دائەکەنێ)

گـــیـــرم کـــەســـر زلف کند چون جـــیـــمی
وقـــتی کـــه دهان تنگ کندچون مـــیـــمی
ای کـــیـــر هزار عـــشـــوه و صـــد ناز کنی
از کس چـەکـنـی مـگـر بـدوزی نـیـــــمی

***

بدسـتم گـرفـتـد مـه طلعـتی در مـوقـعی خـالی
دو پـایشــــرا بگردن در فـــــرازم چون زن والی
هنرمندش نخـوانند انکه عـالی را کند ســافل
هنرمند آن کـسی باشـد کـه سـافلرا کند عـالی

واتا:
ئەگەر جوانێکی ڕوو وەک مانگم دەسکەوێ لەشوێنێکی خاڵی
هەردوو لاقی ئەینێمە سەر شان وەک ژنی والی
هونەرمەند ئەو کەسە نییە شتی بەرز نزم کاتەوە
هونەرمەند کەسێکە نزم بەرزکاتەوە

شنیـــدم کـــه عـــرب صـــدر ســـینەرا گـــویند
رســـیـــدم بدیاری کـــه صـــدرشـــان پشت است

واتا:
بیستوومە عەرەب بە سنگ ئەڵێن (صدر)
گەیشتمە ولاتێ (صدر)ەکانیان پوشت و حیزن

بـــرای (چـــرخـــی)ای در زیـــر ایـــن چـــرخ
بســـــــان چـرخ دائـم مـــــــیـــــــزنم چـرخ

واتا:

له ژێر ئەم ئاسمانەدا هەمیشه وەک چەرخ
ئەخولێمەوە بۆ (چەرخی)یەک (چەرخی پارەیەکی ئێران بوو)

طـرد کـن ازدر خـــــــــود ایـن نـاپـاک
(لا تـری الـکـلـب ولا الـکـلـب یـراک)

واتا:

ئەم ناپاکە لەبە دەرگای خۆت دەرکە
نە سەگ ببینە و نە سەگ بتبینێ

غـم ســــبـق داش ازل درد و ألـم، یـارونـدیم
علت و زلت، وقلت رفـــیـــقـــان قـــدیم

واتا:

خەم هاوڕێی کۆنمە، دەرد و ئازار یارو هاودەممە
هەروا نەخۆشی و زەلیلی و دەسکورتی هاوڕێی کۆنمن

***

لەسایەی دەهری دون پەروەر ئەمیستـە لەک لە لەک ئەدوێ
بە کـــۆڵێ کلکەوە ڕێوی لەگـــەڵ کـــەوڵی دەڵەک ئەدوێ

***

عـومـەرم دی، عـومـەری پێـشـووتریش گـەر وابێ
گـەردنی شـیـعـە دو صـەد دەفـعـە لەسـەب ئازا بێ
ڕەگی کـێـر ها لە گـونا هەرگـونە ئەیبـزوێنێ
مـەسئـەلەیێ کۆنە سەگ ئیسقان بەکلک ئەشکێنێ

ئەمین بۆقە خەڵکی بەرتەکیە و پیاوێکی خراپ بوو بەڵام عەبدوڵلا و کوڕی زۆر کوڕی چاک بوو.

سـەيری کـە زبڵ ئەصـڵی گـووە و گـوڵ ئەڕوێنێ
باوکی وەک (ئەمین بۆقـە) کـوڕی وەک عـەبە دێنێ

***

ئەمـین نـانەوا و هـەمـین ئـاشـــــپـــــەز بێ
یـایـە لـەگـــــەڵـمـــــان وا بـەغـــــەرەز بێ

***

بەتـیـەیی بەصـرەیی یو مـێـزەری هیندیی مـن و تۆ
وەکـو ڕخت و شـەقـەبەندێ کـە لە گـا جـووتی بدەی

***

ناندان و مێوانداری حاجی حەبیبی قەردار

بنەماڵەی قەردار لە کەرکووک؛ لە ڕەسەندا لە عەشیرەتی (بلّباس)ی کوردن بەڵام هەر لەسـەردەمی عـوسـمـانیـیـەوە خـۆیان بە تورکـمـان داناوە و لە کـەرکـووک جـێگایەکی کۆمـەڵایەتیی تایبـەتی و خـاوەن سـامـان بوون. حـاجی حـەبیب یەکـێکە لەو بنەمـاڵەیە و سـامـانێکی زۆری هەبوو. شـێخ ڕەزا گـاڵتـە بەوە ئەکـات کە دەوڵەمەندێک وەکـوو حاجی حەبیب لە سێ مانگی زستانا تەنها دەعوەتێک دەکات و لە شیعرێکی تورکیدا ئەڵێت:

مـــوسم قـــیـــشـــده اوچ ایلق بر بریانی
قـیـزاروب عـارض خـوبان گـبی هەر بر یانی
بـویله بربرەء نازک بـو گـــبی مـــوســـمـــده
جـــــانب اربـعــــەسنده یمگـک الوانـی
اولدق بارکـــشی منت انفـــاسی مـــســـیح
صـــانکه ایتـــمش برەیه مـــائدەء ربانی
ایلمـزمی بو گـبی اطعـمـه احـیـای وجـود
بلکه هر بر لقمەسی گوزدن دوشورور لقمانی
خارج حوصله بر دعوت ایدوب حاجی حبیب
نیـجـه تعـریف ایدەیم نعـمت بێ پایانی

واتا:
له مەوسمی زستاندا لە سێ مانگدا بریانییەک
سوور دەکەنەوە وەکوو لەشی جوانان هەموو لایەکی
گویلکێکی نازکی وا لەم فەصلەدا
لەهەر چوار لایەوە بە خواردەمەنیی ڕەنگاوڕەنگ
بووینە هەڵگرێنت ئەنفاسی مەسیح
وەکوو خوانی ڕەبانی گوێلکێکی لێ دانابێ.
ئەم جۆرە خواردنانە مرۆڤ زیندوو ناکاتەوە؟
بەڵکو هەر لوقمەیەکی لوقمان لەبەر چاو ئەخات
له حەوصلە بەدەر، حاجی حەبیب دەعوتێکی دا
نیعمەتی بێ پایانی چۆن تاریف بکەم

***

مەدحی عەبدوڵڵا پاشای ڕەواندز

عەبدوڵڵا پاشای ڕەواندز لە دەوری حوکمی عوسمانیدا قائیمەقامی هەولێر بوو. شێخ ڕەزا لەم شیعرە فارسییەی کە مەدحی دەکات، بە دەمەتەقێیەک لە نێوان شاعیرێکی گەن و پزیشکێک دەس پێ دەکات. لە ئەنجامدا دەڵێت شیعری ناپوختە وەکوو ڕەوانی دەرمانی پزیشکە:

شاعیری گنده طبع همچو جعل
شعر او چون شعور او مختل
رفت پیش حکیم تا دهدش
شربتی از برای دفع علل
مسهلی داد گفت کاین دارد
هفت بارت در آورد بعمل
چون بخورد و چهاربار برید
تاخت پیش حکیم و ساخت جدل
طعنه زد کای حکیم بی تمیز

فــرق نـاکــرده ناقـــه را ز جـــمل
ســخن از هفت و هشت مــیــراندی
هفت اکنون بـچـــار شـــد مـــبـــدل
گـــفت البت مـــخـــالفی خـــوردی
کـــه بدارو ازان رســـیـــــده خلل
گـــفت چیـــزی نـخـــورده ام لاکن
بودم اندر خـــیـــال شـــعـــر و غـــزل

واتا:

شاعیرێکی تەبیعەت بۆگەن وەک قالۆنچە
شیعری وەک هەست و شعووری شێواوە
چووە لای پزیشک تا شەربەتێکی بداتێ
دەرمانێکی ڕەوانیی دایێ وتی:
حەوت جارت ڕەوان دەکا
کە خواردی چوار جار ڕیا
ڕای کردەوە بۆ لای پزیشکەکە و کردی بە هەرا
تانەی لێ دا؛ وتی: ئەی پزیشکی نەفام
کە وشتری مێ لە وشتری نێرە ناکەیتەوە
قسەی حەوت و هەشتت ئەکرد
ئێستا حەوتەکەت بوو بە چوار
وتی هەڵبەت شتێکی خراپت خواردووە
دەرمانەکە لەو شتە خراپەوە زیانێکی تووش بووە
وتی؛ هیچم نەخواردووە بەڵام
لەخەیاڵی دانانی شیعر و غەزەلیات بووم

گــفت از شـــعـــر ســاخــتی چیـــزی
گـفت آری ســه شـعــر مـســتـعـجل
گـفت برخـوان چو شـعـرها برخـواند
گـــفت خندان حکیم کـــای اجـــهـل

تو عمل هفت کرده ء اما
سه ر زبالا چهار از اسفل
شاعری چند هست می زیبند
کادری این حدیشان بمثل
نیک و بدرا ز غرفه ء شعرا
نشناسد بغیر میر اجل
انکه قائمقام اربیل است
ماه ملک است وآفتاب ملل
دم تیغش لهیب نار جحیم
کف جودش سحاب کشت امل
با منش لطف گربود چه عجب
رغبت است آفتابرا بحمل
وصف او در سخن نمی گنجد
بهکه وصفش ادا کنم بجمل
تا ابد انجنابرا یارب
دستگیری کند لطف ازل

واتا:

وتی: هیچ شیعرێکت داناوه
وتی: بەڵێ، سێ شیعری بەپەلە
وتی: بیانخوێنەوە، کە خوێندیانیانییەوە
بەپێکەنینەوە وتی: هەی لەهەمووکەس نەزانتر
تۆ هەر حەوت جارەکە ڕەوان بووی، بەڵام
سیانیان لەسەرەوە و چواریان لەخوارەوە
چەند شاعیرێ هەن بۆ ئەوە ئەشێن
ئەم باسەیان بە نموونە بۆ بهێنیتەوە
چاک و خراپی دەستەی شاعیران
ناناسێتەوە مەگەر میری باڵا

ئەوەی کە قائیمەقامی هەولێرە
مانگی موڵکە و خۆری میللەتە
دەمی تیغی گڕی ئاگری دۆزەخە
دەستی بەخششی هەوری چاندنی هیوایە
ئەگەر لوتتفی لەگەڵ من هەبێ سەیر نییە
خۆر حەزی لە بورجی (حەمەل) هەیە
بە قسە وەصفی ئەو ناکرێ و تێدا جێی نابێتەوە
باشتر وایە بە کورتی وەسفی بکەم
خوایە هەمیشە دەستی جەنابی ئەو
بگرە لە لوتفی ئەزەلی خۆت

***

هەجوی قاضیی کەرکووک

زۆربەی کاربەدەستان، لەدەوری داگیرکەرانی عوسمانیدا، تورک بوون، قاضیی کەرکووک لە میللەتی (لاز) ئەبێت کە لە بناری قافقاس جێگیرن و هەندێکیشیان وان لەسنووری تورکیا، بەڵام شێخ ڕەزا بە (ئەرنائووت)ی ئەزانێت. لەم شیعرە تورکییەدا دەڵێت:

گوردک می؟ کیمی؟ نائبی گوردم. نیجە برذات؟
اوصافی نەدر، شکلی نەدر؟ بزە اکلات
ایتمش می تأهل، حرمی وارمی؟ وار أما
آرایش آغوش حریفان خرابات
بزدە بیلورز اول جهتی، حوکمی ناصلدر؟
حکم قرەقوش یعنی، بلا شاهد واثبات
ادراکی نە اندازەیە، بر جاهل ابتر
نە شرعی بیلور (ارناؤوط) اوغلی نە نظامات

واتا:
دیت؟ کێ؟ نائیبم دی. چۆن پیاوێکە؟
ئەوسافی چییە، دیمەنی چۆنە؟ تێمان گەیێنە

ژنی هێناوە، حەرەمی هەیە؟ هەیە بەڵام،
لەوانەیە کە ئەگەڕێت بۆ هاوڕێی مەیخانە
ئێمەیش ئەمە ئەزانین، حوکمی چۆنە؟
حوکمی قەرەقۆش، یانی، بەبێ شایەد و ئیسپات
تێگەیشتنی لە چ ئەندازەدایە؟، نەزانێکی کلک بڕاو
نە شەرع ئەزانێت ئەم (ئەرنائووت) باوکە، نە نیزام

ئەندامی صـاری، گـوزلری گـوک چهـرەسی ابرش
شـوم اولدیغنی اورتـەیە قـویمش بو عـلامـات
یاشی نەقـدر؟ اللی دن اکـسک، نیـجـە بیلدن؟
باقـــدم دیشـنە، دقت ایلە حین مـــلاقـــات
عـزل اولدی؟ اوەت، واسـیطەء عـزلی کـیم اولدی
انفـاس مـسـیـحـانەء اصـحـاب کـرامـات
سـیـــاح اولەرق مملکت رومی گـــیـــزردم
قـاضی ا و زمـان امـرد ایدی گـوزلری آفـات
ثعلب صـاتەرق گـیـچـدی تصـادف یناشـمـدن
ایتـدی بکا برگـوشـەء چشم ایلە مـبـالات
اسلوب حکیـمـانە ایلە بندە گـوز ایتـدم
خـیلی ارامـزدە جـریان ایتـدی اشـارات

واتا:

ئەندامی زەرد، چاوی شین، ڕووی ئەبرەش
ئەم نیشانانە ئەوە دەگەیێنێت کە شوومە
تەمەنی چەندە؟ لە پەنجا کەمتر. چۆنت زانی؟
کە تووشی بووم بە وردی سەیری دانەکانیم کرد
عەزل کرا؟ بەڵێ. کێ بووە هۆی عەزلی؟
ئەنفاسی مەسیحانەی خاوەن کەرامات
لە وڵاتی ڕۆمدا کە بە سیاحەت دەگەڕام
قازی لەو کاتەدا مووی لێ نەهاتبوو و چاوی عەییار

(ثعلب)ی دەفرۆشت، بە تەصادف لەلامەوە تێپەڕی
بە سووچی چاو خۆی لە قەرەم دا
منیش بە جۆرێکی حەکیمانە چاوێکم لێ هەڵتەکان
گەلێک ئیشارات لە نێوانماندا ڕووی دا

ابخـــامی دیدم اول برینی قـــاچە صـــاتارسن؟
بازار ایدەرک چقـــدی ایلی لیـــرەیە فـــئـــات
ویردم پارەیی نزد فـــقـــیـــرانەمـــە گلدی
بیـــچـــارە چابوق اوقـــچـــورینی چزدی دیدم یات
مـعـــهـودی دیامـاقلە فـغـانی گـوگـە چیـقـدی
حـتی ایشـیـدوب صـیـحـەسنی اهل سـمـاوات
بالواردی، امـــان یاگـــری ال پارەئی یاخـــود
توکـــرەکلە انک بر ازەجک باشنی ایصـــلات
ســـــوردم آتمی دیـکـلـەمــــــدم آە و انـیـنـی
(لیـــلای) آلان قـــاضی یە بســـدر بومکافـــات

واتا:
لە ئەنجامدا وتم ئەویتریان بە چەند ئەفرۆشی؟
هەڕاجی کرد و نرخی گەیشتە دوو لیرە.
پارەکە مداو هاتینە کۆلیتی هەژاریم
بێچارە بە پەلە بەنەخوێنی داماڵی و وتم پاڵ کەوە
لەبەرگە گرتنی ئەوەدا هاواری چووە ئاسمان
تا وەکو خەلقی سەماوات هاواریان بیست
پاڕایەوە، توخوا یان پارەکەت وەرگرەوە یان،
سەرەکەی نەرم کە بە تف تەڕی کە
ئەسپم لێ خوڕی گوێم نەدایە آهو و نووزەی
ئەو قازییە کە (لەیلانی) برد ئەم بەخششە بەسیەتی.

لەپاش ئەم هەمـوو قـسـە پیـسـانە، جـەنابی قـازی وتوویەتی: شـێخ ڕەزا منی بە (ئەڕنائوت) زانیـوە، بەڵام من (لاز)م. ئەمـجـا شـێخ ڕەزا لە شـیـعـرێکی تری تورکـیـدا

ئەڵێت:

نائبی بن (ارناؤوط) صـــاندم مگرســـە لاز ایمش
ایتــدیگم هجــویەلر (لاز) اولدیغــیــچــون از ایمش
شـکـلی بـنزەر لازە ئـەمما ارمـنـیـــــدن بـو زمـــــدر
الــغـــــــــــرز، لاز یـا ایـواز یـا پـاپـاز ایـمش

واتا:

قازی کە من بە ئەرنائوتم دەزانی کەچی (لاز) بووە.
لەبەرئەوە ی لاز بووە ئەم هەموو هەجوانەم کەم بووە
شێوەی لەلاز ئەچێت، بەڵام لە ئەرمەنی چاککراوە
بە کورتی دەبێت یا لاز یا ئیواز یا پاپاز بێت*

* ئیواز: بە پیاوی ئایینی ئەرثودوکسی بولغارستان دەڵێن و پاپاز: بە قەشەی ئەرمەنی دەڵێن.

***

هەجوی حوسنی پاشای فەرماندەی سوپای عوسمانی لەکەرکووک

حوسنی پاشا فەرماندەیەکی بەدڕەوشت و بەدخوو بووە و زۆر ئازاری دانیشتوانی شاری کەرکووکی داوە. شێخ ڕەزا بەم شیعرە هەجوی ئەکا:

بەســەگم وت عــەجــەبا خــزمــتــە حــوسنی پاشــا ؟
تووڕە بوو، کللی لەقــاند و وتی؛ حــاشــا حــاشــا
ڕاســتــی گــەرچی ســەگــیــشم بە خــودا خــۆم دەکــوژم
ناوی مـن بێنی لەگــەڵ ئیــســمی خــەبیــسی پاشــا

***

لەشیعرە هەڵماڵراوەکانی شێخ ڕەزا

وەکوو زانراوە، شێخ ڕەزا، یەکێک لەو دەرگای شیعرانەی کە لێی داوە، دەرگای شیعری هەڵمـاڵراوە و دەسـتێکی باڵای تێدا هەیە. شێخ ڕەزا خۆی لە شیـعرێکی فـارسیـدا کـە مەدحی ناظم پاشا ئەکات ئەڵێت:

عــشق باســادە روخــان ازپی ســمت است و ســرین

نــه رخ و زلــف خــم انــدرخــم و چــین درچــین اســت
آن دروخــســت کــه مـن شــیــفـتــهء خــال و خطم
شــێخ راهم غـــرض از ســـاده پرســـتی این است

واتا:

عشق لەگەڵ سادە ڕووان بۆ پووز و کەفەڵە
نەک بۆ ڕوو و زولفی لوول و چین لەسەر چینە
ئەوە درۆیە کە ئەڵێ من شێت و شەیدای خەت و خاڵم
شێخیش هەر ئەم مەبەستەی هەیە لە سادە پەرستی

فەرموون لەگەڵ ئەم چەند شیعرە هەڵماڵراوانەی:

لە شیعرێکی کوردیدا ئەڵێت:

کـێر کـە هەسـتا، نە لە بێگانە دەپرسێ و نە لە خـوێش
گوررزی خۆی هەر دەوەشێنێ، چە لە پاش و چە لە پێش
هەمــە کـێــرێکی قــەوی، هێند بە کـونی تەنگا چوو
سـەر و چاوی هەمـوو زامـدار، پەراسـووی هەمـوو ڕێش
تا ملی غــەرقــە لە چەرمـا، وەکــو ســیــواکی مـەلا
پرچی ئەفـشــانە لەســەر پشــتی ملی وەک دەروێش
پاڵەوانێکی قـــەوی و قـــۆڵە لە مـــیــل بازیشـــدا
مـەحکەمـە ڕیشـە و بنجی وەکـو شـاخی گـامـێش

لەشیعرێکی تری کوردیدا دەڵێت:

هەر وەکـو ئەشکم بە ڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کـوز
داسـتـانی شـاهنامـەی خـوسـرەو و شـیـرینە کــوز
ئینشـیـقـاقی هەر وەکـو کـاڵەک لەبەر شـیـرینیـیـە
هەر کـەسێ نەیچـەشـتـبێ نازانێ چەن شـیـرینە کـوز

***

واقه واقی دڵ

هەر واقــە واقی دڵـمــە بە دەســـتی فـیــراقـــەوە
وەک ڕێوی کـــە هەردوو گـــونی ببێ بەفـــاقـــەوە
ئـیــمـــان لە تەوقی ســەرمـــەوە وەک واشــە دەرپەڕی
ســمـــتی کـــە دەرپەڕاند و ســـەری نا بە تاقـــەوە
مــوطرب لە عـــەشــقی عـــیـــراقی بە حــەســرەتم
بۆم هەســـتـــە وردە وردە لە پەردەی (عــیــراقــەوە)

***

بەسەر بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قـەلغانی سیـمینت
هەزار مـارتین بە قـوربانی تفـەنگی لوولە چەرمـینت

***

کـێر ئەگەر مەیلی کونی کرد سەرەکەی بگرە لەمشت
همە جـا خـانەء عـشق است، چەمـسـجـد، چەکنشت

***

مـوددەتێ نێـر بـازی و ئێـسـتـا کـە مـەیلی مێ ئەکـەم
ئارەزووی گـانی کـچـێکی کــوز پڕی دەرپێ ئەکـەم

***

ئەم قـــــەحـــــپـــــە فـــــەلەک لە داخی مـــــردم
مـــــوحـــــتـــــاجی ڕەشی ڕەشـــــیـــــدی کـــــردم

***

گەلێ سمتی سپیم دەس کەوت نەمتوانی پیـیاکێشم
دریغ بۆ مـەتراقی کـێرەکـەی چەند سـاڵ لەمـەوپێشم

***

هێندە بە تەعــریف و کـینایەت لە بنی ســینگت بەم
بەگ ئەفــەندی بە ســەراحــەت لە کــونی قنگت بەم

... ئەفەندی خەلقی بەسرە دەبێت و لە کەرکووک مەئمووری حکومەت بوو. هەندێ قسەی ناشرینیان نایە ژنەکەیەوە و لەبەرئەوە گەڕایەوە بۆ بەسرە و شێخ ڕەزا دەڵێت:

لێرە گایان ژنەکەی... ئەفەندی بەسرە
ایستە بۆ (بەصرە) دەچێ (بعد خراب البصرە)
هێند گەووادە گەر ئەولادی لەپێش چاوی بگێی
ڕیشی ڕادەگرێ کەها کێر و گونی پێ بسرە
عەینی بەغدایە بە خۆی چونکە لەبەر ئاوی مەنی
مەقعەدی بەحرە، گونی قایغە، کێری جسرە

بە موتەسەریفی کەرکووک ئەڵێت:

موتەلەووین میزاجی گوونا گون
موتەسەڕیف کە دیدە بۆ قەلەموون
موتەسەڕیف جیگەرەکەی لە دەما
دێ و دەچێ وەک مریشکی چیلکە بە قوون

***

ماینە کوێت

کوردستان برێتییە لە چیا و هەردە و دەشت. کورد هەر لە کۆنەوە، بۆ هاتوچۆ و گوێزانەوەی دەغڵ و دان و کووتاڵ بەرزە وڵاغی بەکار هێناوە. بەرزە وڵاغ برێتییە لە ماین و هێستر. هێستر لە چیاکان و ماین لە هەردە و دەشتدا. ماین بە پێی ڕەسەن و ڕەنگ ناو دەبرێت. ئەوەی بۆ سواری بێت لە ڕەسەندا لە ماینی عەرەبە و ئەوەی بۆ بار هەڵگرتن بێت پێی دەڵێن (بەرگیر). ناوی ماین بە پێی ڕەنگ؛ ڕەش، کوێت، شێ و بۆرە... هتد.

شێخ ڕەزا لەم شیعرەدا باسی ماینە کوێتی خۆی ئەکات و ئەڵێت:

ماینە کوێت جاران دەتوت ڕەوتی ڕەوتی ئاهووە
ئێستە هەستانی لەسەر ئاخوڕ بە یاهوو یاهووە
قەت لە یەک قسناغ کەمی جۆ نادەمێ هێشتا لەڕە
ساڵ دوانزە مانگ سواری نابم هەر ماندووە

عومقی چاڵی مەقعەدی بێ شک مەسافەی قەسر ئەبێ
درزی دەروازەی کـــوزی لۆچ لۆچ بەســـەر یەکـــدا چووە
گـەر بە ئاوزەنگی پەراســووی ئەم ســەروســەر هەڵدڕم
هێنـدە نابزوێ بزانم مــــــاوە یاخـــــو مــــــردووە
خـــاوەنی پێـــشـــووشی نازانێ کـــە تەئریخ و ســەنەی
چەندە ئەمما من لە پیــــرانی قـــەدیم بیـــســـتـــووە
وەختێ نادر شا هجـوومی کردە سـەر ئیـقلیـمی ڕۆم
تازە، گــۆیا ، ئەو لە کـــوز دایکی خـــرووجی کـــردووە

***

هەواڵ پرسینێک

ناسیاوێکی شێخ ڕەزا دەستی دەشکێت و بەم شیعرە فارسییە هەواڵی ئەپرسێت:

شکســـــتـــــه باد دو دست فلک ازین کــــــردار
برید باد دوپای ســـــپـــــهـــــر ازین رفـــتـــــار
دلاوری کـــــــــه دری آهیـن زجــــــــا کـنـدی
ببــــازوان قـــوی همـــچـــو حـــیـــدر کـــرار
بچـشم زخم حـــسـودان شکســـتـــه شـــد دســـتش
بلی زمـــــانه عـــجب روبهی است شـــیـــر شکار
ولی تو هیچ مـــخـــور غم شکســـتـــه بســـتـــه شـــود
بشـــاهراه حـــقـــیـــقت شکســـتـــه کـــیـــست بکار

واتا:

یاخوا هەردوو دەستی چەرخی گەردوون بشکێ کە ئەم کارەی کرد
هەردوو پێی ئاسمان ببڕێنەوە کە ئەم ڕەفتارەی کرد
قارەمانی کە دەرگای ئاسنین لە شوێنی خۆی هەڵئەکەند
بە بازووە بەهێزەکانی وەک حەزرەتی عەلی
بە چاوی پیسی حەسوودان دەستی شکا
بەڵێ، زەمانە ڕێوییەکی سەیرە کە ئەتوانێ ڕاوی شێر بکا

بەڵام تۆ هیچ خەفەت مەخۆ، شکستە ئەگێڕێتەوە
لە شاڕێی ڕاستیدا شکان کەڵکی هەیە

براه عـــــشق کـــه از مــــا و من پیـــر هیـــزند
زپـای دست بـشـــــــــوی و زدسـت دست بـدار
نه آخـر آن فلک است، این فلک کـه روز (أحـد)
شکست گـــوهر دندان (احـــمـــد مـــخـــتـــار)
نه آخـر آن فلک است این فلک کـه روز (صـفین)
خـــراپ کـــرد جـــهـــانرا بشکـتن عـــمـــار

واتا:

لە ڕێی عیشقدا کە لە من و ئێمە ڕێز ئەگرن
دەست لە پێ داشۆرە و دەس لە دەست هەڵگرە
ئەم گەردوونە هەر هەمان گەردوون نییە کە لە ڕۆژی (ئوحود)دا
گەوهەری ددانی پێغەمبەری شکاند؟!
ئەم گەردوونە هەر ئەو گەردوونە نییە کە لە ڕۆژی (سەففین)دا
بە کوشتنی (عمار کوڕی یاسر) دونیای وێران کرد؟

***

دۆستایەتیی شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی

زۆر ئاشکەرایە، لە ژیانی شێخ ڕەزادا، کەس ئەوەندەی ئەمین فەیزی خۆشەویست و جێ ڕێز نەبووە. شێخ ڕەزا خۆی لە بابەت پێوەندیی لەگەڵ ئەمین فەیزیبیا دەڵێت:

نـــســـــبت من بـا أمین فـــــیـــــضی ازلی است
همــــچـــو سنی بعـــمـــر، نەچو روافض بعلی است

واتا:

پێوەندیی من و ئەمین فەیزی هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوەیە
وەک هیی سوننییانە لەگەڵ عومەر، نەک وەک هیی ڕافزییان لەگەڵ عەلی.

هەروا دەڵێت:

در حـــضـــر ممتـــاز و ممتـــاز از ســـفـــر آمـــدی

اول و آخــر (امین فــیــضی) تو ممتــاز آمــدی

واتا:

تۆ لە ماڵا هەڵاویردەی و، بە هەڵاویردەییش لەسەفەر گەڕایتەوە

لەسەرەتا و لە دواییدا، ئەمین فەیزی، تۆ بە هەڵاوێردەیی هاتووی

لە لایەکی تریش لە شیعرێکی تورکیدا باسی خۆش گوفتاری و ڕەوشت جوانی دەکات و دەڵێت:

اســتــاذ ســخن، مــیــر ســخن سک

خــلاق مــعــالی دینلان وارایســه سن سک

ای کــان کــمــالات (أمین فــیــضی) افندی

مــجــمــوعــهء خلق (حــسن)، خلق (حــسین) سک

واتا:

مامۆستای قسە و میری قسە تۆی

ئەگەر دروست کەری مەعانی هەبی وەکوو دەڵێن تۆی

ئەی کانی کەماڵ ئاغای ئەمین فەیزی

دەستەیی ڕەوشتی (حەسەن) و ڕەوشتی (حوسێن) تۆی.

ئەمین فـیـضی بەگ لە سـاڵی ١٨٦٠ لە شـاری سـولەیمانی هاتووەتە دونیـاوە. لە پاش تەواوکردنی قوتابخانەکانی ئەوێ، چووەتە شاری بەغدا و لەوێ لە قوتابخانەی سەربازی دەرچووە و چووەتە ئەسـتـەمـوڵ لە کـۆلیـجی سـەربازی خوێندویەتی و بە روتبـەی مـولازم دەرچووە و لە سوپای عوسمانیدا گەیشتووەتە روتبەی میر ئالای تۆپچی و لەم روتبەیەدا خانەنشین کراوە.

سـاڵانی شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی لە شـام و حەلەب رابواردووە و لە پاشا گـەڕاوەتەوە ئەسـتـەموڵ، و لە پاش نەخۆشـیـێکی دوور و درێژ لە سـاڵی ١٩٢٨ لە ئەسـتـەمـوڵ کـۆچی دوایی کردووە.

ئەمین فەیضی بەگ سەرەڕای شارەزایی زۆر لە زانستی ریازیات، ئەدیب و شاعیر بوو، یەکەم دیوانی بە تورکیبە ناوی (شعاعات) لە چاپ داوە. لە زانستی ریـازیاتدا کـتـێبی (ئیـجـمـالی نەتایج)ی لە چاپ داوە و لە زانسـتی فـیـزیک کـتـێبی (هەوای نەسـیـمی) بڵاوکـردووەتەوەو لە زانسـتی (جبر) کـتـێبی (تەفـرەقـەی ریاضـیـە) چاپ کـراوە. ئەمین

فـەیضی ئەندامی لیـژنەی زانسـتی ئەکـادیمیـای پاریس بووە. زۆریش دروست و جێ ڕێزی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو و لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدەبیانی کورد) گەلێک لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تێدا بڵاوکردووەتەوە.

***

شێخ ڕەزا لەم شـیـعـرانەی خـوارەوەدا غـەمـبـاریی خۆی، لەبەر دووریی ئەمین فـەیضی دەردەبڕێت و سکاڵای تەندروستی و تەمەن درێژی بۆ دەکات

انچنـانم زهجـــر کـــاکـــه أمین
کـــــەندانم یســــــار را ز یمین
آن کنـد بـخـت قط نبــــینم یـار
تـازنم خـنـده بـر زمــــــان و زمـین
چـنـد ریـزم بیــــاد روی تـو اشـک
چـنـد بـاشـم ز دوریـت غــــمگین
تـا غــمــــیـــرا بحــیـله چاره کنم
دیـگری ســــر بر آورد ز کـــمین
مـــستم از جـام بادهء فـــیـضت
چو مـــسیـــحـا ز روح فـیض أمین
ســـــالـهــــای دراز بـاقـی بـاد
بـســــلامـت امـین مـــا آمـین

واتا:

لەبەر دووریی کاکە ئەمین فەیزی لە حاڵێکام
ڕاست و چەپ لێک جوێ ناکەمەوە
بەخت هەر ئەوەندەم بۆ بکا دۆست ببینم
تا (لە بەختەوەریی خۆما) بە عەرز و عاسمان پێبکەنم
چەند لە یادی ڕووی تۆدا فرمێسک برێژم
چەند لە دووریی تۆ خەفەتبار بم

تا به فڕوفێڵ چاری خەمێ ئەکەم
خەمێکی تر لە پەناگاوە سەردەردێنێ
لە جامی بادەی بەرەکەتی لێشاو کردووی تۆ مەستم
وەک مەسیح لە (روح الامین)ی پڕ بەرەکەت کە جوبرەئیلە
خوا بکا ئەمینی ئێمە بە سەلامەتی بمێنێ
ساڵەهایەکی دوور و درێژ. ئامین

ئەمین فیضی چەند نامەیەکی هۆنراوەی جوانی بۆ شێخ ڕەزا ناردووە، ئەم شیعرانەی ئەمین فەیضی، بە شێوەیەکی زۆر نازک و دڵسۆزانەن. لە وەڵامەکانی شێخ ڕەزا دەردەکەوێت، کە چەند پیاوێکی خۆش مەشرەب و ڕەوشت بەرز بووە. لەبەرئەوە شێخ ڕەزا، نەوەک تەنها هیچ هەجوێکی بەرامبەر ئەو نەوتووە، بەڵکو بە ئەوپەڕی ڕێز و دلسۆزی ئەم دۆستایەتییەی لەگەڵیدا بردووەتە سەر. لە وەڵامی یەکێک لەو نامە هۆنراوانە، شێخ ڕەزا ئەمە دەڵێت:

مشربت خوب و لهجه شیرین است
دهنت درج گوهر آکین است
فکر بکر تو بینی بین الله
نغز دوشیزهء نگارین است
عرش بلقیس و فرش براقش
در حقیقت کمینه کابین است
این نه شعر است، رشتهء شهرت
این نه نظم است عقد پروین است

واتا:

ڕەوشتت باش و زمانت شیرینە
دەمت قوتووی پڕ لەگەوهەرە
فیکری بە خەیاڵی کەسا نەهاتووی تۆ، بەینی بەینەڵڵا
کچێکی جوانی ڕەنگینە
عەرشی بەلقیس و فەرشە بریقەدارەکەی
لە ڕاستیدا کەمترین مارەییبە (بۆ ئەو کچە)

ئەمەی تۆ شیعر نییە، هۆنراوەی ناو و بانگە
ئەمە هۆنراوە نییە، ملوانکەی ئەستێرەی سورەییایە

مـصـرعـی از قـریـحـهء عـطار
کـه عـجب آبدارو رەنگین است
گـر بتـضـمین بیـاورم چه عـجب
یکی از فن شـعـر تضـمین آست
بمعـانی گـران، بنظم سبک
گـر بود سـهل ممتنع، این است
تا بضـرب المثل همی گـویند
کـه دعـا أز برای آمین است

واتا:
نیو بەیتی بەرهەمی شیعری فەرەیدوددینی عەتتا
کە زۆر ئاودار و ڕەنگینە
ئەگەر بیخەمە ناو شیعری خۆم سەیر نییە
چونکە یەکێ لە هونەرەکانی شیعر ئەوەتە شیعری کەسێکی تری بخەیتە ناو
بە واتا گران و بە سەنگ سووکە
ئەگەر (ئاسانی کەس پێ نەوێراو) هەبێ ئەوەیە
ئەوەتا مەسەلە دێننەوە و ئەڵێن
دوعا لەبەر خاتری ئامینەکەیەتی

خـاطرت شـاد باد (أمین فـیـضـی)
زان کـه دریای دانش و دین است
دوشـمنت خـاکـسـار و زیر و زبر
زان کـه در خـورد و لعن نفـرین است
فـضلرا داند از خـدای (رضـا)
نه از آن شـاعـران خـود بین است

واتا:
دڵت هەر شاد بێ ئەمین فەیزی!

چونکە دڵت دەریای زانست و ئایینە
دوژمنت لە خۆڵا بگەوزێ و سەرەو ژێر بێ
چونکە شایانی ئەوەیە لەعنەتی لێ بکرێ
ڕەزا هەموو گەورەییبێ لەخوداوە ئەزانێ
لەو شاعیرە خۆپەرستانە نییە.

لە وەڵامی نامەیەکی ئەمین فەیضی دۆستی، شێخ ڕەزا ئەم شیعرە فارسییەی بۆ دەنێرێت.

ز رشحه ء قلمت در مشیمه ء قرطاس
نتیجه هاست بقیمت گرانتر از الماس
رسیده کار بجای ترا امین فیضی
که جبرئیل امین خوانمت ز روی قیاس
صحیفه معجزه پیراست بسکه چون مریم
ببر گرفته موالید عیسوی انفاس
هزار سال بمانی و این عجب نبود
شرافتت به مثل خضر زینده و الیاس
در این دیار (رضا) را بهرزه عمر گزشت
بجان رسیده گناهش بگردن افلاس

واتا:

لە نووکی قەڵەمتەوە لەناو منداڵدانی کاغەزا
ئەنجامی وا زۆر هەیە بە نرخ لە ئەڵماس گرانترن
کار گەیشتووەتە ڕادەیەک ئەمین فەیزی
بەقیاس بە جوبرەئیلی ئەمینت ئەخوێنمەوە
تەنها موعجیزەی پیر کاغەزە، کە منالّی بە هەناسەی عیسا
لە دایکبووی زۆری گرتووە بە بەرسنگیەوە وەک مریەم کە عیسای بە موعجیزە بوو
یاخوا هەزار ساڵ بمێنی و ئەمە سەیر نییە
چونکە شەرەف و گەورەییی تۆ وەک هینی خدری زیندە و ئیلیاسە
عومری (ڕەزا) لەم ولاّتەدا بە هیچ و پووچ بەسەرچوو

لە وەڵامی نامەیەکی تریدا، شێخ ڕەزا، دووبارە ئەو پەڕی ڕێزی بەرامبەری دەردەخات کە دەڵێت:

الا ای هنرمند یار قدیمی
توی خسروانرا سزای ندیمی
ز حکمت بپرداختی نامەء ت و
بدادی درآن نامەداد حکیمی
هوای نسیمی از ان گشتە نامش
کە جان پروراند هوای نسیمی
بدانش ترا هیچ همتا ندیدم
مگر جوهر فرد و در یتیمی
تو خواهی سفر از یمن دورتر کن
امین فیضیا در دل من مقیمی

واتا:

ئەی یاری هونەرمەندی دێرینە
تۆی شایانی هاودەمیی پادشایانی
لەوێڵ و کەماڵی خۆتەوە نامەکەی خۆت ڕازاندەوە
جاڕی خاوەن حیکمەتیی خۆتت لەو نامەیەتدا دا
بۆیە ناوی نراوە (هوای نسیمی)
چونکە هەوای شنەبای بەیانیان (هوای نسیمی) گیان پەروەردە ئەکا
لە زاناییدا کەسم بە هاوتای تۆ نەدی
مەگەر تۆ جەوهەری فەرد و دوڕڕی یەتیم (تاقانە گەوهەر)
حەزت لێیە سەفەر بۆ لە یەمەن بەولاوەیش بکە
ئەمین فەیزی تۆ لە هەر کوێ بی، لە دڵی منا جێت گرتووە

کە داوا لە شێخ ڕەزا دەکرێت بچێت بۆ بەغدا و ببێتە شێخی تەکیەی تاڵەبانی، ئەم ئەرکە لەگەڵ بیری کراوەی شێخ ڕەزادا نەدەگونجا. ناتوانێت، وەکو شێخانی تەریقەت ئیدعای "کەرامەت" بکات. ئامادەیە بچێتە بەغدا، بەڵام بەم مەرجە:

مـــشـــربم مـــشـــرب امین فـــیـــضی است
هـر دوو از هـرد و عـــــــــــالـم ئـازاده
ای (رضـــــــــا) تـا بمـرگ رنـدی کـن
ایـــن بـــود دولـــت خـــــــــــــدا داده

واتا:

ڕەوشتی من ڕووشی ئەمین فەیزییە
هەردووک لە هەردوو دونیا ئازادین و کارمان پێ نییە
(ڕەزا)، تا ڕۆژی مردن هەر بێ موبالات بە و گوێ بەهیچ مەدە
دەوڵەتی خووا دادە ئەمەیە

کە باسی یەکیەتی بیر و باوەڕی خۆی و ئەمین فەیضی دەکات دەڵێت:

ز اربـاب دانـش امـین فـــــیـــــضی یـا
ترا امـــتـــیـــازیست کـــز فن ضـــیـــارا
نـشـــــانـهـــــا ست بـر اتحـــــاد من تـو
زیـک مــــایه گـــویی ســـرشـــتند مـــارا
زیـاد و کـم از نـام نـامـــــیت نبـــــود
برسم جـــمل گـــر شـــمـــاری (رضـــا) را

واتا:

ئەی ئەمین فەیزی، تۆ هەڵاوێردەییییەکت لە زانایانی تر هەیە وەک
زۆر نیشانە بۆ یەکێتیی من و تۆ هەیە
وەک بڵێی من و تۆیان لەیەک مایە دروست کردبێ
ئەگەر ناوی (رضا) بە حەرفی ئەبجەد بژمێری
زیاد و کەمی لەناوی ناوداری تۆ نابێ

چونکە ژمارەی ناوی هەردوویان بە پێی (ابجدی) (١٠٠١)ە.

ئەگەر ئەمین فەیضی بچێتە میوانیی شێخ ڕەزا، چۆن چاکەی بداتەوە؟

کـە تـەشـریفی شـەریفی هات (ئـەمین فـەیضی) بـە مـیـوانی
لـە عـوهدەی شـوکـری دەرناچم مـەگـەر خـۆم کـەم بـە قـوربانی

***

کۆچی دوایی شێخ ڕەزا

هەندێ لە نووسەرەکان ساڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای تاڵەبانییان بە ١٩٠٩ میلادی داناوە. بەڵام بەڕێزان د. کەمال مەزهەر و حەمە بۆر و ئەحمەد تاقانە، لەسەر ئەوەی کە لە کێلە قەبرەکە نوسراوە، بە شەوی هەینی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی دایاننناوە. مامۆستای بەڕێز د. کەمال، لە ژمارەی یەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری ساڵی ١٩٧٣ دەڵێت ئەمە بەرامبەری ١٩١٠ میلادییە و بەپێی بۆچوونی محەمەد ئەمین زەکی بەگ کە لە کتێبی (ناودارانی کورد)دا دەڵێت؛ ڕۆژی مردنی بە یەکەم ڕۆژی مانگی موحەڕەم داناوە کە بەرامبەر ئێوارەی پێنج شەمەی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠. بەڵام مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار لە ڕۆژنامەی (الرقیب) کە عبدوللەتیف ثنەییان لە بەغدا بە زوبانی عەرەبی دەری دەهێنا، وای بینیوە کە لە ژمارەی ٨٢ کە لە ٩ موحەڕەمی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی بڵاوکراوەتەوە وا دەڵێ:

«لقد اسفنا كل الاسف، لما بلغنا من مرض جناب الفاضل الاديب الذي سارت يذكر فضائله ورصانة اشعاره الركبان، الشيخ رضا افندي الطالباني، مرضاً اصاب رجليه فاقعده وآلمه، فنسأل الله له من صميم القلب سرعة الشفاء».

بەڵام لە ژمارەی ٨٣ لە ١٠ی موحەڕەم ١٣٢٨ کۆچیدا دەڵێت:

«لقد استأثرت رحمه الله بالفاضل والشاعر اللبيب، الذي كان يعد وجوده فلتة من فلتات الزمن الذي عقمت عن مثله الايام منذ زمن، الشيخ رضا افندي الطالباني، عصر الخميس عند قول المؤذن "الله اكبر" توفاه الله عن عمر ناهز السبعين قضاه في التحصيل والادب. اما نظمه في اللغات الاربع عربية وتركية وفارسية وكردية، فهو الذي قد سارت به الركبان وتناقلته الألسن لسلامته ورقته، حتى اني اذكر اعتراضي عليه رحمه الله في عدم تدوينه اياه، فاجاب بالواقع بان (ديوانه صدور الرجال لا بطون الدفاتر) وقد احتفل العموم احتفالاً يليق بنعش الفقيه، وواروه جدثد في مقبرة الشيخ عبدالقادر الكيلاني قدس سره، واقيمت له تعزية حافلة في زاويته (تكيه) الواقعة في الميدان. فنسأل الله له العفو والمغفرة والرضوان، ولحضرة كل من اخوانه وانجاله وعائلته الصبر لينالوا الأجر».

کەوابوو شێخ ڕەزا لە ٩ موحەڕەمی ١٣٢٨ کۆچی کە بەرامبەری ٢١ کانونی دووەمی ١٩١٠ی میلادی دەکا کۆچی دوایی کرد و ئەو بولبولە خۆش ئاوازە بێ دەنگ بوو.

دوا قۆناغی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا لە ڕۆژی هەینی ١٠ موحەڕەم ١٣٢٨ھ کە دەکاتە ٢١ کانونی دووەمی ١٩١٠م، لە گۆڕستانی شێخ عبدولقادری گەیلانی، بە هاتنی جەماوەرێکی زۆر، بە خاک سپێرا و لە تەکیەی تاڵەبانی لە گەڕەکی (مەیدان) ماتەمینی بۆ دانرا و لەسەر کێلە قەبرەکەی ئەم شیعرە فارسییە نوسراوە:

یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف
داخلی جنت شوم در زمره ء اصحاب تو
او رود در جنت من در جهنم کی رواست
او سگ اصحاب کهف من صگ اصحاب تو

واتا:

یا (رسول الله) چ دەبێت وەک سەگی (اصحاب کهف)
بچمە بەهەشت لەگەڵ زومرە هاوڕێیانی تۆ
ئەو دەچێتە بەهەشت کەی ڕەوایە من بۆ جەهەنەم
ئەو سەگی اصحاب کەهفە، من سەگی ئەصحابی تۆ

***

شینی شێخ ڕەزا

ڕۆژنامەی (الرقیب) کە لە بەغدا بە زوبانی عەرەبی دەردەچوو دوو شینی بڵاوکردەوە کە دوو شاعیری عەرەب بۆیان وتووە. یەکەمیان «عطاءالله خطیب زادە» کە دەڵێت:

اترضی المعالي ان تناح سواها
وقد علمت ان الفقید رضاها
ام الصبر هل یقضي بحسن اصطبارنا
وانفاس محیاء الرضاء قضاها
قضی نحبه والمکرمات تحفه
وتبکیه، لکن ما افاد بکاها
وکم بکت العلیاء ترجو
وهیهات ان یعطي البکاء مناها

قــضى نحــبــه ايام عــشـــر مـــحـــرم
غـــريبـــاً وحـــيـــداً مـــثـل أهل عـــبـــاها
فـــلا ابن يبـــيـــعـــه الشـــراب، ولا اخـــاً
ولا بــنت تجـلــو همــــــه بـعـــــــداهـا
فـــتـــبـــاً لدنيـــا لا ثبـــات لهـــا ، ولا
وفـــاء، ولايرجى البـــقـــاء. بحـــمـــاها
وطوبى لأرض قـــد حـــوت منه اعـظمـــا
بهـــا طالما الدهر الخـــؤون تبـــاهى
وطوبى لقـــبـــر قـــد حـــوى العلم والتـــقى
واصـنـاف فـــــضـل لـم تـكـن تـتـنـاهى
وطوبى لقـــــبـــــر حل منزلة الرضـــا
اخـــو العلم من للمكرمـــات حـــواها
لطيف، رقـــيق القلب، شـــفّـاف طبـــعـــه
لقـــد كـــان من عين الكمـــال جـــلاها
فكم عـــالجت يمناه مـــرضى ضـــلالة
فـــمـــا مـــســـهـــا الاّ اســـتـــرد هداها
وكم مـــدنفٍ اشـــفت من الجـــهـل نفـــســـه
فـــرد بآيات القـــريض شـــفـــاها
وكم كـــبـــد حـــرى شكت من اوارها
رواها بـابـيــــــات اليـــــــه رواها
فلو رقـــمـــوا يومـــاً على الطور نظمـــه
لكنت ترى الطور اســتـــحـــال مـــبـــاها
فـــصـــيح ترى الحـــر البليغ امـــامـــه
كـــمـــعـــدوم نطق لايلم شـــفـــاها
كليم، واقـــلام المعـــاني عـــصـــيّـــة
مـــتى هزها تلف الرجـــال شـــبـــاها
كـــأن القـــوافي كنّ في اســـر نطقـــه
تدحـــرج انى شـــاء حـــيث اتاها

فل و لطمت عــشــر العــقــول بــعــشــرها
علــى مـــشله حـــزناً يحق أســـاهــا
ول و رأت الخنســـا ء بعض فـــعـــاله
لما ادكـــرت من بعـــد ذاك أخـــاهـا
فـــلا كل مـــفـــقـــود من الحـــر مـــؤلم
ولاكــل نــار يــهـــــتـــــدي بســنــاهــا
ولاكل مـــغـــمـــور بجـــفن مـــهنداً
ولا كل عــــضب للكمـــأة وقـــاهـا
ولاكل ذى جـــاه عـــريض بســـيـــد
ولا كــل من ســـاد الرجـــال حــمـــاهـا
ولا كــل مـــفـــقـــود يناح لفـــقـــده
ولا كــل ذات تفـــتـــدى بســـواهـا
لمثـل الرضــا تجــري الجـفـون بـخـيــعـهــا
لمثـل الرضـــا تفني العـــيـون ضـــيـــاهـا
لمثل الرضـــا تغـــري الخـوادر جـيــبـهــا
لمتل الرضـــا تدمي الاســـود جـــبـــاهـا
لمثل الرضـــا في الكون تجـــرى مـــآتم
لمثل الرضـــا تهـــوى النفـــوس أذاهـا
لمثل الرضـــا يســتــصـعب الحـر صــبـرة
لمثل الرضـــا تجـــفـــو الكرام كـــراهـا
حـــبـــاه الـه العـــالمين جنانـه
ولا زال مـــســـروراً بضـــحـــبـــة طه

هەروا سيد مهدى البغدادى لە شارى (نەجف) ئەم شيعرە عرەبييەى لە ژمارە ٩٣ رۆژى ٢١ شـبـــاطى ١٣٢٥ رومى لە رۆژنامـــەى (الرقـــيب)، لەمـــەئـتـــەمى شـــێخ ڕەزادا بڵاوكردووەتەوە.

قـــــولـوا لاطناب العلوم قــــوضي
هذا الرضـــا وهو العـــمـــاد قـــوضـــا

من للعلوم الغــر يبــدي مــاخــفى
منهــا بفكر يســبق الســيف مــضــا
مـن لـلقــــوافي الـلـؤلؤيات الـتي
كــانت نجــوم جــبــهــة الدهر وضــا
اصــــبح وجــــه الـدهر وهو اســــود
وكــان وجــه الدهر فــيــه ابيــضــا
جــوهرة لم يحــتــملهــا الدهر ان
تبــدو، فــضــمــهــا لقلبــه القــضــا
فـللقــضــا اجــاب في رواحــه
"ارخ لـربــه وفــــاه بـرضــــــا"

به پیتی ژمارەی ابجدی دەکاته ١٣٢٨ھ

***

شێخ ڕەزا و بنەماڵەی (خادم السجادە)

بنەماڵەی (خادم السجادە)، لە پێشا نیشتەجێی شاری کۆیە و لەپاشان هاتوونەتە شاری کەرکوک. هەر لە کۆنەوە بەرماڵێکی پێغەمبەر، سەلامی خوای لێ بێت، کەوتووەتە لایان و پشتا و پشت پاراستوویانە و ماڵیان بووەتە زیارەتگای موسڵمانان. هەرچەنێک لە ساڵانی دواییدا، عەلی ئەفەندی خادیمی سوججادە، لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەکان بڵاوی کردەوە ئیددیعای ئەوەی کرد کە ئەم بنەماڵەیە، لەڕەسەندا، لە بنەماڵەی (ئەمەوی)ن، لەبەرئەوە ئەم یادگارە کەوتووەتە لایان. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچوونە نەبوو.

هەر وەکوو ئەو قورئانە پیرۆزەی کە خەلیفە (عثمان کوڕی عفان) کۆی کردەوە و لە ساڵانی شەڕی رووس و تورکدا کەوتە دەستی ئەفسەرێکی رووس و ناردی بۆ مۆزەخانەی (پترسبرگ) و لە پاشان نێررایە (تاشقەند)ی پایتەختی کۆماری ئۆزبەکستانی سۆڤیاتی، هەروایش، لە هەلێکدا ئەم یادگارە کەوتووەتە لای ئەم بنەماڵە کوردە، کە کورد لە مێژووی دەوڵەتانی ئیسلامدا ڕۆلێکی گەورەیان بووە.

لەکاتی حوکمی عوسمانی و لە سەردەمی حاجی ئەمینی خادیم سوججادە، کە پیاوێکی

مەلا و زانا و ناودار بوو، سولّتان عبدولحەمید فەرمانی داوە ئەم زیارەتگایەی ئێستا کە لە کەرکووکە، لە سالّی ١٣٢٣ کۆچی دروست کراوە.

لەم بنەمالّەیە، ڕەفیق ئەفەندی خادیم سوججادە، لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی عێراقدا لەگەلّ شێخ حەبیبی تالّەبانی و عەبدوللّلا صافی، بوونە بەنوێنەری شاری کەرکووک و لە (مەجلیسی تەئسیسی) بەشدارییان کردووە.. وە لەپاش ئەو عەلی ئەفندی کوڕی لە پەرلەمانی عێراقدا نوێنەری شاری کەرکووک بووە.

ئەم بنەمالّەیە، پشتا و پشت دۆستایەتییەکی قوولّ و خزمایەتییان لەگەلّ شێخانی تالّەبانیدا هەیە. حاجی ئەمین لەگەلّ شێخ عەلی و ڕەفیق ئەفەندی لەگەلّ شێخ محەمەد عەلی و عەلی ئەفەندی لەگەلّ شێخ جەمیل. لەمە بەولاوە هیچ هۆیەک نییە کە شێخ ڕەزا ڕێزی بەرامبەر بەرمالّی پێغەمبەر (س) و هێرشی توند بەسەر نۆکەرانی بەرمالّ بێنێت.

شێخ ڕەزا لەگەلّ ئەو هەموو هەجوە ناڕەوایەی حاجی ئەمینی خادیم سوججادە، ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر ئەم یادگارە پیرۆزەی پێغەمبەر (س) دەردەخات و لەچەند شیعرێکدا سوپاسی سولّتان عەبدولحەمید دەکات کە جێگایەکی لایق بەم یادگارەی دروست کردووە. لە شیعرێکی تورکیدا دەلّێت:

سجادهء شریفه‌یه تقبیل ایدنلره
بی شبهه‌در شفاعت سجاده صاحبی
زحمت ویرردی زائرینه ضیقت مکان
دگمزدی ذیل پاکنه هر عاشقک لبی
تا استلام شهر اول انشا بیوردیلر
عەبدولحەمید خان بو مقامی مرتبی
وارد سمای هفتمه تاریخکز (رضا)
بتدی طواف خانهء سجادهء نبی

واتا:

ئەوانەی ماچی سوججادەی شەریف ئەکەن
هیچ گومانی نییە کە بەر شەفاعەتی خاوەن سوججادەء ئەکەون
تەنگی جێگا سخلّەتی دەدایە زیارەتکەران
لەپی هەر عاشقێک نەدەگەیشتە داوێنی پاکی.

تاکو لە مانگی یەکدا فەرمانی دروست کردنیدرا
ئەم مەقامەی دا عەبدولحەمید خان
مێژووت گەیشتە ئاسمانی هەفتەم ئەی (ڕەزا)
کۆتایی هات زیارەتخانەی سوججادەی پێغەمبەر
١٣٢٣ کۆچی.

لە هۆنراوێکی تریدا مێژووی دروست کردنی ئەم ئابیدەیە دووپات دەکاتەوە و دەڵێت:

دولسون همیشه جیب همایون پادشاه
کیم جود (معنی) (حاتمی) افسانه یاپدیلر
سجاده‌ء شریفه‌یه عبدالحمید خان
پک منتظم عمارت شاهانه یاپدیلر
مرکز جهانه گلمدی مانندی بر ملک
هر کاری یاپدیلرسه ملوکانه یاپدیلر
تاریخی مطابق واقع دیدی (رضا)
(سجاده‌ء پیمبر ایچون خانه یاپدیلر)

١٣٢٣ کۆچی

واتا: هەمیشە پڕ بێت گیرفانی هەمایوون پادشاه
ئەوە کێیە بەخشندەی (مەعن) و (خاتەم)ی کردە ئەفسانە
بۆ سوججادەی شەریف، عەبدولحەمید خان
کۆشکێکی زۆر ڕێکی شاهانەی کرد.
نەهاتووەتە جیهان شاهێکی وەکو ئەو
هەر کارێکی کردبێت شاهانە کردوویەتی

بەپێی ژمارەی ئەبجەدی، مێژووی دروست کردنی ئەم کۆشکە دەکاتە ١٣٢٣ . هەر لەبابەت ئەم کردەوەیەدا دیسان دەڵێت:

پادشاه آل عثمان یعنی خان (عبدالحمید)
قابل انکار دگل احسان فوق العادەسی
پادشاه؛ انبیایی مس ایدەن سجادەیە

گـور مـدی لائق، زیـارتخـانه‌ء مـعـتـادەسی.
بـر زیارتخـانه‌ء شـاهانه انشـا قـیلدیلر
آسمـان دورنجه دورسـون شـاه ایله شهزادەسی
پک کـوزل دوشـمش رضـا جـوهرلی تاریـخکر
(امـجـد پیـغـبـەرک مـوقف سـجـادەسی)

واتا:

پادشای آل عوسمان یانی خان عەبدولحەمید
قەد ئینکار ناکرێت چاکەی فەوقەلعادەی
بۆ ئەوانەی زیارەتی بەرماڵی پادشای پێغەمبەران دەکەن
ئەو زیارەتخانەیەی بەلایق نەزانی.
زیارەتخانەیەکی شاهانەی دروست کرد
تاکو ئاسمان وەستاوە بوەستێ شاه و شازادەی
زۆر جان کەوتووە (ڕەزا) مێژووی جەوهەردارت
(جێگای بەرماڵی پێغەمبەر خاوەنی مەجد)

شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەم هەموو ڕێزەی بەرامبەر زیارەتگای بەرماڵی پێغەمبەر، لە هەموو دەرفەتێکدا هەجوی حاجی ئەمینی کردووە و هەتا لە هەجوی شێخ محەمەد عەلی برازای ئەم جنێوە بە حاجی ئەمین دەدات:

شـێـخ کـە گـەووادێ وەکـوو (خـادمی سـوجـجـادە) لەلای
سـەیدی حـور لە سـولالەی عـەلی و فـاطـمـە بێ

لە شیعرێکی تریدا کە باسی نان و خوانی حاجی ئەمین ئەکات ئەڵێت:

خـادم سـجـادەیی پیـغـمـبـری
کـشـتی جـود و سـخـارا لەنگەری
اغـنـیـا خـواهـنـد از انـعـام تـو
سـینیـێ شـەگـرا و پلاو دوو لەنگەری
ئەو کـەسـەی خـوانی لە بۆ دێ صـوبح و شـام
چی لە ئێـمـە زیاترە غـەیرەز کـەری؟

واتا:
ئەی نۆکەری بەرماڵی پێغەمبەر
تۆ لەنگەری کەشتیی سەخا و بەخششی
دەوڵەمەندان لەنان و نیعمەتی تۆ
سینییێ شەکراو و دوو لەنگەری پلاویان ئەوێ
ئەو کەسەی سینی بۆ دێ بەیانی و ئێوارە
چی لە ئێمە زیادە غیرەز کەری یا کەڕی و
مەبەستی شێخ محەمەد علی کەڕەیە.

وا دیارە ئەم بگرەوبەردەی نێوان شێخ ڕەزا و خادمی سوجادە تەنیوەتەوە و شێخ ڕەزا لە شیعرێکی فارسیدا ئەم هەجوە توندەی کردووە.

مـــیـــخـــوارەینم من کـــه مـــرا بادە بیـــاریـد
مـن ســـادە پرســـتم، پســـری ســـادە بیـــاریـد
چندان خـــوشم از بچـــه ء کـــون دادە نیـــایـد
گـــرهست یکی بچـــه ء ناگـــادە بیـــاریـد

واتا:
من مەیخۆر نیم مەیم بۆ بێنن
من بێ تووک پەرستم، هەتیوێکی بێ تووکم بۆ بێنن
من ئەوەندەم حەز لە هەتیوی قنگ داو نییە
ئەگەر هەیە هەتیوێکی نەگاویاوم بۆ بێنن

نـی‌نی غـلطم بچـــه ء ناگـــادە در این شـــهـــر
پیـــدا نشـــود گـــادەو، ناگـــادە بیـــاریـد
بایک کـــفلی گـــرد قناعت نتـــوان کـــرد
کـــونـرا بتـــرمـــوای و بەعـــرادە بیـــاریـد

واتا:
نەنە، هەڵە بووم، هەتیوی نەگاویا و لەم شارە
دەست ناکەوێ، گاویاوو نە گاویاو (هەرچی دەس کەوت) بهێنن
پیاو ناتوانێ بەتەنها کەفەڵێکی خڕ داکەوێ
قنگی وا زل بێنن بە تراموای و عەرەبانە بگوێزرێتەوە

زان مکتب حربیه که سرچمشه ء کون است
چندین نفـــر و ضـــابط و بگزاده بیـــارید
آن صـــبـــر ندارم کـــه ز پایش کنم ایزار
دامن بکمـــــر بر زده آمـــــاده بیـــــارید

واتا:

لەو قوتابخانەی جەنگییە کەسەرچاوەی قنگە
چند نەفەر و ئەفسەر و بەگزادە بێنن
ئەوەندە خۆم پێ ناگیرێ تا دەرپێکەی لەپێ دائەماڵم
یەکێکم بۆ بێنن حازر و ئامادەبێ داوێنی دیزداشەکەی کردبێ بەبەر پشتێندەکەیا

مـــقـــصـــود همین آتش شـــهـــوت بنشـــانم
گـــر پیـــر و جـــوان، گـــر نر و گـــر مـــاده بیـــارید
گـــر زانکه فـــرســـتـــاده فـــرســـتـــیـــده نیـــاورد
از بهـــر مـــجـــازات فـــرســـتـــاده بیـــاریده

واتا:

مەبەست ئەوەیە ئەم ئاگری شەهوەتەم دامرکێنمەوە
پیر بێ و جوان بێ، نێر بێ و مێ بێ، هەرچی هەیە بۆم بێنن
ئەگەر ئەو کەسەی ئەینێرن هەتیوەکە بهێنێ نەیهێنا،
لە سزادا خۆی بهێنن

از طالع نحـــســم اگـــر آن هم ندهد دست
یک پیـــر نود ســـالهء افـــتـــاده بیـــارید
گـــر پیـــر نود ســـاله مـــیـــســـر نشـــود نیـــز
فـــرتوت شـــده (خـــادم ســـجـــاده) بیـــارید

واتا:

ئەگەر لەچارەی ڕەشم ئەوەیش دەست نەکەوت
پیرێکی نەوەد ساڵەی لێکەوتوو بێنن،
ئەگەر پیری نەوەد ساڵەیش دەست نەکەوت
(خادیموسوججادە)ی فەرتووت و پەک کەوتووم بۆ بێنن

بنەماڵەی تاڵەبانی، لە پاش بڵاوبوونەوەی یانزە کوڕی شێخ ئەحمەد، لە شێخانی تەریقەوە بوونە عەشیرەتێکی گەورەی شەڕەنگێز، لە سەرتاب و حاجیلەری قەزای خانەقینەوە تاوەکو نزیکی ناوچەی «دووبز» لە سەر (زێی بچووک) دەستیان بەسەر زەوی و زاری هەرێمێکی فراوان داگرت. لەمەدا لووتیان تەقییە لووتی هەندێ لە عەشیرەتانی ئەو هەرێمە. لە قەزانی خانەقین لەگەڵ ئێلی باجەلان و جموور، لە قەزای کفری لەگەڵ بەگزادانی جاف و لە ناحیەی کۆشک (گل) لەگەڵ عەشیرەتی داوودە و جەباری و بەگەکانی گل و شێخانی بەرزنجە. لە قەزای داقوق لەگەڵ عەشیرەتی کاکەیی و داوودە و لە تەیناڵ لەگەڵ شێخانی بەرزنجە و عەشیرەتی هەمەوەند.. هتد.

لەم گێرە و کێشەیە، کە بۆ داگیرکردنی زەوی و ئاو بوو، گەلێک شەڕ و شۆڕ لە نێوانی تاڵەبانییەکان و ئەم عەشیرەتانە ڕووی داوە. شێخ ڕەزایش وەکوو یەکێک لە تاڵەبانی، بە زمانە تیژەکەی، بەهەق و ناهەق، لایەنگیری عەشیرەتی خۆی کردووە و هەجوی عەشیرەتانی تریشی کردووە. ئەوانەی لەو هەجوانەدا وتوویەتی، هەرچەنێک زۆربەیان ڕاست نین، بەڵام لەبابەت هونەرییەوە بەهایەکی زۆریان هەیە و دەبێت تەنها لەم سووچەوە تەماشا بکرێن و نەبێتە هۆی دڵگیریی ئەو کەسانەی کە بە خراپە ناویان هاتووە. لەسەر ئازایی عەشیرەتی تاڵەبانی دەڵێت:

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نەصرەت شیعار
مەردی مەیدان شێری جەنگ ئاوەر هوزەبری کارزار
چوار عەشیرەت، کاکەیی و هەمەوەند و جەباری و داوودە
ئیتتیفاقیان کرد و هاتن چوار صەد و پەنجا سوار
هەر بە ئەووەل حەملە چەنتان کوشت و چەندتان سەربڕی
چەند لەشیان لێ بەجێ ما، بوون بە طوعمەی مور و مار
ئێستەکەش لەو دەشتە شەڕیانە لەسەر لاشەی ڕزیو
کەرگەس و شاهین و گورگ و مامە ڕێوی و کەمتیار
بەینی بەینەڵڵا (عوبێد)ی فیلەتەن کارێکی کرد
هیچ کەسێ نایکا مەگەر حەیدەر بە زەبری ذولفیقار

هەر سـوارێ فـیـرقـەیێکی ڕاڕفـاند و دایە پێش
کـەوتە سـەر کـوێخـا مـەخۆل (عـەبدولوەهاب)ی نـامـدار
لێی خوڕی وەک شـێـری غـوڕڕان: سـامـەڕۆ ڕاوەسـتـە بۆم
ئەی تلـێـشی (دایەڕێزوار)ت بەڕیشی (یادگـار)
چەکـمـەیێ سـووری لە پێـدابوو بەجـارێ زەردی کـرد
تس لە ملیـۆن تێـپـەڕی کـرد، تڕ گـەیشـتـە صـەد هەزار
یەک لە یەک ئازاترن تەعـریفی کـامـێکتـان بکەم
دەک فـیـدای دەست و تفـەنگت بم سـولالەی شـێخ سـتـار
شـەهسـوارێکی وەکـو تۆمـان هەبێ باکـمـان چییـە
تۆیش لە حـەقـیـقـەتدا سـوارێکی وەکـو ئەسـفـەندیار

لێرەدا شێخ ڕەزا خۆی دەیسەلمێنێت کە ئەم مەدحە هەموو مەجازە. بەڵام ئەوەی ڕاست بێت لەم شەڕەدا تالەبانییەکان شکستیان نەهێناوە.

ئەم قـسـانە گشت مـەجـازن گـەر حـەقـیـقـەتتـان دەوێ
بەذلی نان و هیـمـمـەتی پیـرانە بۆتان کـەوتە کـار

بێگومان شێخ ڕەزا ئەم هەموو هەڵنانەی بە بەلاش نییە:

جـائیـزەم مـەطلووبە ئەم مـەدحـەم بە خـۆڕایی نیـیـە
هورتمانیش بێ (رضـا)م گـەر هیچ نەنێـرن یا سـتـار

لەم شیعرەیشیدا دووبارە باسی ئەم شەڕە دەکات و دەڵێت:

سێ عەشیرەت بوون بە یەک تا ڕیشـەمان دەرکەن بە یەکجاری
جـەباری و داوودە و کـاکـەیێکانی (دایە ڕێزواری)
قەسەمیان خوارد بە ڕووحی سەید براکە و گۆڕی خان ئەحمەد
بە کـەللەی خووگ و شـاخی گـاوە حۆل و گـۆشـتی مرداری
دەبێ ئیـمـرۆ بەجـارێ قـەطعی نەسلی (تالەبانی)کـەین
تەقـوتۆقـیـان کـە هەسـتـا گـوللە هەر وەک تەرزە دباری
سـوارەی تالەبانی دەرپەڕین، وەک ڕۆسـتـەمی دەسـتـان

فـيـراريان اخـتـيـار كـرد سـەيدەكـانى باوە يادگـارى
فـيـرارى كـاكـەيى هەرنەيسـە ئەمما گـوێى فـەلەک كـەڕ بوو
لە جـرت و فـرتى ئاغـاى داوودە و سـاداتى جـەببـارى

***

لەشكرى تاڵەبانى بۆ سەر داوودە

لەبەر سـەرنەكـەوتنى لەشكرى داوودە و ئێـڵـە سـوێنخـوارانى بەسـەر تاڵـەبانيـدا شـێخ حـەمـيـدى تاڵـەبانى كـە زانى داوودە خـەريكى كـۆكـردنەوەى لەشكرێكى ترييـە بۆ تـۆڵـە سەندنەوەى شـەڕى شكسـتى پێشـوو، دەس پێشكـەريى كرد و لەشكرێكى لـە تاڵـەبانى و گل و زەنگنە و ڕۆغـزايى جاف كۆكردەوە و دايە سەر دێهـاتى (تاوێر و تالا و نەيجول)ى داوودە. ئەوەى سەيرە، شێخانى تاڵەبانى لەگەڵ زۆربەى ئاغاكانى داوودە، لە ڕێگاى ژن و ژنخوازەوە زاوا و غـەزوور و خـاڵـۆزا و پوورزان. لەگـەڵ ئەم هەمـوو خـزمـايەتييـەيش ئەم هەموو شەڕە خوێناوييە لە نێوانياندا ڕووى داوە.

لەم شەڕەدا گەلێک پياوى ئازا لە هەردوو لا بەشدارييان كردووە. وەكو شێخ حەميد كە پياوێكى كەڵەمێرد و نەترس بوو شێخ ڕەزا بەم شيعرەدا باسى لەشكر ئارايى شێخ حەميد ئەكات و وەكو لەشكرى نيزامى بۆ شەڕ ڕێكى دەخات. لە زەنگنەكان باسى ئازايى ئەمين قادر زلێخا ئەكات. لەم بنەماڵە قادر زلێخا و ئەمينى كوڕى و ڕۆستەم كوڕى ئەميـمن بە يەكـە سوار و كـەڵـەمـێردى ناويان دەرهێنابوو. هەروا بـاسى ئازايى و نەترسيى جـافـەكـان ئەكات و بە گيان پۆلا ناويان دەبات. لە داوودەكانيش پياوانى ئازا وەكو مەمەد و ئينجە بەگ عەباس ئاغا بە ئازايى ناويان دەرهێنا بوو.

لەم شەڕەدا داوودەكان شكست دێن و خۆيان لە قەڵاكانيان قاييم دەكەن. شێخ حەميد هەڵـمـەتى قـەڵاكـان دەدات و ژنە تاڵـەبانيـيـەكـانى ئاغـايانى داوودە هەلهـەلە بۆ خـزمـانى تاڵەبانيـيـان هەڵدەدەن و: «حيزانە خۆتان بگرن لە بەردەم حەميد» تانە لە مێردەكانيـان دەدەن. يەكـێک لە ئاغـايانى داوودە بە بريندارى بەجێ دەمـێنێت. و شـێخ تەهاى شـێخ صـەمـەدى پوورزايى خـۆى دەداتە سەرى بۆ پاراسـتنى، سـوارێكى ڕۆغـزايى سوێنى لێ دەخوات: «بە كـەلامـى خوا چەكمـەى زەردى لە پێدايە هەر ئەيكوژم و تەقـەيەک ئەكات و هەردووكيان ئەكوژێت».

داوودەیش لەم شەڕەدا ئازاییەکی زۆریان نواندووە شێخ ڕەزایش دانی پێ دەنێت بەڵام دەڵێت:

عەشرەت ئازایش بێ. کە ناموس نەبێ بێ فەیدەیە
عەشرەتی بێ غیرەت ئەمڕۆ عەشرەتی (داوودە)یە

فەرموون لەگەڵ باسی ئەم شەڕەدا وەکو شێخ ڕەزا دەیگێڕێتەوە:

ازان سو چ و (داوودە) لەشکرکشید
ازین سو بجنبید (عبدالحمید)
بفرمود تا (تالبانی) گروه
نستند برخانهء زین چوکوه
برانگیخت آن اشقر دیو زاد
چو ڕوستم یکی سان لشکر بداد
جناح ازچپ و راست برپای کرد
بقلب اندرون خویشرا جای کرد
گروهی فرستاد بر میمنه
ز گردان گردن کشی (زنگنه)
به رنج اندرون دریکن مصاف
گروهی ز فولاذ جانان (جاف)
پی چرخ گردون گروهی دیگر
ز چابک سواران سەتا بسر
بەمستی دگر رزم جۆیان (گل)
زیر دست زور آورد شیر دل
نخستین از (گل) علم بر فراخت
بـ (تاویر) و (تالا) و (نیجول) تاخت
ز ان دوده جای (داوودە) بود
بمردان جنگی بر آمودە بود

(محمد نـام سـالار آن انجـمـن
کـه گـفـتی کـسی نیـست همـتـای من

واتا:
که (داودده) لەولاوە لەشکریان هێنا
عەبدولحەمید لەم لاوە بزووت
فەرمووی کە دەستەی (تاڵەبانی)
وەکو کێو لەسەر پشتی زین دانیشتن
ئەو ئەرژنگە بێچوە دێوە ڕاپەڕی
یەکێکیش وەک ڕۆستەم لەشکری ریز کرد
قۆڵێ لە ڕاست و قۆڵێ لەچەپ دانا
جێی خۆی لەناو جەرگەی لەشکردا کردەوە
دەستەیەکی نارد بۆ لای ڕاست
لە کەڵەمێردانی مل دانەنەوانی (زەنگنە)
بۆ شەڕی چەرخی گەردوون دەستەیەک تری
ئامادە کرد لە چابوک سوارانی سێ تا بسەر
لەلایەکی تریشەوە شەڕەنگێزانی (گل)
زەبەردەست زۆر هاورد و شێر دل
یەکەم کەس لەگلان ئاڵای هەڵگرت
هێرشی بردە سەرن (تاوێر) و (تالا) و نەیجول
جێی داوودە لەو دوو دێیەدا بوو
پڕ بوون لەکەڵە مێردانی شەڕکەر
گەورەی ئەو کوڕە (مەمەد) ناوێ بوو
ئەیوت کەسێ نییە هاوتای من

مـنـم وارث تـخـت (اسـکـنـدری)
جـهـانرا سـزاوار سـر عـسـکری
نژادم ز (خـورشـیـد خـاور) زمین
منـم تـس خـاقـان و سـالار چین
بمن راسـت شـد پشـت (داوودی)یـان

زبن بر کنم بیخ (محمودیان)
بگفت این دو لشکر بینجول ماند
خدا صد سواری بتعجیل نارد
رسیدند سرره گرفتند تنگ
بر انگیخت دهمان آمد بجنگ
برادرش مدحت پس پشت او
تفنگ سیه لوله درمشت او
بر آورد چند آتش کارزار
بسی برنیامد که برگشت کار
جوانی ز خویشانی او گنجه نام
همی راند برتو سن بتزگام
زنندش یکی گله برتوسنا
بغلطید برخاک لرزان تنا
دلیران گرفتند پیراهنش
کفن گشت بر گنجه پیرآهنش
بر آن خاک شد پیکرجان چاک
یکی گنجهرا کرد باید بخاک
تنی چند که بودند خویشان او
دران حمله گشتند قربان او

واتا:
منم میراتگری تەختی ئەسکەندەری
شایانی سەر لەشکری جیهانم
لە ڕەگەزی خورشید زەمینم
منم نەوەی خاقان و سالاری چین
بە من پشتی داوودە ڕاست بووەتەوە
لەبن ڕیشەی مەحمودیان دەردێنم

وتی ئەم دوو لەشکرە لە نەیجول بمێنن
خوا سەد سواری بەپەلە نارد
گەیشتن و سەرە ڕێگەیان تون گرت
«دەهمان» ڕاپەری و هاتە کۆڕی شەڕ
(مەدحەت)ی برای لەپشت سەرییەوە
تفەنگێکی سێ لوولەی لەمشتیا بوو
چەند تەقەیەکی کرد و شەڕ هەڵگیرسا
ئەوەندەی پێنەچوو بارودۆخ گۆڕا
لاوێکی گەنجە ناو لە خزمەکانی
بەپشتی ئەسپە سەرکێشەکەیەوە تاوی ئەدا
گوللەیەکیان نا بە ئەسپەکەیەوە
بە لاشەی پەلەقاژەکەرییەوە لەناو خاکا گەوزا
قارەمانان جلەکانی ژێریان گرت
گەنجە ئەو جلانەی بوون بە کفن
لاشەی بەسەر ئەو خاکەوە لەت لەت بوو
دەبوا یەکێک لەخاکدا بیشارێتەوە
چەند کەسی کە خزم و کەسی بوون
لەو هێرشەدا بوون بە قوربانی

چو (داووده) دید اتش تیــــزخـــیـــز
همـــان گـــه گـــرفـــتند راه گـــریز
بطاس اندرون مـــهـــره انداخـــتند
تکا در ســـوی قلعـــهـــا تاخـــتند
دبیـــری کـــه خـــوانند اورا امین
بر آغـــا حـــمـــد حـــمله پرداز کـــمین
بر او بانگ یرزد کـــه ســـرعـــسکرا
مـــرو تا بدانی نشـــان مـــرا
منم پور قـــادر زلیـــخـــای شـــیـــر
چه قـــادر زلیـــخـــا و چه (اردشـــیـــر)

شنیدم که آغا دران گیروار
همی راند مرکب سرا سیمه‌دار
فرومانده گفتی بدست اجل
چو مسهل خو رانش عمل بر عمل
عنانش زکف رفته لرزان چوبید
امین درپسش همچو دیوسفید
دراین بود کار و سرشرا ببند
چو جاد و گرانرا کنند حیله بند
بزیر زمین کشته شد باذپا
بتمثال آن مرد جنگ آزما
به اسب دیگر تا امین شد سوار
بزد خیمه آغا بصحن حصار
چو پوشیده رویان بی آبرو
بکنجی در آن قلعه بنهفت رو

واتا:
که (داووده) بلیسەی ئاگریان دی
ڕێگای هەڵاتنیان گرتە بەر
موریان خستە تاس و ناوژوورەوە
هەر بەغار بەرە و قەڵاکان تاویان دا
بنووسێ کە پێیان ئەوت ئەمین بوو
لە کەمینەوە هێرشی بردە سەر ئاغا مەمەد
لێی خوڕی وتی: ئەی سەرلەشکر
مەڕۆ تا ناونیشانی من بزانی
منم ڕۆڵەی قادر زولەیخای شێر
چە قادر زولەیخا و چە ئەردەشێر
بیستم ئاغا لەو بگرە و بەردەیەدا
بەسەرا سیمەیی ئەسپەکەی تا و ئەدا

ئەتوت بە دەستی ئەجەلەوە داماوە
وەک دەرمانی ڕەوانی خواردی جار
لە دوای جار عەمەلی ئەکرد
جڵەوی ئەسپەکەی لەدەس دەرچوو بوو
وەک بی ئەلەرزی ئەمینیش وەک دێو
سپی هەر بەدوایەوە بوو
لەم حاڵەدابوو ئەو بەم جۆرە کەوتە داوەوەی
وەک جادووگەر بە فێڵ ببەستنەوە
ئەو تیژ ڕەوە لەژێر زەویدا کەوت
وەک ئەو مەردە شەڕ تاقی کەرەوە
تا ئەمین سواری ئەسپێکی تر بوو
ئاغا لە حەوشەی حەسارەکەدا دەواری هەڵدا
وەک ئەو بێ ئابڕوویانەی کە ڕوویان ئەشارنەوە
لە گۆشەیەکی ئەو قەڵایەدا ڕووی خۆی شاردەوە

دریده شـــــدش پرده ء نام و ننگ
زنام آوری یاد مـــانـدش بچنگ
بســر برد آن روز باصـد هراس
در آن قلعـه تا رفت از شب دوپاس
شبی تیره فرصت غنیمت شمرد
بیـرون رفت راه دراجی سپـرد
بدراجی آمـد جگر خسـته باز
چو دراج بر جسـته از چنگ باز
جنان ملک و مـالش بتـاراج شـد
بیک بازیء چرخ دراج شـد
کسی را کـه برداشت پاشـای جـاف
تواند کند بر نظر کـوه قـاف
چو محمـود پاشا دراین ملک نیست

دراجی کـــدامـــست داووده کـــیـــست
سگ کـــیـــــست (داووده‌ء) دودکـی
زند پـه‌نجـــه با جـــعـــفـــر برمکـی
عـــشـــایر همـــه بندگـــان دینـد
بـــر آورده‌ء دودمـــــــــان ویـــنـــد
پس این دودمـــان واجب الحـــرمـــتند
اکـــر ڕاست خـــواهی ولی نـعـــمـــتند
یکی از دوعـا گـوی ایشـان (رضـا) است
(رضـا) را کـه گـرخشم گـیـرد قـضـا است

واتا:
بەڵام پەردەی ناو و شورەتی درا
تەنها بیرەوەرییەکی بەدەستەوەما
ئەو ڕۆژەی بەصەد ترس و لەرز بردەسەر
تا دوو پاس لەشە و تێپەڕی
شەوی تاریکی بە فرصەت زانی
هاتە دەرەوە و ڕێی دراجی گرتەبەر
بە دڵی ماندووەوە هاتەوە دراجی
وەک پۆڕێ لەچنگ باز هەڵاتبێ
ماڵ و موڵکی وا بەتاڵان ڕۆیی
بەتاقە یارییەکی بازی گەردوون بوو بەپۆڕ
کەسێ کە پاشای جاف هەڵیبڕێبێ
ئەتوانێ بە ڕوانینێ کێوی قاف لەبن هەڵکەنێ
وەکوو مەحموود پاشا لەم ئارادا نەبێ
دراجی کامەیە و داوودە کێیە؟
داوودەی حیز سەگی کێیە
تا پەنجە لە پەنجەی جەعفەری بەرمەکی بدات
عەشیرەتان هەموو بەندەیی ئەون
بەرز کراوەی بنەماڵەی ئەون

لەبەرئەوە ئەم بنەماڵەیە پێویستە قەدریان بگیرێ
ئەگەر ڕاستت ئەوێ وەلی نیعمەتن
(ڕەزا) یەکێکە لە دۆعا گۆیانی ئەوان
ئەو ڕەزایەی ئەگەر ڕقی هەستێ ئەبێتە بەڵای خوا

شێخ ڕەزا زۆر شانازی بە ئازایی شێخ حەمیدی ئامۆزایەوە کردووە و دەڵێت:

حەیدەری کەر ڕاە یاخو خالیدی ئیبنی وەلید
ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا (حەمید)

هەروا دەڵێت:

(شێخ حەمید) گەرچی لە قەبیلەی ئێمەیە
(ئەحمەد ئاغای یەعقووب ئوغڵی) ئێمەیە

کەچی لە دژی ئاغای جەباری دڵی سارد نابێتەوە و دەڵێت:

لە سوورەی سەر خرم ئاگر دەباری
کوتامە ژێر گونی ئاغای (جەباری)

***

هەجوی کاکەیی

هیچ گومانی تێدا نییە کە شێخ ڕەزا لەبەر ناکۆکیی نێوان عەشیرەتی تاڵەبانی و کاکەییەکان ئەم هەجوەی خوارەوەی کاکەیی کردووە. بەڵام کە تەماشای ئەم هەجوە دەکەین، لەگەڵ هەجوی عەشیرەتی داوودە و جەباری جیاوازە و بە جۆرێکی وا باسی، نهێنییەکانی ڕێبازی کاکەیی دەکات، پێویستە هەندێک لە بنچینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاکەیی قووڵ ببینەوە، چونکە هەموو ڕێبازێکی سیاسی و ئایینی نوێ گەلێک ناتۆرەی بۆ هەڵبەستراوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو ڕێبازە بەجۆرێکی نهێنی بووبێت.

کاکەیی چین و بۆچ ڕێبازیان نهێنی بووە؟

لە کوردستانی خوارووردا ناوی کاکەیی بەو تایەفە ئایینییە دەڵێن کە لە ڕۆژئاوای ئێران بە (عەلی ئیلاهی) ناودەبرێن. بەڵام پیاوە ئایینییەکانی خۆیان ناوی «ئەهلی حەق» لەخۆیان دەنێن. دەبێت ئەوەیش بزانین کە هەندێک ڕێبازی مەذهەبی تریش هەن ئەم ناوە

لەخۆ دەنێن، کە هەمووی؛ ڕێز و خۆشەویستیی ئەم ڕێبازانەیە بەرامبەری یەکێک لەهەرە کەڵە ڕەهبەرانی ئیسلام، عەلی کوڕی ئەبی طالب دەگەیێنێت. دەبێت ئەوەیش بزانین کە خاوەنی ئەم بیر و باوەڕانە ناتوانن بەبێ باکی ڕاستی بیروباوەڕیان بخەنە ژێر دەستی ئەوانەی کە باسیان دەکەن، چونکە ئەم بیروباوەڕانە وەنەبێت تەنها بە دەرکەوتنی ئیسلام و ڕەهبەرێکی وەکو عەلی کوڕی ئەبی طالب دەرکەوتبێ، بەڵکو بنو بنچینەیان تێکەڵی گەلێک لەبیری کۆنی کورددا بووە و بەچەشنێکی جۆرا و جۆر دەرکەوتوون.

ئەهلی حەق؛ تایەفەیێکن زۆربەیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی خوارووداو، لەیەکەم پلەدا لە نێوان کوردانی کۆچەری ڕەشماڵ نشین و صەنعەتکارانی شاراندا بڵاوبووەوە.

جێگا و بنچینەی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ئەهلی حەق، بەپێی دەسنووسەکانی خۆیان، تاوەکو صەدەی هەفتەمی کۆچی، لوڕستان بووە و لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان؛ کرماشان و سنە بڵاوبووەتەوە و ئێستا زۆربەی کوردانی گۆران و هەموو ئێڵی قەلخانی و سنجاوی و بەشێک لە کەڵهوڕ و زەنگنە و عوسمانەوەند و جەلالەوەند و لە شارەکانی قەسری شیرین و کرند و سەرپێڵی زەهاو لەسەر ڕێبازی ئەهلی حەقن. لە کوردستانی خوارووداو؛ لە ناوچەکانی سولەیمانی و کەرکووک و خانەقین و دەوروبەری مووصڵ و هەندێ لە کوردستانی ژووروو لە تورکیا لەسەر ئەم ڕێبازەن.

بۆ زانینی ڕاستی بیروباوەڕی ئەهلی حەق، لەژێر تەئسیری کۆمەڵایەتی، کە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان جیا نابنەوە، کە بێگومان کە پاشماوەی بیروباوەڕی زۆر کۆنی کورد لە نێوان باوەڕی ئەهلی حەق بەشێوەی شەڕ لە نێوان لایەنگیرانی «عەلی» و لایەنگیرانی «معاویە»دا خۆی دەرئەخات. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین ئەم بیروباوەڕە ئایینێکی کۆنی کوردە تێکەڵی ئایینی ئیسلام بووە یان ڕێبازێکی ئیسلامییە هەندێ باوەڕی کۆنی کوردی تێدا ماوەتەوە.

لەکتێبێکی پیرۆزی خۆیاندا بە زوبانی کوردی گۆرانی دەڵێت:

یارسان وراە، ڕای هەق ڕاسین، بەرانان و راە
پاکی و ڕاستی، نیستی وردە ئا قەدەم و قەدەم تامنزڵگاە

کتێبی پیرۆزی ئەهلی حەق، وەکوو گۆرانی سۆزی دەروێشان، لە عیبادەتدا بە ئاهەنگێکی تایبەتی لەگەڵ سازی (تەمورە) دەوترێت.

ئەهلی حەق باوەڕیان بەوەیە کە هەفت فریشتە هەن، لە دەورانی جیاواز بە ناوی جیاجیا، لەگیانی هەندێ پیاوچاکاندا دەردەکەون، وەکوو لە کتێبی پیرۆزیان لە (شانامەی حەقیقەت)دا دەڵێت:

که عدل خدا این بود درفنون
هر انکی بمیرد بدوران برون
هر آن بودش به دونیا مکان
بیاید بەعقبی بود آن چنان
چو موزون بگردد حسابش بکار
دو باره بیاید بدون شمار
چنین تا کند طی همه آن هزار
در آن اخر روز از امریار
وگر دون بدون در زمان نیست راست
خدا در کجا عدل او کجاست

نیشانەی ئاشکەرای ئەهلی حەق هێشتنەوەی سمێڵە کە دەبێت لێوی سەروو داپۆشێت، لەسەر ئەو باوەڕە کە ئیمامی عەلی قەیچی سمێڵی نەدەبڕی.

هەروا لە بیر و باوەڕیاندا پاراستنی سڕ (نهێنی) کە بناغەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی هەیە. «دشت پیر و دلیل، جم و جمخانە، خانەدانانی حەقیقەت، روژەء سە روزدا نام برد».

ئەوەی جێی سەرنجە؛ لە صەدەی هەفتەمی کۆچیدا، بە دەرکەوتنی نوێ کەرەوەی ئەم ڕێبازە، کە هەندێک بەدامەزرێنەری دادەنێن، کە «سوڵتان سوهاک» شێوەیەکی تری وەرگرت، کە میللەتی کوردی بۆ ڕۆژی تەنگانە ئامادە دەکرد. وەکو دەسنیشان کردنی خانەدانانی حەقیقەت و سڕ پاراستن و سزای سڕ دەرخستن و هەڵبژاردنی (پیر و دەلیل) و دامەزراندنی کۆڕی ئایینی (جمخانە) و ئادابی تایبەتی «ڕۆژی سێ ڕۆژە» و یاسای تری کە سوڵتان ئیسحاق (سان سهاک) بە بنەڕەتی حەقیقەت دایناوە، هەر لەسەر هەمان ڕێباز دەڕۆن.

هیچ گومانی نییە کە هۆی دارشتنی هاوکاری و یەک گرتنی دەستەکانی ئەهلی حەق

لەلایەن سوڵتان سوهاکەوە دوو شت بووە، یەکەمیان؛ هەڕەشە و مەترسی سوپای (مەغول) کە لەو کاتەدا، ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی خواروو بوون و دووەمیان؛ بۆ پاراستنی ڕێباز و ئادابی میللەتی کورد کە لە ژێر پاڵەپەستۆی ڕێباز و ئادابی میللەتانی ترەوە بوو.

سوڵتان سهاک، لەپاش داگیرکردنی بەغدا و پامالْ کردنی خیلافەتی عەبباسی لەلایەن (هۆلاکۆ)وە. بۆ بەرهەڵستی مەغۆلەکان، بارەگایەکی تایبەتی، بەشێوەیەکی ڕێبازی ئایینی دادەمەزرێنێت، بۆ یەک گرتن و هاوکاری لە نێوان هەمو و تایەفەکانی ئەهلی حەق و هەموو ئەهلی حەق لەژێر سەرکردەی حەوت خانەداندا دەبەستێتە یەکەوە. ئەمانەیش؛ خانەدانی شا ئیبراهیم، خانەدانی عالی قەلەندەر، خانەدانی باوە یادگار و خانەدانی سەید ئەبولوەفا، خانەدانی میرە سوور، خانەدانی سەید مستەفا و خانەدانی بابو عیسا. ئەم خانەدانانە بە «هەفتەوانە» ناو دەبرێن. لەپاشاندا بەپێی پێویستی، خانەدانانی ذولنوور و ئاتەش بەگ و شاهەیاس و بابا حەیدەریش خرانە پاڵیان.

ئەم بنەماڵانە، کە بە سەید ناسراون، تاکو ئێستایش لە نێوان میللەتی کورد جێی ڕێزن.

لەبەرئەوە ، ئەگەر شێخ ڕەزا لەو شیعرەیدا کە بە سەر کاکەییەکاندا هەڵیداوە، بەهۆی دوو بەرەکیی نێوان ئەوان و عەشیرەتی تاڵەبانییەوە و لەبەرئەوە ی ئاداب و ڕێبازی کاکەییەکان تاکو ئێستا زۆربەی نهێنین، لەبەر نەزانینی ڕاستیی ئەو ڕێبازە، گەلێک بالۆرەیان بۆ ڕێک خستوون.

هەر لەبەر دەرخستنی هەندێ لەراستیی ڕێبازی ئەهلی حەق، کە کاکەیی بەشێکن لەوان، بەپێی زانینمان ئەمەمان ڕوون کردەوە. کە ئەوەی شێخ ڕەزا، لەبابەت ئادابی کاکەییەوە دەڵێت ڕاست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی شێخ ڕەزا، لەگەڵ هەموو ئەو بالۆرەیەی کە بۆ کاکەییەکانی ڕێکی خستووە، ڕەونەقی هونەری هەر هەیە. خوالێخۆش بوو، سید فەتاح ئاغای سەید خەلیل کە یەکێک بوو لە پیاوە ناسراوەکانی کاکەیی، گوێی بۆ شیعرەکانی شێخ ڕەزا شل دەکرد و هیچ دڵگیر نەدەبوو. بەو هیوایەوە کە برا کاکەییەکان وەکوو هەموو ئەوکەسانەی بەر پەلاری هونەری شێخ ڕەزا کەوتوون و دڵگیر نەبوون ئەوانیش دڵگیر نابن.

تاڵەبانی، لەناوچەی لیوای کەرکوک، لەسەر حیسابی عەشیرەتانی ئەو ناوچەیە تەنینەوە و ڕوو بەروویان بوونەوە. لەوانە کاکەیی و داوودە و جەباری و هەمەوەند.. هتد.

شێخ ڕەزا دەڵێت:

چوار عەشیرەت، کاکەیی و هەمەوەند و جەباری و داوودە
ئیتیفاقیان کرد و هاتن چوار صەد و پەنجا سوار

شێخ ڕەزا لایەنگیری عەشرەتی خۆی و هەجوی ئەوانیتری کردووە لەم هەجوەی کاکەییدا دەڵێت:

بابان باشندە بر باطمان یشیل وار*
امام القوم فی تقسیم شەلوار
هەتانە هەر وەکو بیستوومە بەزمێ
لە ساڵێکا شەوێ یارانی دیندار
دەبەستن حەلقەیێ وەک عیقدی پەروین
لە جێگایەکی خاڵی لیس فیە دەییار
بەچۆکا دێ قوتەی مل نێرکە کاردو
وەکو و بولبول ئەخوێنێ وەعضی گوفتار
دەخوێنی مرثیەی مالووسی مەرحوم
یەکانەی گون رەش و گا حوولی شاخدار
وەکوو باران بەکلکی پیرە صەگدا
بەڕیشی دادەچۆڕێ ئەشکی خون بار
لە پاش ئیکمالی ڕەسم و ماتەم و شین
وەڕین دەس پێدەکا وەک کەلبی هەوشار
مەعاذەللا دەڵێ (یا ایها القوم)
درۆیە حەشر و نەشر و جەننەت و نار
لەگوێ مەگرن قسەی ئاخوونی شیعە
بە ئاشوین مەلای سەر لنگە دەستاڕ
غەرەز لەم چرت و پرت و فاک و فیکە

* بابان.. جەمعی بابا، یان باوەیە. کە بە سەید ناسراون.

ئیطاعـەی ئەشـقـیـایە و دەفـعی ئەشـرار
حلوولی مـــەذهەبێکە بێ گـــرێ و قـــۆرت
تەناســـوخ ڕێگەیەکـــە ڕاست و هەمـــوار
بیحەمدیللا نەما (کاک ئەحمەدی شێخ)
زەهاوی مـــرد و گـۆڕی گـوم بوو (چاومـار)
ئەگەر بێ (شێخ عەلی)ش دەفعولبەلا بێ
ئیـتـر دونیـا دەبێـتـە عـەینی گـوڵزار
بمێـنـێ یا نـەمــــێـنـێ چـی لەدەس دی
بە تەنها (شێخ ڕەزا)کەی هەرزە گوفتـار
ئەگـەر مـشـتـە و مـشـاریش بێ زمـانی
عـــیـــلاج دەکـرێ بەمــشـتێ پڕ لە دینار
بە دیناری عـیـلاج کـەن یان بە سـمـتی
بلووری‌نی کـورێکی سـادە ڕوخـســار
ئەزیزان مـــەذهەبی یارانی جـــەم جـــەم
لەســـەر سێ ڕوکنە، ئەووەل: تەرکی ئازار
دووەم ئیکرامی ضـەیف و شـەرتی ثالث،
لە هەردوو عـومـدەتر کـیـتـمـانی ئەسـرار
ئەمانەش جوملە پەشمن ئەصلی مەقصەد
چوارە پێت بڵـێم ئەی پیـری هوشـیـار
شکستەی جەوز و تولی سەوز و کەڵبەی
بەرازی بۆز و کـــەللەی خـــوگی مـــردار
ئەگـــەر دەرچێ لەســـەر ئەم دینە ڕووحت
دەچێـــتـــە قـــاڵبـــێکی شـــۆخ و نازدار
ضەعیف بێ خوانەخواستە ئیعتیقادت
بە ئایین و بە ئەرکـــــان و بە ئەطوار

نەکـەی تەرسـێک بەرِیشی خـەلفـە باپیـر
نەدەی گـــانێ لە رِێگەی (باوە یادگـــار)
شـیـاکـەی کـاوە حـوول نەگـری لە رِیشت
نەچیـــتـــە ژێر کـــولینی (دایە رِێزوار)
قـــەپۆزت دانەپۆشێ بەر ســـمـــێـــڵت
بەســەر ملتــا نەیێ وەک یاڵ کــەمــتــار
لە قـیـبلەی (مـسـتـەفـا) رِوو وەرنەگـێـرِی
لە رِێگەی شـــەرعـــدا نەمـــری گـــوناهکار
لە پەشـــمی رِیخناکی بەر ســمـــێـــڵت
نەرِێسن سـەرکـەلە و دەسـبـەند و هەوسـار
کـــە مـــردی رِووحی ناپاکت بە چوســـتی
لە ئینسـانی ئەچێـتـە شـەکلی سـەگسـار
وەرن یاران شـــەوی مـــیـــعـــادە ئەمـــشـــەو
لە پێ دەرپێ فـــرِێدەن یار و ئەغـــیـــار
شەواڵی زەرد و سوور وەک خـەرمـەنی گـوڵ
لەسـەر مـافـووری زەرد رِووی کـەن بەخـەروار
شـــەواڵی خـــامـــەک و زەر بەفت و خـــارا
لەسـەر یەک دایبنێن وەک مـاڵی توجـجـار
کـــەنیـــز و خـــانم و خـــاتون و خـــادیم،
فـەقـیـر و مـونعـیم و دەروێش و سـالار
نەدیم و نۆکـــەر و ئاغـــا و ئەفـــەندی
لە دەوری دانیـــشن وەک خـــەتتی پەرگـــار
لە نەزمی بەزمی جـــەم ســـاقی بگێـــرِێ
شـــەراب و لێ بدا مـــوطریب لە مـــزمـــار
نەبیـذ و شـەربەت و نوقڵ و مـەزە و مـەی

دەف و تەمــــبــــوور و ســــاز و بربط و تار
دەبێ ئەم بەزمــــە هەر بەم نەزمــــە بڕوا
هەتا دوو حـیـصـصـە ڕابووریێ لە شـەوگـار
کــە دونیــا بوو بە ڕووی قــەپاس زەنگی
ســـرەی بەشکردنی شـــەڵواره ئەمـــجـــار
بە قورعەی مەعدەلەت یەک یەک بەشی کەن
مــەپرسن ئەقــرەبا و قــەوم و کــەس و کــار
مــەپرسن دایک و پوور و خـوشک و خـوارزا
لەژێر کـورکـەی بەرن بێ قـەول و گـوفـتـار
مـثـالی قـەولی باوه باوه و مـیــره مـیــره
مـیـثـالی کـێر و کـوز هەر وەک کـون و مـار
بەشـــەرعی مـــەزدەک و ئاییـنی بابەک
دخـــوولی جـــائیـــزه ئیـــســـمی کـــونادار
(فـــهـــیـــا ســـادتی للواطء والنیک
لقـــد علمــــتکم تقـــســـیم شلوار)
چرا پف لێ کـــەن و شـــێـــرانه هەستن
شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عـیـصـمەت و عـار
ســەرو دەرپێ بەرن بێ فــەرق و تەمــیــز
مــەپرسن ئەقــریبــا و قــەوم و کــەس و کــار
شـەواڵی هەرکـەسێ بەر هەرکـەسێ کـەوت
ئیــتــر فــەرقی نەکــا ، بیگرێتــە بەر کــار
کــە ئەم وەعظەی تەواو کــرد پیــره ئاخــوون
ئیــتــر هەر پف لە شـەمع و تف لە حـەتیـار
ئیــتــر هەر ئەتکی دین و کـەسـری نامـووس
ئیــتــر هەر تەرکی شەرم و عــفـفـەت و عــار

ئیتر هەر لنگ ئەبێتە لام ئەلف لا
ئیتر هەر کێر دەبێتە باسکی هەوجار
ئیتر هەر گومەزەی سمتە دەسووڕێ
بە سوورەی سەرخڕا وەک چەرخی دەووار
ئیتر هەر لێ بەرینە و لێ خوڕینە
بەرەو ژوور و بەرەو ژێرو بەرەو خوار
ئیتر هەر دایکە پیرە و هەڵئەنیشێ
بە کەللەی کێرەوە وەک ورچی سەردار
ئیتر هەر پاوەنەی زبوە و زڕەی دێ
لەبەر کوت پێوەدان ئەخشێ لە دیوار
ئیتر هەر خەپلەیە وەک چاوی گازەر
بەمەترەق دەیکوتن ساداتی ئەبرار
ئیتر هەر ناوگەڵی خووبانی بیکرە
لە خوێن سوور دەبێ وەک بەرگی گوڵنار
ئیتر هەر کێرە وەک پەیکانی گۆشتین
بەژێر بنیا دەچێ وەک پەڕی سوفار
ئیتر یاخوا نەصیبی دوژمنت بێ
برینی نێزە و نووزەی بریندار
لە وەصفی (کاکەیی) گەر صەرفی عومرم
بکەم، ناکەم بەیانی عوشری میعشار
عەموودێکم هەیە وەک توولی داوود
کوتامە ژێری کورکەی دایە ڕێزوار
تسێکی کەند بەریشی سەی براکە
ترێکی دا بە یادی باوە یادگار

***

شەڕی زەنگنە و هەمەوەند

زەنگنە و هەمەوەند دوو عەشیرەتی کوردن، یەکەمیان لە دێیەکانی داوێنی چیای قەرەداغەوە تاکو نزیکی شاری کفری، لە لێواری ڕووباری (ئاوە سپی) و ڕێگای سولەیمانی - کفری جێ نشینن. دووەمیشیان لەدێهاتی نێوان بازیان و چەمچەماڵ لە هەردوولای ڕێگای سولەیمانی - چەمچەماڵ خەریکی کشتوکاڵ و مەڕدارین.

لەبەر ئەوەی ناوچەی زەنگنە دەکەوێتە سەرەڕێی هاتوچۆی کاروانی بازرگانی لەنێوان سولەیمانی و بەغدا و ئەم ڕێگایە، هەر لە (گەلی سەگرمە)وە تاکو نزیکی کفری بەناوی ئەم عەشیرەتەدا تێدەپەڕێت، ئاغاکانی ئەم عەشیرەتە سوودیان لەوە وەردەگرت و چەند کاروان سەرایەکیان دروست کردبوو بۆ وچان دانەوەی ئەم کاروانی بازرگانییە و هەروا بۆ پاراستنی ئەم کاروانانە دەستەیەکی چاپوک سواری پڕچەکیان ڕێک خستبوو و باجیان لە بازرگانان وەردەگرت و دەیانپاراستن.

هەمەوەندەکانیش، بۆ وەرگرتنی باج ڕێگیریان لەم کاروانانە دەکرد و زۆرجاریش تاڵانیان دەکردن لەمەدا لووتیان دەتەقییە لووتی سوارانی زەنگنە و زۆر جاریش لە نێوان ئەم دوو عەشیرەتە شەڕەنگێز و ئازایە شەڕی گەورە ڕووی دەدا و لەشکریان لەیەکتر دەکرد و شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە بنچینەیان دەچێتە سەر مەلا مەحموودی زەنگنە لایەنگیری ئەمانی دەکرد.

شاعیر و ئەدیبی ناسراوی کورد (پیرەمێرد) لە شیعرێکدا بەناوی (وڵاتی هەمەوەند) باسی ژیانی ئەم کاروانانە دەکات و مەترسیی جەردە و باجی ئاغایان، کە دەڵێت:

هەر سوارێک دەرکەوێ ئەڵێی ئای جەردەیە ئەوە
باج و پیتاکی زەنگنە، گیروگرفتی جاف
هەچیش کە هاتە ڕێی هەمەوەند بردی ساف و لەساف

لەشیعرەکانی شێخ ڕەزا ناوی چەند ئازایەکی ناودارانی زەنگنە و هەمەوەند هاتووە. لەمانە؛ برایم خانچی و فرود ئاغا و غەفوور ئاغا و جاسم ئاغا و کەریم ئاغا و ئەوڕەحمان شەشە لە عەشیرەتی زەنگنە و لەناوی هەمەوەندەکانیش، فەتاح و عەزە موسم، «جەوامێر» کە پێشەوایی عەشیرەتی هەمەوەندی کرد، کە حکومەتی عوسمانی دووریانی خستەوە بۆ (بەن غازی) لە لیبیا، لەوێوە بە شەڕ و تاڵان دژی حکومەت و عەشایەرانی

عەرەب، بە ماڵ و منداڵەوە گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان.

باسی زیرەکیی برایم خانچی دەکرێت کە جارێک یەکێک لە میرزاکانی ئەردەڵان بۆ زیارەتی کەربەلا و نەجەف دێت و ڕێگای دەکەوێتە خانی برایم خانچی و زۆر لە خزمەتگوزاری مەمنون دەبێت و کە دەکەوێتە ڕێی، دەستەیەک لە شۆڕە سوارانی کوڕ و برازای سوار دەکات کە لە خزمەتی میرزادا تا سنووری وڵاتی زەنگنە بچن. میرزا دەپرسێت: «برایم خانچی، تۆ بەم گەڕ و بچووکییە کەچی کوڕەکانت لەشازادە دەچن، ئێمەی میرزادە کوڕەکانمان وا بەشان و شەوکت نین؟!» برایم خانچی لە وەڵامدا، «جەنابی میرزادە، ئێمە لێرە هەمیشە خەریکی خزمەتگوزاری میرزاکانی وەکو جەنابتانین و ئاگامان لە خێزانمان دەبڕێت. ئێوەی بەڕێزتانیش هەر خەریکی لەشکر ئارایی و ئیش و کاری دەوڵەتین و ئاگاتان لە خێزانتان نییە. وەکوو خێزانی ئێمە ڕەنگە بۆ میرزاکان بخرچێن، خێزانی ئێوەیش بۆ نۆکەرانتان دەخرچێن لەبەرئەوە کوڕانی ئێمە وەکوو شازادە بەشان و شەوکەت و کوڕانی ئێوەیش وەکوو نۆکەرانتان نابوود دەبن». میرزا سەری لەزیرەکیی برایم خانچی سووڕ دەمێنێ و خەڵاتی دەکات.

شێخ ڕەزا کە باسی ئەم شەڕەی نێوان زەنگنە و هەمەوەند ئەکات، وەکوو فیردەوسی لەشاهنامەدا باسی شایان و پاڵەوانان دەکات ئەویش وای دەگەیێنێت و دەڵێت:

(همـــاوەند) از بهـــر ســـازان و خـــان
شـــبـــیـــخـــون نمودند از بازیـان
تـکـا پـوی جـــولان بســـرحـــد جنـگ
در انجـــــا بـهـم بـرزدنـد چـون پـلـنـگ

واتا:

هەمەوەند سەرلەبەر شەبەیخوونیان کرد
لە بازیانەوە بەشەو پەلاماری سالاران و خانیان دا و
هاتوچوو هەڵمەت گەیشتە سنووری شەڕ و
وەک پلنگ لەیەک بەربوون

پس از حـرب و جنگ و جـدال کـشـیـر
ز خـــانچی بر امـــد یکی نره شـــیـــر
فـــرود امـــد از اسب فـــرزند زال

غــــفــــور دلاور تهـــمتن مـــثـــال

تـفـنگی بـکمــــدار ازر کـــشــــاسـپ

بـر آورد و بـنـهـــــــاد بـر زیـن اسـپ

بســــوراخ جـــاســـوس بر دوخت چشم

بـابـرو گــــــره بـرزد از روی خـــــشم

واتا:

پاش جەنگ و هەرا و تێک ڕشانێکی زۆر

نەڕە شێرێک لە خانچییەوە هات

کوڕی زاڵ لە ئەسپەکەی دابەزی

کە غەفوری قارەمانی وەک توهمتەن بوو

تفەنگێکی وەک بروسکە بەپەلە دەرهێناو

لەسەر زینی ئەسپەکەی داینا

چاوی خۆی دوو بەکوی جاسوسەکەیا و

لە ڕق گرێ خستە برۆکانی

چوانـگـشـت بـرپـای چقــــمـــــاق زد

تو گـــفــــتی کــــه آتش در افـــاق زد

چو زد گـــولله برســــینه فــتــــاحـــرا

بـدست اجـل داد مـــــفـــــتـــــاحـــــرا

بـخـــــــاک انـدر آورد ســــــرچـنـگـنـه

نـه خـــــوب است پـرخــــــاش بـازنـگـنـه

چـو دیـدنـد ان گـــــــــونـه زحـم درشـت

ســــپــــــاه مـــخـــــالـف نـهـــادند پشت

واتا:

کە پەنجەی نایە سەر چەغماغەی تفەنگ

ئەتوت ئاگری بەردایە ئاسۆ.

گوللەیەکی نایە سینگی فەتاحەوە

کلیلی دەرگای ژیانی دایە دەستی ئەجەل

سەری لە خاکدا گەوزاندەوە
هەرا لەگەڵ زەنگنە شتێکی باش نییە
کە سوپای ناحەز ئەم برینە گەورەیان دی
پشتیان پێ لە دوژمن هەڵگرد

گـــریـزان زبـیـم ســـواران خـــان
تـپـش درلـب و لـرزه در اســتــخــوان
زجـنـگ آوران روی بـر تـافـــتـنـد
بـزی چـنـد بـاخــویـش پـرداشــتـنـد
تلف شــد اگــر گــوســفـندی دویست
بـسی دیـده برگــشــتــه ها خــون گــریست
اگــــر گـلـهء چـنـد تـاراج شــــد
بـس کـلـه بـر تـیـــزها تـاج شــــد

واتا:
لە ترسی سوارانی خان هەڵات
تا مێسک لەسەر لێو لەرز لە ئێسقاندا
ڕوویان لەشەڕکەران وەرچەرخان
چەند بزنێکیان لەگەڵ خۆیان برد
ئەگەر دوو سەد سەری مەڕ فەوتابێ
چاوێکی زۆر خوێنی بۆ کوژراوەکان ڕشت
ئەگەر چەند گەلە مەڕی بەتاڵان برابێ
کەللە سەری زۆر بەسەر نووکی نێزەوە بوو بەتاج

دلـیــری شش آتش در آن کـــارزار
شنیــدم فــرومــانده اســپــدش زکــار
پیــاده بر آویـخت بـاســر کـــشـــان
تفـنگی بەکف داشت آتش فـــشـــان
امـین حـــاجی آن بـرگـــزیـده ســـوار
نـهـــان شـــد ز پـیــچش بـتــاریـک غــار

دوید درپی او بغـــــــار اندرون
ربوده چو گرگ گشـــــــیدش بیـــرون
بضـــــربی ســـر شـــرا زتن دور کـــرد
بسی چشم بدخـــــواهرا کـــور کـــرد
گـــــــرو برده از بهلوانان پیش
بمردی (ششـــه) روستم عصر خویش
در انجا کـه جـولانگه (جاسم) است
چه‌جانی (فتاح) و (عزه موسم) است

واتا:
قاره‌مانی شه‌س تیر (ئه‌وره‌حمان شه‌شه) له‌ومه‌یدانی جه‌نگه‌دا
بیستم ئه‌سپه‌که‌ی له کار که‌وتبوو
به پیاده له‌گه‌ڵ سه‌رکێشه‌کاندا
تفه‌نگێکی ئاگر پرژێنی به‌ده‌سته‌وه بوو
ئه‌مینی حاجی ئه‌و شۆڕه سواره هه‌ڵبژارده‌یه
له‌به‌ر پێچی سکی خۆی له ئه‌شکه‌وتێکی تاریکدا شاردبووه‌وه
به دوایا ڕای کرده نا و ئه‌شکه‌وته‌که
وه‌ک گورگ فڕاندی و ڕایکێشایه ده‌ره‌وه
به‌یه‌ک شیر لێدان سه‌ری له له‌شی کرده‌وه
زۆر چاوی به‌دخوای کویر کرد
(شه‌شه) که ڕۆسته‌می سه‌رده‌می خۆیی بوو
گره‌وی له قاره‌مانی پێشووان برده‌وه

هد آنکه ببـــیند جـــهـــان بخـــشـــرا
فـــرامـــوش کند رســـتم و رخـــشـــرا

واتا:
له‌و شوێنه‌ی که‌مه‌یدانی جووڵانی (جاسم) بوو که‌ی جێگای (فتاح) و (عه‌زه موسم)ه
ئه‌وه‌ی له‌وێدا جهان به‌خش ببینێ
ڕۆسته‌م و ڕه‌خشه‌که‌ی له‌بیر ئه‌چێته‌وه

ســـپـــر بر ســـر آورد آغـــا (کـــریم)

بقلب سپه تاخت بی ترس و بیم
بس پشت او تارسیده پسر
شنیدم همین گفت با او پدر
تو که آیدت از دهان بوی شیر
که گفتد بیای بجنگ دلیر
چنان پاسخش داد آن شیرزاد
که فرزند چنین را زمادر مباد

واتا:

کریم ئاغا سەری لە سپێر دەرهێنا
بێ ترس و لەرز هێرشی برد بۆ ناو جەرگی سوپا
تا کوڕە گەیشتە پشت سەری
گوێم لی بوو باوکی پێی وت
تۆ کە هێشتا بۆنی شیر لە دەمتا دێ
کێ وتی وەرە ناو جەنگی قارەمانان
ئەو بێچوە شێرەیش وا وەڵامی باوکی دایەوە:
منالێ کە پشتی باوکی بەرەڵلا کا بۆ دوژمن با هەرگیز لەدایک نەبێ

که پشت پدر را بدشمن دهد
همان یەکە خودرا بکشتن دهد
تو گوی فرامرز من بیژن نم
بهر جنگ پشت و پناهت منم

واتا:

دەبێت کوڕ خۆی بەکوشت بدات
تو وەکوو (فلامەرز) و من (بیژەن)م
لەهەر جەنگێکا من پشت و پەناتم

وەکوو دەیگێڕنەوە، هەمەوەند لەشکر ئەکەن کە تالآنی عەشیرەتی زەنگنە بکەن. لەبازیان بەشەو خۆیان ئامادە ئەکەن و بەرەو هەرێمی زەنگنە دێن. لەم شەڕەدا گەلێک لە پیاوە کەڵەمێردەکانی هەردوو عەشیرەت بەشداری و ئازایی دەنوێنن.

هەمەوەند چاوەڕوانی دەرچوونی ئاژەڵی زەنگنە ئەکەن و لەگەڵ دەرچوونیان بۆ لەوەڕاندن چەند مێگەلە مەڕ و بزن و تاڵان ئەکەن. سوار و پیادەی زەنگنە ئەکەونە شوێنیان. غەفووری جاسم ئاغا بۆیان دادەنیشێ و بەگوللەیەک فەتاح ئاغای هەمەوەند ئەپێکێ و ئیتر لەشکری هەمەوەند تاڵانی خۆیان ئەبەن و چەند کەسێکیان لێ دەکوژرێت. ئەورەحمان شەشە، کە یەکێک لە کەڵەمێردانی زەنگنە بوو ئەسپی نابێت و بە پا دێتە کۆڕی شەڕەوە. ئەمینی حاجی هەمەوەند خۆی ئەکوتێتە ناو ئەشکەوتێک و ئەورەحمان شەشە، بە خەنجەرێکەوە بۆی ئەچێتە ژوورێ و هەرچەنێک ئەمینی حاجی چەند دەمانچەیەکی پێوە دەنێت بەڵام نایپێکێت و لەوێ ئەمینی حاجی دەکوژێت و بەمە شەڕ کۆتایی دێت.

***

شێخ ڕەزا و ئێڵی جاف

ئێڵی جاف: ئێڵی جاف ئێلێکی زۆر گەورەیە، هەرچەنێک ئێستا زۆریان لەناو سنوری عێراق و ئێراندا نیشتەجێ و بەکشتوکاڵەوە خەریکن، بەڵام هەر نیو صەدە لەمەوپێش زۆربەیان کۆچەر و لەنێوان قزرەبات (سعدیة) و تا دەگاتە سنە و سابلاغ گەرمیان و کوێستانیان کردووە و ئاژەڵێکی زۆریان بۆ لەوەڕی نوێ لەم نێوانەدا لەوەڕاندووە.

لە یەکەم جاردا کە لە پەیمانی نێو دەوڵەتیدا ناوی ئەم ئێڵە هاتبێ لە پەیمانی شاە صەفییوددینی صەفەوی کە لەگەڵ سوڵتان موڕادی چوارەمی عوسمانی، لە ١١ی موحەڕەم ١٠٤٩ی کۆچیدا بەستراوە. باسی ئێڵی جاف دەکات. جاف لە ڕێگای کۆچەریدا تووشی گێچەڵێکی زۆر دەبوون و گێچەڵێکی زۆریشیان بە ئێلانی گەرمیان و کوێستانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور دەکرد. ئەو وتەیە بەناوبانگە کە دەڵێن: «من مێی خۆم لێرە ئەلەوەڕێنم تۆ دەغڵی خۆت بگوێزەرەوە» لەبەرئەوە حکومەتانی ئێران و عوسمانی لەم گەرمیان و کوێستانەی جافدا تووشی سەرئێشەیەکی زۆر دەبوون.

وا دەردەکەوێت وشەی «جاف» لەناوی ئێڵی (جاوان = جافان)ەوە هاتبێت هەرچەنێک لەشەڕی نێوان ئێران و عوسمانیدا کە بەدابەش کردنی کوردستان کۆتایی هات، ئێڵی جاف لایەنگیری عوسمانی گرتووە، بەڵام لەکاتی میری کەیخەسرە و بەگەوە بەتایبەتی لەدەوری حەمە پاشاوە ئەم لایەنگیرییە، بۆ مسۆگەر کردنی هاتوچۆی نێوان هەردوو حکومەت، کز بووە، ئەمەیش بووەتە هۆی کوشتنی حەمە پاشا لەلایەن تیرەی